# دەروونزانی کۆمەڵایەتی

**فوئاد سدیق**

نەورۆزی 2015 هەولێر

**بەشی یەکەم:**

1- چەمکی دەروونزانی
2- چەمکی کۆمەڵناسی
3- چەمکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی
4- ئامانجەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی
5- گرنگی دەروونزانی کۆمەڵایەتی
6- بوارەکانی لێکۆڵینەوەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی
7- سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەروونزانی کۆمەڵایەتی

**بەشی دووەم:**

1- قۆناخەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی
2- دەروونزانی کۆمەڵایەتی و ئەو زانستانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە
3- پەیوەندی دەروونزانی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵناسیی
4- پەیوەندی دەروونزانی کۆمەڵایەتی بەمرۆڤناسیی
5- تیۆری دەروونزانی بۆ رەفتاری کۆمەڵایەتی

**بەشی سێیەم:**

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (التنشئة الاجتماعية)

1- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (التنشئة الاجتماعية)
2- پێناسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی
3- ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی
4- شێوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

5- رۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتەی بونیادنانی دەروونی
6- دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

**بەشی چوارەم:**

ئاراستە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان (الاتجاهات النفسیة الاجتماعیة)

1- پێناسەی ئاراستەکان
2- تایبەتمەندیی ئاراستەکان(خصائص الاتجاهات)
3- کاری ئاراستەکان (وظائف الاتجاهات)
4- پێکهاتەی ئاراستەکان (مکونات الاتجاهات)
5- جۆری ئاراستەکان
6- راستکردنەوەی ئاراستەکان (تعدیل الاتجاهات)
7- ئاراستەکان و بۆماوەیی (الاتجاهات والوراثة)

**بەشی پێنجەم:** کارلێکی کۆمەڵایەتی

1- پێناسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی
2- خەسڵەتەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی
3- گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی
4- پێداویستییەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی
5- ئامانجەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی
6- ئەو بنەمایانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەسەر وەستاوە
7- ئاستەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی
8- هۆکارە کاریگەرەکان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی
9- قۆناخەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

10-  شێوازو میکانیزمەکانی پێوانەکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی

**بەشی شەشەم:** سەرکردایەتی

1- چەمکی سەرکردایەتی

2- سەرکردەو سەرۆکایەتی

3- رەفتاری سەرکردایەتی

4- تیۆرەکانی سەرکردایەتی

5- جۆرەکانی سەرکردایەتی

6- راهێنان لەسەر سەرکردایەتی

**بەشی حەفتەم:** رۆڵی کۆمەڵایەتی

1-  چەمکی رۆڵی کۆمەڵایەتی

2-  چەمکە بنەڕەتییەکانی تیۆری رۆڵ

3-  سیستەمی رۆڵ لای پارسۆنز

4-  سروشتی  رۆڵ و نواندن (اداء)ی رۆڵ و ئەو هۆکارانەی کاریگەریان بەسەرەوە هەیە

5-  گرنگی وەدیهێنانی رۆڵ

6-  ململانێی رۆڵەکان

7-  جیاوازییەکانی رۆڵ

8-  پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی رۆڵەوە

9-  رۆڵ کە یارمەتیدەرە لەسەر بونیادنانی گرووپ و پاراستنی

10-  رۆڵی تاکڕەویی گرووپ

**بەشی هەشتەم:** رای گشتی

1- چەمکی رای گشتی
2- تایبەتمەندی رای گشتی
3- جۆرەکانی رای گشتی
4- پێکهاتەی رای گشتی
5- وەزیفەی رای گشتی
6- کاریگەری رای گشتی لە رەفتاری تاک و کۆمەڵ

**بەشی نۆیەم:**

بەهاکان

1- چەمکی بەهاکان
2- گرنگی بەهاکان
3- تایبەتمەندییەکانی چەمکی بەهاکان
4- پەیوەندی نێوان ئاراستەکان و بەهاکان
5- جیاوازییەکانی نێوان ئاراستەکان و بەهاکان
6- پۆلینکردنی بەهاکان
7- تیۆرەکانی وەرگرتنی بەهاکان

**بەشی دە:** گۆڕینی رۆشنبیریی

1- چەمکی رۆشنبیریی
2- رەگەزەکانی رۆشنبیریی
3- تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیریی
4- وەزیفەکانی رۆشنبیریی

5- گۆڕینی رۆشنبیریی
6- جێگرەوەکانی رۆشنبیریی

**بەشی یازدە:**

چەمکی خود
رێزگرتن لە خود
ئەو تیۆریانەی باسیان لە رێزگرتنی خود کردووە
جۆرەکانی چەمکی خود
سروشتی کۆمەڵایەتیانەی خود
کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی چەمکی خود

**بەشی دوازدە: کۆمەڵ**

1- پێشەکی
2- چەمکی کۆمەڵ
3- جۆرەکانی کۆمەڵ
4- هۆکارەکانی پەیوەستبوون بە کۆمەڵ
5- ئامانجەکانی کۆمەڵ
6- پێوەرەکانی پابەندبوون بە کۆمەڵ
7- تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵ
8- شێوەکانی کۆمەڵ
9- جۆرەکانی دینامێتی کۆمەڵ

## بەشی یەکەم

1- چەمکی دەروونزانی
2- چەمکی کۆمەڵناسی
3- چەمکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی
4- ئامانجەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی
5- گرنگی دەروونزانی کۆمەڵایەتی
6- بوارەکانی لێکۆڵینەوەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی
7- سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەروونزانی کۆمەڵایەتی

دەروونزانی کۆمەڵایەتی

بێگومان دەروونزانی کۆمەڵایەتی لقێکە لە لقەکانی دەروونزانی کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە سلوک و رەفتاری تاک دەکات کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگاکەیدا دەژی.

دەروونزانی کۆمەڵایەتی وەک هەر زانستێکی دیکە لە نێو منداڵدانی فەلسەوە خولقاو سەریهەڵدا. واتا لەگەڵ پەرەسەندندن و گەشەسەندنی فەلسەفە لە یۆنان بە تایبەت لای ئەفلاتون، دەروونزانی کۆمەڵایەتی خۆی نیشان دا. واتا ئەفلاتون بە دامەزرێنەری زۆرترین پرسەکانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییە،چونکە وا دەڕوانێتە مرۆڤ کە بەرهەمی نموونەیەکی کۆمەڵایەتییە. وایدەبینێ توانای ئەوە هەیە کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتی بگونجێت لە هەر ئاراستەیەکدا کە بە رێگای بەکارهێنانێکی گونجاو بێت بۆ دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان.

## 1- چەمکی دەروونزانی

دەروونزانی زانستێکە کە لە ژیانی دەروونی تاکەکان دەکۆڵێتەوە، کە بیروبۆچوون و هەست و ئارەزوو و بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکان و سۆزو هەڵچوونەکان لە خۆ دەگرێت.

دەروونزانی زانستێکە لێکۆڵینەوە لەهەموو جۆرەکانی رەفتاری مرۆڤەکاندا دەکات ،لە هەموو قۆناخە جیا جیاکانی ژیانی مرۆڤ ، ئەو رەفتارەی چ لە قسەکانی ،چ لە کردەوەکانی، چ لە جوولەی دیارەکانی دەردەکەوێت.

دەروونزانی زانستێکە لێکۆڵینەوە لەو چالاکیانەی مرۆڤ دەکات کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەی خۆیدا تێکەڵ دەبێت.

دەروونزانی بوارێکە لە بوارەکانی دەروونزانی ئەزموونی کە هەوڵدەداکاریگەری پاشماوە (وراثة) لەسەر رەفتار دیاربکات.

دەروونزانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی تاکەکانە بەو پێیەی کە ئەندامن لە کۆمەڵەکان، لەگەڵ جەختکردنەوەیان لەسەر لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکەیان و چڕکردنەوە لەسەر ئاوێتەی کۆمەڵایەتی (التفاعل الاجتماعی)، یان ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان (دوو کەس یان دوو کۆمەڵەی بچووک یان تاک و کۆمەڵەی بچووک یان گەورە) دا هەیە.

لە دەروونزانیدا بابەتی سەرەکی ئەو زانستە رەفتارە. رەفتاریش واتا هەموو جۆرە چالاکییەک کە لە لایەن مرۆڤەوە بکرێ.

## 2- چەمکی کۆمەڵناسی

زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی هەوڵیانداوە پێناسەی کۆمەڵناسی بکەن هەر یەکەش بە رێگاو شێوازی تایبەتی خۆی ئەو پێناسەیەی کردووە کە

هی هەر یەکێکیان لەگەڵ ئەویتر جیاوازە. بەڵام بۆئەوەی بتوانین پێناسەیەکی وردو فراوانی کۆمەڵناسی بکەین، ئەوا بیروبۆچوونی چەندین زانای کۆمەڵناسی بە نموونە دەهێنینەوە،کە هەر زانایەو لایەنێکی کۆمەڵناسی پێناسەکردووە،کە رۆڵی گرنگیشیان لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو زانستەدا بینیوە. لێرەدا هەوڵدەدەین چەندین پێناسەی جیا لە یەکتر بهێنینەوە.

- پرۆفیسۆر کینز بیرکGinsberg دەڵێت: کۆمەڵناسی زانستێکە لە سروشتی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و هۆکارو ئەنجامەکانیشی دەکۆڵێتەوە. واتا لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئاستە جیاوازەکانە وەک پەیوەندی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و کۆمەڵگا ناوخۆیی (بچووک)و گەورەکان.
- ماکس ڤیبەرMax Weber لەکتێبی تیئۆری رێکخستنی کۆمەڵیەتی و ئابووری وا پێناسەی کردووە: زانستێکە کە لێکۆڵینەوەو لێکداەوەی رەفتاری کۆمەلایەتی دەکات. رەفتاریش وەک ڤیبەر باسیکردووە دەڵێت:

أ- دوو کەس کە لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەبن (یتفاعلان)، ئیتر هەر جوولەیەک لای هەر یەکێکیان دەبێتە رەفتار.

ب- یەکێک کە رۆڵێکی کۆمەلایەتی ئەبینێت،جا چ رۆڵێکی کۆمەلایەتی یەکسان یان جیاواز ببینێ ، پێهەڵسان بە کارەکە بە پێهەڵسانی رەفتار دەبێت.

ت- بوونی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لەگەڵ رەفتاری کۆمەلایەتی یەکدەگرێتەوە.

بەلام رەفتاری تاک لە بارو دۆخ و کاتێکی دیاریکراودا جیاوازە لە بارودۆخێکی دیکەی کاتێکی دیاریکراوی دیدا، ئەمەش بە هۆی سروشت و گرنگی ئەو رۆڵە کۆمەلایەتییە دەبێت کە لەگەڵ رۆڵی ئەرکەکەی تێکەڵ

دەبێت. ڤیبەر  هەر لەو کتێبەیدا دەڵێت: کۆمەڵناسی زانستێکە هەوڵدەدات بگاتە چەمکی لێکدانەوەی کاری (فعل)ی کۆمەڵایەتی Social action لە پێناو گەیشتن بە لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی.

أ- پرۆفیسۆر جۆرج زێمل George Simmel پێیوایە کۆمەڵناسی زانستێکە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تۆڕی پەیوەندییەکان و تێکەڵاوبوونە کۆمەڵایەتییەکان دەدات کە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و دامودەزگا جیاوازەکان بە هەموو جۆرو مەبەستەکانیانەوە هەیە.

ب- ڤیلفریدو پاریتۆ Vilfredo pareto دەڵێت: زانستێکە لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و تێکەڵاوبوونی هەندێک لەگەڵ هەندێکیان و کاریگەری هەندێک بەسەر هەندێکیانەوە دەکات.

بەگشتی لە کۆی ئەو چەمک و پێناسانەی زانایانی کۆمەڵناسی لێکۆڵینەوەیان بۆیکردووە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین:

کۆمەڵناسی زانستی کۆمەڵگایە، واتا ئەو زانستە بەرفراوانەیە کە لێکۆڵینەوەی بابەتیانەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کە لە ناو کۆمەڵگاوە دروستدەبن و شیکردنەوەیەکی زانستیانەی بۆ دەکات.

### 3- چەمکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی

دەروونزانی کۆمەڵایەتی: لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی تاکەکانە بەو پێیەی ئەندامی کۆمەڵەکانن لەگەڵ جەختکردنەوەیان لەسەر لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکان و تەرکیزکردنی لەسەر ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی یاخود ئەو پەیوەندییەی نێوان هەردوولا (تاک و کۆمەڵەی بچووک یان نێوان تاک و کۆمەڵەی بچووک بێ یان گەورە بێت.

کرتش وکرتشفیلد (Krech & Cruchfield) دەڵێت: دەروونزانی کۆمەڵایەتی ئەو زانستەیە کەلەرەفتاری تاک لەکۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە.هەروەها هولندر (Hollander)دەڵێت : ئەو زانستەیە کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی رەفتاری مرۆڤ دەدات، بە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە.

دەروونزانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی ئەزموون و شارەزایی تاک و رەفتارەکەیەتی لە پەیوەندییەکانی بە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی لە هەردوو بواری قسەکردن و کردارەکانی لەگەڵ یەکدا. وێڕای ئەوەی زۆربەی زانایانی دەروونزانی تەنیا یەکێک لە بوارەکان بەکاردەهێنن بێ ئەوەکەی تر، زۆربەشیان لەسەر بەکارهێنانی قسەی رەفتار جەختدەکەنەوە.تاکەکانە لە پەیوەندی ژینگەی ئاڵوگۆڕکراویان

بە گشتی دەروونزانی کۆمەڵایەتی : ئەو زانستەیە کە لە رەفتاری تاکی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە،کە دیاردەکانی ئەو رەفتارەی بەهۆی پەیوەندییەکانێتی بە هی دیکەوە. هەروەها رادەی ئەو کاریگەرییانەی کە بەهۆی پەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ ئەوانی دیکە رودەدات و لەگەڵیدا لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵایەتی کە تیایدا دەژیت تێکەڵ دەبێت.

### 4- ئامانجەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی

ئامانجی زانستی و سەرەکی دەرونزانی کۆمەڵایەتی، لێکدانەوەیە نەک وەسف کردن، وەسفکردنی زانستیانەی دیاردەکە بە وردی، ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستی و سەرەکییەکە کە ئەویش لێکدانەوەی دیاردەکە یان تێگەیشتن لە چۆنیەتی رووداوەکەو جۆری ئەو پرسیارانەی کە لەبارەی سەرهەڵدانی رووداوەکە یان دیاردەکەوە

دەکرێ.واتا پرسیارەکان دەبێت بەدوای ئەو هۆکارانەدا بچێ کە کاریگەری کردۆتە سەر رەفتاری تاکەکان و مێشک و هەستی تاکەکانی لە هەڵوێستەکاندا تێکەڵ بە کەسانی دیکە کردووە.(چۆن و لەبەرچی تاک بە شێوەیەکی دیاریکراو لە هەڵوێستێکی دیاریکراو رەفتار بە جۆرێکی دیاریکراو دەکات).

زانایانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی بەدوای کاریگەری هۆکارەکانی ئەو وەڵامی پرسیارانەدا دەچن کە زیاتر(فیکریی، رۆمانسی، رەفتارئامێزن- سلوکی- )کە لە هەڵوێستی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتیدا جا هۆکارەکە فیکریی یان رۆشنبیریی یان بایۆلۆژی یان ژینگەی سروشتی بێت، هەموو ئەمانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئامانجی زانستی و سەرەکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی لێکدانەوەی رەفتاری تاکەکانی کۆمەڵایەتییە بە رێگایەک کە هەموو لایەنەکان دەگرێتە خۆی.

ئامانجی دەروونزانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی دیاردەکانە بە بەکارهێنانی میتۆدێکی ورد بۆ باسکردن و وەسفکردنی ئەو دیاردەیەو لێکدانەوەو پێشبینیکردنیشی.

ئامانجی دەروونزانی کۆمەڵایەتی پێشبینیکردنی ئەو رەفتارە کۆمەڵایەتیانەی کە روودەدەن بە پشتبەستن بە زانینی ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە.

ئامانجی دەروونزانی کۆمەڵایەتی تێگەیشتن و لێکدانەوەی رەفتاری کۆمەڵایەتی و زانینی ئەو رووداوانەیە کە دەبنە هۆکارو کاریگەرییان بەسەر رەفتارەکەوە جێدێڵن.

دەروونزانی کۆمەڵایەتی دیاردەکان بە گوێرەی خۆی لێیدەکۆڵێتەوە، وەک دەبینین ئەو زانستە دیاردەکانی ریزبەند کردووە بۆ دیاردەی سرووشتی،

دیاردەی مرۆیی- کۆمەڵایەتی. یەکەمیان کە دیاردەی سرووشتییە بە گوێرەی دیاردە سرووشتییەکە دابەش بووە بۆنموونە: بۆ کەش و هەوا، بەرزی و نزمی،کە ئەوانە لە چوارچێوەی جوگرافیا ناسیەوەن، یان بورکان و بوومەلەرزە ئەمانەش لە زانستی جیۆلۆجیایە،جوولە و تیشک لە زانستی فیزیایە، پێکهاتەکانی مادە زانستی کیمیایە،هەموو ئەمانەش لە نێو زانستی سرووشتین.بەڵام لێکۆڵینەوەی مێژووی مرۆڤ دەچێتە نێو مێژووناسی و ئایینەکانی مرۆڤ دەچێتە بواری ئایین ناسییەوە، زمانی خەڵک دەچێتە نێو زانستی زمان و ..هتد.

دەبینین دیاردە سروشتییەکان وردترو جێگیرترن لە دیاردە مرۆییەکان، بۆنموونە هەموو سپێدەیەک رۆژ هەڵدێت و هەموو ئێوارەیەکیش رۆژ ئاوا دەبێت، هەموو هاوینێک کەشوهەوا گەرم دەبێت و لە زستانیشا سارد دەبێت، بەڵام دیاردە مرۆییەکان وا نین.

**5- گرنگی دەروونزانی کۆمەڵایەتی**

دەروونزانی کۆمەڵایەتی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی لە ژیانی جیاوازی هەموو تاکێکدا هەیە، چونکە تاکەکان و کۆمەڵەکان لە پرۆسەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن. ئەو ئاوێتەبوونە زۆربەی بەشەکانی ژیان دەگرێتەوە کە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی دەروونزانی وردتر باسی دەکەین.

دەروونزانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی وێنەیەکی جیاوازی ئاوێتەی کۆمەڵایەتی دەکات، واتا کاریگەری ئاڵوگۆڕی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و هەروەها نێوان بچووک و گەورە دەکات، چ لەناو خێزان، چ لە قوتابخانە. یان نێوان کرێکارو خاوەن کار یان نێوان پادشاو گەدا. هەروەک

چۆن دەروونزانی کۆمەڵایەتی گرنگی بە وێنەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی دەدات لە بواری خۆشەویستی و رق هەڵگرتن لە یەکدی، لە بواری ترس و دەمارگرژی و هاوکاری و هاندانی پێشبڕکێ، هەروەها دەروونزانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی ئەو ئاوێتەبوونە دەکات کە لە بیرو بۆچوون و بیروباوەڕو ئاراستەکان و بەهاکانی کۆمەڵایەتی پێکدێن.

بەکورتی گرنگی دەروونزانی کۆمەڵایەتی دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە ی چڕ بکەینەوە:

1- گرنگی دەروونزانی کۆمەڵایەتی پێشبینیکردنە بە قەیران و ئەو رووداوانەی کە سبەی روودەدەن، کە تاکەکان و کۆمەڵەکان و هەروەها وڵاتانیش لە ئاگادارکردنەوەو (انذار) چاوەڕوانی هەر رووداوێکن کە ئامانجی کێشانی وێنەی ژیانێکی ئایندەیە لە ماوەیەکی نزیک یان دووردا، کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئایندەیە.

2- دەروونزانی کۆمەڵایەتی توانای بەشداریکردنی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشە ئابووری – سیاسی و کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ئاسوودەیی لە نێوان وڵاتان و توانای ئەوەی هەیە هاوکارو یارمەتیدەرێکی بنچینەیی بێت لە بونیادنانی ژیانێکی کۆمەڵایەتی تەندروست، چونکە قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان بێ متمانەیی لەنێوان وڵاتان دروستدەکات، دەروونزانی کۆمەڵایەتی دەتوانێ لە بوون و هۆکارەکانی ئەو بێ متمانەییە بکۆڵێتەوەو بتوانێ هۆکارەکانی بەهێزی و لاوازی ئەو بێ متمانەییە دەستنیشان بکات و ئاراستەی بکات بە مەبەستی چاکبوونی.

3- دەروونزانی کۆمەڵایەتی دەتوانێ لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری دوژمنانەوە، چارەسەری گرفتی دوژمنکارانە و بەرپاکردنی شەڕ بدۆزێتەوە، کە مرۆڤەکان پەیڕەوی لێدەکەن و بوونەتە هۆکار بۆ سەرهەڵدان یان شاردنەوەی، دەروونزانی کۆمەڵایەتی دەتوانێ ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکات بە ئامانجی بازدان و کارکردن لەسەر پاراستنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە جیهاندا کە پڕە لە ململانێ و پێشبڕکێ و هەموو جۆرە ئامرازێکی وێرانکردن و تەفروتوناکردن لەبەردەستن ، تەنانەت بە هەڕەشەکردن لەسەر مانەوەی مرۆڤ.

**6- بوارەکانی لێکۆڵینەوەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی**

دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە چەندین بواری جیا جیای ژیانی ڕۆژانەی هەر تاکێکدا، ڕۆڵی گرنگی خۆی دەبینێ،بەتایبەت بۆ شارەزابوون و ناسینی ڕەفتاری خۆی و ڕەفتاری ئەواەی کە ڕۆژانە لەگەڵیدا ڕەفتاردەکەن و بۆ تێگەیشتن لەو تێکەڵبوونە کۆمەڵایەتییەی کە لە نێوانیاندا ڕوودەدات، بە پشتبەستن بە پاشخانی کولتووری و ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی و...هتد کە شێوازی ڕەفتارەکە دیاریدەکەن، کە لەگەڵ کێ ئاوێتە بێت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز بکات، هەروەها لەگەڵ کێ پەیوەندی لاواز بێت و دووربکەوێتەوە لێی.

ئەو بوارانەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگی خۆی تێدا دەبینێ، بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەی خوارەوەن.

**1- بواری پەروەردەو فێرکردن:**

ئەم بوارە پرۆسەیەکی زۆر گرنگە لە ژیانی رۆژانەی هەر تاکێکدا کە گەشەی کەسایەتی دەکات لە تەواوی بوارەکانی کەسایەتی،دەروونزانی کۆمەڵایەتیش هاوکاری و یارمەتیدەری دەبێت بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی تاک و زانینی لە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ و سروشتی پرۆسەکەو رۆڵی قوتابخانەکە تیایدا. بۆ نموونە کە لە نێوان ئەندامانی قوتابخانەیەک دروستدەبێت، وەکوو (بەڕێوەبەر، فەرمانبەر، قوتابی، دەستەی خوێندن-تدریس).

دەتوانین رۆڵی **دەروونزانی کۆمەڵایەتی** لە بواری پەروەردەو فێرکردندا لەم چەند خاڵەی خوارەوە چڕ بکەینەوە:

أ- پێکهێنان و دروستکردنی ئاراستە باشەکان لای مامۆستا.
ب- پێگەیاندنی مامۆستا کۆمەڵایەتیانە بێت.
ت- گرنگی بەهاو نەریت و ئاراستەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا.
ث- تێکەڵاوبوونی قسەو کردەوە(اللفظي وغير اللفظي) لە قوتابخانە.
ج- رێنمایی پەروەردەیی
ح- رۆڵی کۆمەڵانی خەڵک لە لێکدانەوەی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان.
خ- پەیوەندی قوتابخانە بە کۆمەڵگای خۆجێیی.
د- وا دابنرێ کە مامۆستا هۆکارێکە لە گۆڕینی کۆمەڵایەتی.

**2- تەندروستی دەروونی و چارەسەری دەروونی:**

لە کاتی هەر لێکۆڵیەوەیەکی نەخۆشی دەروونی ، پێویستە لە هۆکارەکانی تووشبوونی ئەو نەخۆشییە دەروونییە بکۆڵدرێتەوەو دەستنیشانیش بکرێ، لەپێناو چارەسەرکردنیان. هۆکاری روودانی نەخۆشیە دەروونیەکانیش کۆمەڵایەتین، بۆیە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانە لیکۆڵینەوەیەکی ورد لە لایەنی کۆمەڵایەتی نەخۆشەکە بکرێ، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی کۆمەڵایەتی بەخۆوە بگرێ.هۆکارە کۆمەڵیەتییەکانی نەخۆشی دەروونیش بە گشتی ئەمانەن:

أ- ژینگەی کۆمەڵایەتی کە گوشاری هەژاری و خراپی بەسەرەوەیە.

ب- بە مەدەنیبوون و بە شارستانی بوون و پێشکەوتنی خێرا.واتا ململانێی نێوان بەها نوێکان و کۆنەکان.

ت- رودانی شەڕ و ئاژاوە.

ث- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە هەڵە (التنشئة الاجتماعية الخا×ئة)

ج- کارکردن لە بارودۆخێکی نەگونجاو، وەکوو بێکاری، یاخود کارێکی وەها کە لەگەڵ پیشەکەی خۆی نەگونجێ، یان لە رووی جەستەییەوە توانای ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارکردنەی نەبێت.

ح- تێکچوون و هەڵوەشانەوەی پەیوەندی خێزانی .

خ- گرفتی کەمایەتی و روودانی ئاژاوەنانەوە لەم بوارەدا.

د- رەفتاری نائاوازە (السلوك الشاذ)لە ناو کۆمەڵداو نەگونجان و ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی.

ذ- هەژاری

ر- بارودۆخی خراپ بۆ کارکردن.

ز- دابەزینی ئاستی بەهاو ئاکاری کۆمەڵایەتی.

س- خۆنەگونجاندنی تاک لەگەڵ کۆمەڵگا.

3- **خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی:**

گرنگترین ئامانجی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی وەدیهێنانی ژیانێکی باشترو خۆشترە بۆ تاک و بۆ کۆمەڵ، هەروەها کاردەکات بۆ چاودێریکردن کە کاریگەرییەکی ئاڵوگۆڕو ئاوێتەیی (المتبادل و التفاعل) لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و هەموو کۆمەڵگا هەبێت و گرنگیش بە چاودێری کۆمەڵایەتی و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگا بدات.وەکوو

أ- گەشەی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

ب- سایکۆلۆژیای سەرکردە.

ت- گۆڕینی کۆمەڵایەتی.

ث- لێکۆڵینەوەی دۆخەکە (الحالة)و نەخۆشییە کۆمەڵیەتییەکان.

ج- نەخۆشیە کۆمەڵایەتییەکان.

ح- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

خ- گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.

د- تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و جۆرەکانی و چۆنیەتی بونیاد نانەوەی.

4- **ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان:**

یەکێک لەو بوارانەی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پرۆسەی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاک و کۆمەڵ، ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکانە، کە هەڵدەستێت بە هوشیارکردنەوەی جەماوەر. بێگومان ئەو بابەت و بەرهەمەی کە ڕاگەیاندن دەیگەیەنێتە جەماوەر پێویستی بەم بابەتانەی خوارەوە هەیە:

أ- ئامرازەکانی راگەیاندن و گەیاندنی کۆمەڵایەتی.
ب- پڕوپاگەندەو کارا کردنی.
ت- لێکۆڵینەوەی جەماوەرو و کۆمەڵ و رای گشتی.
ث- رێگای ئاگالێبوون و پەیپێبردن و پێوانەیی (الاستطلاع ومسح) لێکۆڵینەوەی رای گشتی.
ج- پەیوەندییە گشتییەکان و رۆڵی لە گەیاندن و بەردەوامی (الاتصال) کۆمەڵایەتی.
ح- سەرکردایەتی و رێگای لێکدانەوەی.

5- **بەرهەمهێنان:**

دەروونزانی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بوارەکانی پیشەسازی و کارکردنی جۆراوجۆر، بۆنموونە تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوە لە گرنگی پەیوەندییە مرۆییەکان لە نێوان کرێکاران و بایەخی ئاوێتەبوون و تێکەڵاوبوونیان و پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ یەکتریدا لە لایەک و ، بایەخ تێکەڵاوبوونی نێوان سەرپەرشتیارەکانیش لە بەرهەمهێناندا لە لایەکی دیکەوە .بۆیە دەروونزانی کۆمەڵیەتی بەشدارییەکی کارای لە بواری پیشەسازی و کارکردندا هەیە،وەکوو:

أ- هەڵبژاردن و راهێنانی لە پیشەسازی.
ب- گرفتەکانی بەجێهێشتنی کارەکەو نائامادەبوونی کرێکارەکان.
ت- رۆڵی کۆمەڵایەتی بۆ سەرپەرشتیارەکان و کارگێڕو کرێکارەکان.
ث- بەرزکردنەوەی گیانی مانەوی لە کارکردنداو ئەو هۆکارانەش کە کاریگەرییان هەیە.

6- **هێزە چەکدارەکان:**

هێزە چەکدارەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ناو کۆمەڵگا دەبینن، بۆیە دەروونزانی کۆمەلایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بواری سەربازی، بۆنموونە:

أ- لێکۆڵیەوەی بنچینەی ڕەفتارو تێکەڵاوبوونی کۆمەلایەتی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و یەکە سەربازییەکان لە کاتی شەڕو ئاشتیدا بکرێ.

ب- لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری کۆمەلایەتی تاکەکان بکرێ، لە نێو کۆمەڵە بچووکەکان و یەکە گەورەکاندا.

ت- لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو کاروکردەوانە بکرێ، کە دەبنە هۆی دەستخستنی (اکتساب) تاک بۆ پابەندبوونی تاک بە ژیانی سەربازی.

ث- لێکۆڵینەوە لە تێکەڵاوبوونی کۆمەلایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و سەرکردایەتی و نێوان کۆمەڵەیەکی تردا بکرێ.

ج- لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی بکرێ.

ح- لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی دەروونی کۆمەڵیەتی بکرێ کە دەبنە هۆی گۆڕینی ڕەفتار لە شەڕی دەروونی، بۆ نموونە وەکوو:پڕوپاگەندە، ڕاگەیاندن، گۆڕینی ئاراستەکان و دەمارگرژی و لێکۆڵینەوەی ڕای گشتی.

خ- بەرزکردنەوەی ئاستی گیانی مانەوی و نیشاندانی لایەنگیری چەکدارەکان بۆ پرسەکە بۆ بونیادنانی کەسایەتی جەنگاوەرەکە.

### 7- کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی

دەروونزانی کۆمەڵایەتی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تاک و کەمەڵ دەدات ئەمەش بونیادی کۆمەڵگایەکی باشترت بۆ دروستدەکات لەسەر بنەمای رەفتاری باش بۆ تاک و کۆمەڵ کە خۆی لەم دوو خاڵەدا دەبینێتەوە:

أ- دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکی تەندروست لە تێوان تاک و کۆمەڵەکان.

ب- گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی ئازادی ، دیموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی ،جەماوەر، سەرکردایەتی، نەریتەکۆمەڵایەتییەکان، بەهاکان، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمهێنانی پێویست، هێزی پاڵنەر، ئاراستە دەروونیەکان، گرژی و توڕەبوون...هتد.

### 8- سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەروونزانی کۆمەڵایەتی

دەتوانین چوار(4) خاڵی گرنگ دەستنیشان بکەین لە پێشکەوتنی مێژوویی لێکۆڵینەوەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی کە (سارجنت ولیامسون) دیاریکردووە،کەئەمانەن:فەیلەسوفە کۆمەڵایەتییەکان، ئەنترۆپۆلۆژیستەکان، زانایانی پێشکەوتن(التطور)،زانایانی کۆمەڵناسی.

لە سەرەتای دەستپێکی ژیانی رۆژانەی مرۆڤایەتی، سەرنج و تێبینی لە مێشکی مرۆڤەکاندا هەبووە، بەوەی کە لە هەندێ شتا هەڵچوون و لە هەندێ شتیشا سۆزو میهرەبانیان نواندووە.یان جۆرێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتیان دروستکردووە بۆ بەردەوامی پێدان بە ژیان.بۆیە هەر لە فیکری بابلییەکان و فینیقی و ئاشوری و چینی و هیندی و فیرعەونیەکانەوە، بەردەوام بیرکردنەوە لە دوای بیرکردنەوەی باشتر لە مێشکی مرۆڤەکان دروستبووە، تا مرۆڤایەتی گەیشتووەتە سەردەمی

زێڕینی یۆنانییەکان، بە تایبەت لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین کە سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ هاتن گرنگیەکی تایبەتیان بە لێکۆڵینەوەی دەروون و کۆمەڵایەتی دا.سوکرات بەو دەستەواژەیە بەناوبانگە کە وتوویەتی (خۆت بناسە).ئەمە خاڵێکی وەرچەرخان بووە لە پێشکەوتنی دەروونی.ئینجا ئەفلاتون هات کە وایدەبینی بوونی جیهان لەسەر بنەمای دوو شتە:یەکەم جیهانی لەیەکچوو (المثل)کە بریتیە لە ماناو هزر کە لە دەروون (النفس) پێکدێن.دووەم: جیهانی هەست (الحس)کە بریتییە لە جیهانی مادە وەک پێکدێ لە جەستە. بەڵام ئەرستۆ لێکدانەوەی رەفتاری مرۆڤی بە بۆماوەیی (الوراثة)و کۆمەڵ کە ملکەچی رەفتارەکانی تاکە،خستە روو. ئینجا پێشکەوتنی دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە لایەن چەندین هزرڤانی گەورەی عەرەب لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، لەوانە فارابی(840 – 918)ز ، ئیمامی غەزالی ابوحامد محمد(1059–1112)ز،ئیبن خەلدون.ئینجا قۆناخی رێنیسانسی ئەوروپی کە جۆن لۆک(1732 – 1702)ز، هەروەها جان جاک رۆسۆ(1712–1778)ز،دوای ئەمانە دووزانای بەناوبانگ کە بە دامەزرێنەری دەروونزانی کۆمەڵایەتی دادەنرێن:ئەویش لازاروس(1824–1902Lazarus)ز لەگەڵ هێرمان ستینثال(1823– 1889Steinthol)ز ،لە ساڵی 1860ز گۆڤارێکیشیان بۆ دەروونزانی کۆمەڵایەتی دەرکردو گرنگیشیان بە ئاماژەو دەستنیشانکردنی کۆمەڵایەتی دەدا. ئەم دوو هزرڤانە تیشکیان خستە سەر هۆکارەکانی دەروونی لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک. بوارەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتیشیان بۆسەر دوو بەش دابەشکرد، یەکەمیان لێکۆڵینەوە لە هۆکارە دەروونی – کۆمەڵایەتییەکان کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە رەفتاری کۆمەڵەکان.دووەمیشیان لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی جیاوازی نێوان گرووپ و کۆمەڵە جیاوازەکان.

دوای ئەمانە (ولیەم ماکدوگال1911 McDougal)ز کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەروونزانی کۆمەلایەتی دروستکرد، کە بابەتی سەرەکی (پێگەیاندنی دەروونی کۆمەلایەتی)بوو.بەتایبەت کاتێ پێیوابوو ئەقلی کۆمەلی گشتی زالە بەسەر رەفتاری کۆمەلەکان و جیاوازی لە پێکهاتەی تاکەکان دروستدەکات. ئینجا (جۆستاف لوبون-1931 Gustave Le Bon 1841) ز هات گرنگی بە پالنەرە دەروونیە کۆمەلایەتییەکان دا. سالی 1908ز یەکەمین کتێبیان ناوی دەروونزانی کۆمەلایەتی هەلگرتبوو کە رۆس لە ئەمریکاو ماکدوگل لە بەریتانیا بوو. دوای ئەمیش چەندین زانای دیکە گرنگیان بەو بوارە داوە.

دەتوانین بلێین نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ، بەتایبەت کە هەردوو شەڕی جیهانی لەخۆ گرتبوو، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر پێشکەوتنی دەروونزانی کۆمەلایەتی جێهێشتبوو، بەتایبەت لە بواری ئاراستە دەروونییەکان، خۆپەرستی و دەمارگرژی، بیروباوەڕو پڕوپاگەندەو راگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان و رای گشتی و سەرکردایەتی و...هتد.

## بەشی دووەم:

1- قۆناخەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی
2- دەروونزانی کۆمەڵایەتی و ئەو زانستانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە
3- پەیوەندی دەروونزانی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵناسیی
4- پەیوەندی دەروونزانی کۆمەڵایەتی بە مرۆڤناسیی(ئەنترۆپۆلۆجیا)
5- تیۆری دەروونزانی بۆ رەفتاری کۆمەڵایەتی

## 1- قۆناخەكانی دەروونزانی كۆمەڵایەتی

بارۆن و بایرن Baron and Byrne لەكتێبەكەیاندا (دەروونزانی كۆمەڵایەتی) باسی چەمكی تێكەڵاوبوونی مرۆییان كردووە، كە دەروونزانی كۆمەڵایەتی بەشێوەیەكی خێرا دوای شەڕی دووەمی جیهانی پێشكەوتنێكی خێرایان بەخۆوە بینیوەو بوارەكەی لە كۆمەڵێك ئاراستەوە فراوانتربووە.

- لەو بابەتە گرنگانەی كە لەماوەی ساڵانی پەنجاكانی سەدەی پێشوو هاتوونەتە ئاراوە: بابەتی كاریگەری و ئەندامبوونی كۆمەڵە لەسەر رەفتاری تاك، هەروەها بابەتی پەیوەندی نێوان روخساری فرە كەسایەتی لەگەڵ پەیوەندی نێوان لایەنەكانی رەفتاری كۆمەڵایەتی.

لە گرنگترین رووداوەكانی ئەم ساڵانەش بریتی بوو لە گەشەی تیئۆری جیاوازی و ناكۆكییە(التنافر والتناقض) مەعریفییەكان،كە لە ئاراستەكانمان و لە رەفتارماندا هەیە.

أ- لەو بابەتە گرنگانەی كە لە ساڵانی شەستەكانی سەدەی رابردوو سەریانهەڵداوە: یەكتر راكێشان و خۆشەویستی (الجاذبیة والحب)، دوژمنایەتی و توندوتیژی (العدوان والعنف)، هەستییاری كۆمەڵایەتی (الادراک الاجتماعی).

ب- لەو بابەتە گرنگانەی كە لەماوەی ساڵانی حەفتاكانی سەدەی رابردوو هاتنە ئاراوە: بابەتی ئەو هۆكارانە بوو كە لە پشت رەفتارەوەن ، لەگەڵ بابەتی مەعریفەی كۆمەڵایەتی كە

رێگایەکە کە دەتوانین بە هۆیەوە تێیبگەین و هەواڵی ئەوانی تری پێ باسبکەین. لەگەڵ بابەتی کاریگەری هۆکاری ژینگەیی وەک گەرماو ئاژاوە لەسەر رەفتاری کۆمەڵیەتی.

ت- لەو بابەتە گرنگانەی کە لەماوەی سالآنی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دروستبوون: دوژمنایەتی، ئاراستەکان، یەکتر راکێشان و تێکەلآوبوون ( الجاذبية والاندماج)،رۆژی ئاخیرەت و دوورکەوتنەوەی کۆمەلآیەتی، چەندکردارێکی بەکۆمەڵی: سەرکردایەتی و بڕیاروەرگرتن ، گەیاندنی بێ قسەکردن(الاتصال غير اللفظي)، کاریگەری کۆمەلآیەتی، رەفتاری یارمەتیدەر، گەشەی کەسایەتی و گەشەی کۆمەلآیەتی، رۆڵی رەگەزەکان و جیاوازی نێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ.

**1- دەروونزانی کۆمەلآیەتی و ئەو زانستانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە**

دەروونزانی کۆمەلآیەتی بە کۆمەڵێک زانستی دیکە هاوپەیوەندو گرێدراوەو سوودی لێ وەردەگرێت و پشتی پێدەبەستێ، کە ئەوانیش بریتین لە:

أ- دەروونزانی گشتی

ب- دەروونزانی پێشکەوتن

ت- زانستی سیاسی

ث- مرۆڤناسی

ج- کۆمەڵناسی

ح- ئابووریزانی

خ- دەروونزانی فیزیۆلۆژی.

**2- پەیوەندی دەروونزانی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵناسی**

جیاوازییەکی تەواو لە نێوان دەروونزانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیدا هەیەو، بۆ هەر یەک لەو دوو زانستە چەندین زاناو لێکۆڵەری بەناوبانگی لەیەک جودا هەن. کۆمەڵناسی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا دەکات و دەروونزانی کۆمەڵایەتیش لێکۆڵینەوەی تێکەڵاوبوونی نێوان تاکەکان کۆمەڵگا دەکات. کۆمەڵناسی گرنگی بەو کۆمەڵگایانە دەدات کە دیاردەکانی لێ دووبارە دەبێتەوەو لێکۆڵینەوە لە فرەیی دامەزراوەو رێکخراوەکانی ناو هەر کۆمەڵگایەک دەکات و، هەروەها لێکۆڵینەوەش لەو چین و توێژو سیستەمە کۆمەڵایەتییانە دەکات کە کاریگەری بەسەر یاسا گشتییەکانەوە هەیە. بەڵام دەروونزانی کۆمەڵایەتی تیشکی لێکۆڵینەوەی لەسەر تاکەکانە لە رێگای بەسەربردنی ژیانی ناو کۆمەڵگاکەی و کۆتاییهاتنی بە چەند دەرئەنجامێک کە شوێنەواری کاریگەری بەسەردا جێهێشتووە. دەروونزانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری رۆشنبیری و کولتووری بەمیرات بەجێماوەیی دەکات، کە بازنەیەکە لە زنجیرەی شارستانی و لە زۆر کۆنەوە.

بە واتایەکی دیکە کۆمەڵناسی لێکۆڵینەوە لە گەشەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و بنەماو پرەنسیپە کۆمەڵایەتییەکان و رەفتاری کۆمەڵ دەکات، نەک رەفتاری تاک. هەروەها لە کۆمەڵناسیدا کۆمەڵ یەکەی لێکۆڵینەوەیە، بەڵام دەرونزانی کۆمەڵایەتی گرنگی بە تاک دەدات و لە چۆنیەتی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ تاکەکانی تردا دەکۆڵێتەوە.

کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە کە لە سەرهەڵدانی سیستەم و دیاردەکانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، بۆنموونە وەکوو: زمان، ئایین، یاسا و ئاکار. بە دیوێکی دیکەدا کۆمەڵناسی لە تیئۆرو رێگاکانی تۆژینەوەی کۆمەڵگاکان و

یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی دانیشتوان و گردبوونەوەیان لە شارو گوندەکان دەکات، ئەمەیان لەکۆمەڵناسیدا پێیدەوترێ مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی. بەڵام دەروونزانی گرنگی بە سۆزو پاڵنەرەکان دەدات کە تیایدا شێوەی کەسایەتی مرۆڤەکە دەردەخات.

**3- پەیوەندی دەروونزانی کۆمەڵایەتی بە مرۆڤناسیی(ئەنترۆپۆلۆجیا)**

پێشتر باسمان کرد کە دەروونزانی لێکۆڵینەوە لە چی دەکات، ئێستا با بزانین ئەی مرۆڤناسی Anthropology لێکۆڵینەوە لە چی دەکات.

مرۆڤناسی زانستێکە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی رۆشنبیری مرۆیی دەدات بە تێگەیشتنێکی فراوان و بە شێوەو شێوازە جیاوازەکانییەوە بۆ ئەو رۆشنبیرییەی هەیە وەک ئەوەی لە ژینگە مرۆییە جیاوازەکانەوە هەیە،چ لە رابردوو، چ لە ئێستا ، چ لە داهاتوو.

مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی چوارجۆر لە چالاکی مرۆیی دەکات لەوانە:

أ- ئاراستەکردنی چالاکی لە پێویستییە دەروونییەکانی هەر گیانلەبەرێکن تەنانەت بە ئاژەڵەکانیشەوە، ئەویش برسێتی و جنس (Sex)ە.

ب- ئاراستەکردنی چالاکی کە دەبێتە هۆی وەدیهێنانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵک وەک: داب و نەریت.

ت- ئاراستەکردن بەرەو بوونی هێز لە سەرەوەی سروشت، وەک ئاین و سیحر.

ث- ئاراستەکردنی چالاکی کە پەیوەندی بە گوزارشتکردن بە جوانییەوە هەیە وەک چالاکی هونەری بۆنموونە:هونەرو مۆسیقاو هۆنراوە.

پەیوەندی نێوان هەر سێ زانست (کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی، دەروونزانی کۆمەڵایەتی)بەڵگەن بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی بۆ شارەزاییبوونی لەرەفتاری بە کۆمەڵ. دەروونزانی کۆمەڵایەتیش تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوە لە شارەزایی تاک و رەفتارکردنی لە رێگای تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ژینگەی رۆشنبیری و کۆمەڵیەتی، کە لێکۆڵینەوەی تاک دەکات لە چوارچێوە کۆمەڵیەتییەکەیدا.

**4- تیۆری دەروونزانی بۆ رەفتاری کۆمەڵایەتی**

دەتوانین هەندێ لە تیئۆرییەکانی دەروونزانی بۆ رەفتاری کۆمەڵایەتی بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە روو:

**أ- تیئۆری بواری الجشطالت**

خاوەنی قوتابخانەی(الجشطالت) ئەوە رەتدەکەنەوە کە لێکدانەوەی قوتابخانەی رەفتاریی بۆرەفتاری زیندووبکەن،چونکە دەبێتە لێکدانەوەیەکی میکانیکی.هەروەک چۆن رەتدەکەنەوە رەفتاری بوونەوەری زیندوو بۆ غەریزەکان بگەڕێتەوە.بەڵام لەگەڵ قوتابخانەی غەریزەکان رێکن کە دەڵێت رەفتاری بوونەوەری زیندوو ئامانجێکی دیاریکراوە.

ئەو قوتابخانەیە وایدەبینێ رەفتاری بوونەوەری زیندوو ئامانجی وەدیهاتنی مەبەست(غرض)ەو ، ناتوانێت لە رەفتارێک بگات کە لێیەوە دەرچووە ئەگەر لە هەموو بوارەکانەوە نەبێت. چونکە بوارەکان جۆری ئاراستەو ناوەڕۆکی رەفتارەکانمان دیاریدەکەن.بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین لە

رەفتاری بوونەوەری زیدوو هەروەها پاڵنەرەکانی بگەین، مەبەست ئەوەبێت کە هەموو بوارەکان روون بێت.

ب- **بوار(المجال** Field):

هەموو تاکێک لە ژینگەیەکی دیاریکراوەوە هاتووەو،تێکەلاوبوونێکی بەردەوامیشی لەنێوان خۆی و ژینگەکەی هەیەو هەردووکیشیان کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە.

بێگومان جۆری جەستەو میزاج و هەست و ئارەزووەکانمان کاریگەری بەسەر جۆری وەلامدانەوەکانمانەوە هەیە بەرامبەر بەو ژینگەیەی کە جیاوازە لەگەڵ رەفتاری هێمنانەو هاوسەنگ.کەواتا شارەزابوون و ئەزموون و روداوەکانی ژیانمان کە لە رابردوودا روویانداوە، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر رەفتارو ئاراستەکانمانەوە جێهێشتووە. دیارە هەر یەک لە تاکەکانیش بە جۆرو شێوازێک کاریگەری ئەو ژینگەیان دەکەوێتە سەرو تێکەلاوی دەبن،ژینگەش بە گشتی دوو جۆرە، یەکێکیان پەیوەندی بە باری سروشتی و جوگرافییەوەیە، ئەویتریشیان ژینگەیەکە وەک هەموو مرۆڤێک هەستی پێدەکات، بریتییە لە رەفتارو بواری دەروونییەکان. بۆیە بوار لە سێ(3) جۆر پێکدێ:

**یەکەم:** ئەو ژینگەیەی کە هەیەو واقیعییە.

**دووەم:** دۆخی کەسەکان لە رووی جەستەو دەروونیانەوە.

**سێیەم:** شارەزایی و ئەزموون و رووداوەکانی رابردوو.

تێکەڵبوونی ئەم سێ رەگەزە دەبنە یەکەیەکی تەواو و هەر یەکێکیان کاریگەری بەسەر ئەویتریانەوە دەبێت.هەر یەکێکیشیان بۆ ئەویتریان دەبنە تەواوکەری یەکتر.

ج- **تیئۆری شیکردنەوەی دەروونی:**

رابەری ئەم تیئۆری شیکردنەوەی دەروونییە (سیگموند فرۆید)ە. کە بە بۆچوونی فرۆید رەگی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لای تاک لەوەدایە کە دەڵێت:من باڵاترم(انا الاعلی).کە ئەم وتەیە لەگەڵ پێشکەوتنی منداڵ دروستدەبێت لە رێگای خۆگۆڕین و جل گۆڕینی کە رۆڵی باوکی دەبینێ کە لە هەمان رەگەزی خۆیەتی.

پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە تیئۆری شیکاری تیئۆریدا و لە چوارچێوەی پێشکەوتنی گەشەکردنا بەم قۆناخانەی گەشەکردندا تێپەردەبێت:

أ- **قۆناخی دەم** (الفمية)

ئەم قۆناخە لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵ دەست پێدەکات تا نیوەی دووەمی ساڵی یەکەمی، کە کەسایەتی منداڵەکەو شێوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی بە سروشتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دایکی و چۆنێتی تێربوونی پێویستییەکانی بەهۆی دەمی و ماوەی بڕینی شیر لێی دیاریدەکات.

ب- **قۆناخی شەرجی**

ئەم قۆناخە بریتییە لە منداڵی تەمەن دووساڵ و سێ ساڵی، کە منداڵ چێژ لە دەرکردنی ئەو پاشەرۆکە وەردەگرێ کە لە دواوەی جەستەی دەچێتە

دەرەوە، ئەم قۆاخە کاریگەری بەسەرکەسایەتی منداڵەکەو گەشە کۆمەڵایەتییەکەیەوە هەیە .

**ت- قۆناخی هەستکردن بە ئەندامی نێرینەیی:**

ئەم قۆناخە منداڵی تەمەن چوار ساڵی و پێنج ساڵی دەگرێتەوە،کە منداڵ لەو قۆناخەیدا گرنگی بە ئەندامی نێرینەی خۆیدەدات.بەو پێیەی کە ئەو ئەندامانەی مایەی چێژو تێربوونی ئەون.دیاردەیەکی سەرەکیش لەو قۆناخە کە روودەدات ئەوەیە منداڵی کوڕ(نێر) پەیوەندی لەگەڵ دایکی بەهێز دەکات و دایکی خۆشدەوێت و غیرە لە باوکی خۆی دەکات،ئەمەیان فرۆید بە(گرێی ئۆدیب) ناوی بردوە، لەولایشەوە منداڵی کچ لەو تەمەنە ، پەیوەندی لەگەڵ باوکی بەهێزتر ئەکات و باوکی زیاتر خۆشدەوێ، بە پێچەوانەشەوە غیرە لە دایکی دەکات.

**ث- قۆناخی کمون :**

ئەم قۆناخە لە شەش(6) ساڵییەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە باڵق بوون (سن البلوغ)، لەم قۆناخەدا منداڵەکە پابەندی باوکی یان دایکی خۆی دەبێت کە هاورەگەزی خۆیەتی.وا خۆیدەبینێ کە لە رێگای خۆخستنە شوێنی ئەو و هەست بەخۆکردنی وەکوو باوکی یان دایکییەتی کە لە رەگەزی خۆی بێت.واتا لاسایی دەکاتەوەو شانازی پێیەوە دەکات.

**ج- قۆناخی سێکس**

لەم قۆناخەدا منداڵ بەدوای تێربوون دەگەڕێت بەهۆی بوونی پەیوەندی لەگەڵ کەسەکانی ترەوە کە هاورەگەزی خۆی نین، هەوڵی تێربوونی

ئارەزووە سێکسییەکانی دەدات لە لایەک لە ڕێگای ئەو ژینگە ڕاستەوخۆیەی کە تێیدا دەژی، لە لایەکی دیکەیشەوە لە ڕێگای گەشەکردن و شارەزاییپەیداکردنی لە ڕابردوودا.هەموو ئەمانەش لەدوای بالقبوونییەوە دێت.

## بەشی سێیەم: پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی(التنشئة الاجتماعية )

1- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (التنشئة الاجتماعية )
2- پێناسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی
3- ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی
4- شێوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی
5- رۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتەی بونیادنانی دەروونی
6- دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

## 1- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (التنشئة الاجتماعية)

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چەمکێکی گشتییە، پرۆسەیەکە بە گواستنەوەی رۆشنبیری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە تەواو دەبێت.بۆیە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە گرنگترین پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی و تەوەری سەرەکییە لە تەوەرەکانی گرنگیپێدانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی.
پێگەیاندن لە گرنگترین بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی دەروونی کۆمەڵایەتییە، چونکە لایەنی سەرەکی کۆمەڵگە، توێژی مێردمنداڵ و ئەوانەن کە لەناو کۆمەڵگە دەبنە هەڵگری رۆشنبیری نەتەوەیی و کەسایەتی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، گواستنەوەی ئەو رۆشنبیری و کەسایەتییە رۆشنبیرییە بە ئاگاییەوە بێ یان بێ ئاگایی بێت (شعوريا ولا شعوريا)هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە بۆ خۆی دەگوازێتەوە، ئەم گواستنەوەیەش لە رێگای چەندین دامەزراوەوە دێتە دی. کە گرنگترینیان خێزان و ماڵ،قوتابخانە، کۆمەڵانی خەڵک و یانە جۆراوجۆرەکان،یاریگای وەرزش، مزگەوت، ئامرازەکانی راگەیاندن....هتد.هەر یەک لەمانە رۆڵی گرنگ و کاریگەری خۆی دەبینێ لە پێگەیاندنی تاک.

چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی Socialization وەک چەمکێکی زانستی لە بەکارهێنانی کۆمەڵناسیدا، چەمکێکی تا رادەیەک نوێیە،بە شێوەیەک بەکارهێنانی لە توێژینەوەی زانستیدا مێژووەکەی بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە.

دەتوانین لەمبارەیەوە ئەمیل دۆرکایم بە پێشڕەوی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دابنێین کاتێ پێیوابوو کۆمەڵگە لە رێگای پەروەردەوە دەگواسترێتەوە بۆ ئەو تاکانەی کە لێی پێکهاتوون کە کۆمەڵێک پێوەری

کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرین دەبنە هاوکاری یەکتری لە نێوان ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە. دوای دۆرکایم، کۆمەڵناسی ئەمریکی تالکوت پارسونز هات هەوڵیدا هاوسەنگییەک لە نێوان بۆچوونی دۆرکایم و فرۆید ببینێ بۆ ئەم پرۆسەی کۆمەڵایەتییە، چونکە فرۆید پێیوابوو خێزان یەکەمین دەزگای کۆمەڵایەتییە کە هەڵدەستێ بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و، رۆڵێکی گەورەشی تێدا دەبینێ. پێیوابوو پێگەیاندن لەسالآنی هەرزەکاری دێتە تەواوبوون،جا چ سەرکەوتوو بێت لە خۆگونجاندنی وەک تاک لەگەڵ کۆمەڵگا، چ توانای گونجانی نەبێت و بەرەو لادان مل بنێ. لێرەیە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵ و دەوروبەری تاک دەبنە گوشار بۆ سەر تاک،کە زۆر جار سەربەخۆیی خۆی لەدەستدەدات.

دیارە پێگەیاندن بە دوو قۆناخی سەرەکی دا رەتدەبێت، کە:

أ- پێگەیاندنی سەرەتایی یاخود بنەڕەتییە

ب- پێگەیاندنی دوای منداڵی (الثانوي)

مەبەست لە پێگەیاندنی سەرەتایی و بنەڕەتی ئەو پرۆسەیەیە کە لە قۆناخی منداڵی تەواو دەبێت،کە خێزان رۆڵی یەکەمی بینیوە لە پێگەیاندنی ئەو کەسە، منداڵیش لەم قۆناخەیدا هەندێ پێویستی سەرەکی هەیە کە پەیوەندی بە پێویستییە فیزیۆلۆژییەکانەوە نییە، وەک خواردن،جوولە، تەندروستی جەستەیی، بەڵکە لەم قۆناخە پێویستی بە هەندێک لە پێداویستییە دەروونییەکان هەیە کە پەیوەندیان بە چاودێری و دڵنیابوون و سۆز هەیە، لەگەڵ هەندێ پێداویستی زهنی و ئەقڵی وەکوو فێربوونی زمان و ناسین و دۆزینەوەو لۆژیک، لەگەڵ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو داب و نەریت و خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی. خێزان

لەم پێداویستیانەی تێر دەکات ، تا وردە وردە لەگەڵ کۆمەڵگا تێکەڵ دەبێت.

بەڵام پێگەیاندنی دوای منداڵی (ثانوي)،پرۆسەیەکە بەردەوامە لەگەڵ تەمەن و ژیانی بە شێوەیەک وردە وردە پابەندبوونی خۆی بە خێزان کەمدەکاتەوە،بەڵکو ئەم پابەندبوونەوەی دەگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگەو چەندین دامەزراوەی تر کە لە خێزان فراوانترن.

## 2- پێناسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی پەروەردەییە بەهۆیەوە تاک فێردەکرێت چۆن ببێتە ئەندام لەناو کۆمەڵگادا،ئەویش لەلایەک لە رێگای تێکەڵاوبوونی لەگەڵ پێوەرو بەها کۆمەڵایەتییەکاندا ,لە لایەکی دیکەیشەوە لە رێگای فێربوونی لە چۆنیەتی رۆڵە کۆمەڵیەتییەکاندا، وەک رۆڵی کوڕ، رۆڵی باوک،رۆڵی برا، رۆڵی برادەر، رۆڵی هاووڵاتی..هتد.

کەواتە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی رۆشنبیرییە، کە بەهۆیەوە رۆشنبیرییەکە لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. واتا پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە، کە لە رێگایەوە جۆرو شێوەی کەسایەتی و نەریتی رۆشنبیری لە باوکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کوڕ،لە نەوەیەکیشەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.بۆیە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە تەنها پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی نییە بۆ منداڵ و مێردمنداڵان، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە تەنانەت پیرەمێردەکانیش دەگرێتەوە.

پارسونز دەڵێت: پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەی فێرکردن کە پشت بە فێرکردن و تێگەیاندن و لاساییکردنەوە دەبەستێت و یەکیاندەخات لەگەڵ شێوەکانی ئەقڵ و ئاکارو سۆز لای منداڵ و مێردمنداڵ،ئەم پرۆسەیە

ئامانجی تێکەڵبوونی رەگەزەکانی رۆشنبیرییە لە نەسەق (یەکبوون)ی کەسایەتی، کە پرۆسەیەکی بەردەوامە کۆتایی نایە.

### 3- ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

دەتوانین ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بۆ سەر دوو ئاست دابەشبکەین:

**یەکەم:** پەیوەندەبەئەرک وکارە(الوظائف)گشتییەکان و سروشتی پێگەیاندنەکە.

ئەم ئەرک و کارە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا تا رادەیەکی زۆر لە یەکدی دەچێ،چونکە ئامانج لێی گواستنەوەی تاکە لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژی بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی – رۆشنبیری،ئەم گواستنەوەیەش بەهۆی ئەم رێگایانەی خوارەوە دەبێت:

أ- زەبت و رەبتی رەفتاری تاکەکان و شێوازی تێربوونی پێداویستییەکان، بە پێی ئەو پێوەرانەی کە لەناو کۆمەڵگادا باوە.

ب- تاکەکان دەبنە نوێنەری رۆشنبیری کۆمەڵگا (یان کۆمەڵانی خەڵک)، واتا نوێنەری ئەو پێوەرانە دەکەن کە لەناو کۆمەڵگا باون و حوکم بەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتیدا دەکات و دیاریدەکات.

ت- کەسبکردنی تاکەکان بە مەعریفەیبینینی رۆڵی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان کە رۆشنبیری باوی ناو کۆمەڵگا دیاریدەکات.

ث- پەیداکردنی مەعریفەی پێگەیاندن و بەهاکان و ئاراستەکان و هێماکان و تەواوی شێوەکانی رەفتارکردن و رەگەزە رۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییەکان.

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو ئاستی گشتییە،کەسایەتی تاک دەبێتە نوێنەر لەگەڵ بەهاو چەمک و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان، کە

ئەمەش بەردەوامی رۆشنبیری کۆمەڵگەو یەکخستن (اتساق)و پارێزگاریکردن لەسەر شوناسی رۆشنبیری کلاسیکی بەخۆوە دەگرێ.

**دووەم:** پەیوەندە بە گرنگی مەبەستداری(المقصود) گۆڕینی کۆمەڵایەتی .

ئەمەش بە پڕۆژەی گەشەپێدان و نوێکردنەوەو ئامانجە دوورو نزیکەکان دەبێت. واتا ئامانجی پێگەیاندن لەو ئاستە گرنگەدا بۆ گۆڕینی بەهاو هەڵوێست و چەمک و هەندێک لە شێوەکانی داب و نەریتەکانە کە کۆسپن بۆ گەشەپێدان یان پڕۆژەی بەرهەمهێنانی ئابووری نوێ.

هەر پڕۆژەیەک بە ئامانجی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بێت، ناتوانرێ وەدیبهێنرێن ئەگەر بە هاوسەنگی کار لە بوارەکانی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی هەڵوێستە تەقلیدییەکان نەکرێ بەتایبەت لەبەرامبەر ئافرەت و لە بەرامبەر کاری دامەزراوەیی رێکخراوەیی بەرفراوان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە بچووکەکانی خێزانی سەرەتایی، بە گۆڕینی رۆشنبیری خودی ئافرەتەکانیش بۆ گەیشتن بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ ژیان و بۆ خۆیان.

لێرەوە سەرلەنوێ ئاراستەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و شێوازو شێوەکانی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکان، وەک خێزان و قوتابخانەو راگەیاندن و رێکخراوە ناحکومییەکان،رێکدەخرێتەوە.

### 4- شێوازە دەروونییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

دەتوانین شێوازە دەروونییەکانی پێگەیادنی کۆمەڵایەتی لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

أ- وەڵامدانەوەی ڕەفتاری منداڵ کە دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕین لە ڕەفتاریدا.

ب- پاداشت — الثواب (مادی و مانەوی)بدرێتە ئەو منداڵانەی ڕەفتاریان باشە.

ت- سزا — العقاب (مادی و مانەوی)بدرێتە ئەو منداڵانەی کە ڕەفتاریان باش نییە.

ث- بەشداریان پێبکردێ لەهەڵوێست و ئەزموون (شارەزا)یی کۆمەڵایەتی.

ج- راستەوخۆو ڕاشکاوانە منداڵ بۆ ڕەفتاری باش ئاراستە بکرێ وفێری پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و بەهاو ئاراستەکان بکرێ.

**5- ڕۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتەی بونیادنانی دەروونی**

زانایانی کۆمەڵناسی وا سەیری مرۆڤ دەکەن، کە مەخلوقێکە ملکەچی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە کە بە هۆیەوە غەریزە ئاژەڵییەکانی خۆی لەگەڵ سروشتی ژیان لە کۆمەڵگایەکی مرۆییدا دەگونجێنێ. زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی لەو بڕوایەدان کە مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا سروشتێکی خۆڕسکی ئاژەڵی سەرەتایی هەیە،بەڵام ئەو سروشتە خۆڕسکە ئاژەڵییە بەهۆی پرۆسەی فێرکردنی کۆمەڵایەتییەوە دەگۆڕێت، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر ملکەچی ئەو فێرکردنە کۆمەڵایەتییە دەبێت.

زانایانی کۆمەڵناسی نکولییان لەوە نەکردووە کە ڕەگەزەکانی نا ئەقڵانی ناوخۆیی لە بیناکردنی مرۆڤدا هەیە، بۆ نموونە وەک باریتۆ کە جەخت لەسەر ڕۆڵی نا ئەقڵی بۆ ڕەفتاری مرۆڤ دەکاتەوە. بەڵام زانایانی

کۆمەڵناسی هەست ناکەن ئەو رەگەزە نائەقڵییە ناوخۆییەی کە لە مرۆڤەکاندا هەیە، بوو بێتە کۆسپ بۆ گواستنەوەی مرۆڤەکان بۆ وەرگرتنی ژیانی کۆمەڵایەتی. واتا جەخت لە توانای کۆمەڵگا دەکەنەوە بۆ وردە توانەوەی ئەو رەگەزە نا ئەقڵییە بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی خراپ بەسەر مرۆڤ جێ بێڵێ، ئەمەش لە رێگای زەبتی کۆمەڵایەتی و ئەو پاداشت و سزایانەی کە لە خۆی گرتووە. زانایان جەختیش لەوە دەکەنەوە کە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات کە ئامانجە کۆمەڵایەتییە کەسییەکان وەدەستبهێنێ، ئەو ئامانجانەی کە بە رێگای رۆشنبیری و فێرکردنەوە پێیدەگەن.

**6- دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی**

بە کورتی دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی خۆیان لەمانەی خوارەوە دەبیننەوە:

1- خێزان
2- قوتابخانە
3- دۆست و برادەر(کۆمەڵانی خەڵك)
4- ئامرازەکانی راگەیاندن
5- دامەزراوەی ئایینی

**1- خێزان**

خێزان لە گرنگترین هۆکارەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و یەکەمین نوێنەری منداڵە بۆ رۆشنبیرکردنی. واتا خێزان یەکەمین قوتابخانەی

کۆمەڵایەتییە بۆ منداڵ و یەکەم هۆکاریشە کە منداڵ بە رەنگێکی کۆمەڵایەتی رەنگدەکات. هەر خێزانێکیش لەگەڵ ئەو خێزانی تر لە رووی شێوازی باو یان ئەو رەفتارو شێوازە کۆمەڵایەتییەی لە ژێر تیشکی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە لە کۆمەڵگاکەی قەبوولکراوە، جیاوازە لەگەڵ خێزانەکەی دی.ئەمەش بە گوێرەی باری چینایەتی کۆمەڵیەتی و ژینگەی جوگرافی و رۆشنبیری و ........هتد دەگۆڕێت.

ئۆگست کۆنت پێیوایە: خێزان یەکەمین شانەیە لە جەستەی کۆمەڵگا،واتا یەکەم خاڵی دەستپێکردنی پێشکەوتنە.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خێزان بناخەی بینای کۆمەڵگایە، باشکردنی خێزان دەبێتە باشکردنی هەموو کۆمەڵگا.

جۆن لۆک پێیوایە:خێزان بریتییە لە کۆمەڵە کەسێک کە بە خوێن و ژنهێنانەوە گرێدراون، ئەم دوو پێکهاتەیە ژیانێکی سەربەخۆت بۆ رایی دەکات.

خێزان بە چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەک جیادەکرێتەوە، کە گرنگترینیان لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بریتین لە:

- خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە کە منداڵ تێیدا سەرهەڵدەدات و بەرپرسیاری یەکەمە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵەکە.
- وا دادەنرێ کە خێزان باشترین نموونەی کۆمەڵە سەرەتاییەکانە کە منداڵ تێیدا سەرهەڵدەدات و لەگەڵ ئەندامانی دیکە تێکەڵیان دەبێت و لەگەڵ یەکدی یەکگرتوو رووبەڕوو دەبن .

بەڵام ئەرکەکانی خێزان بریتین لە:

1- ئەرکی بایۆلۆژی: بریتییە لە منداڵبوون و وەچە خستنەوەو پاراستنی لە لەناوچون. ئەم وەچە خستنەوەو منداڵبوونە لە

کۆمەڵگایەکەوە جیاوازە بۆ کۆمەڵگایەکی دی. یان لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دی.

2- ئەرکی دەروونی: واتا یارمەتدان و پشتگیریکردنی منداڵە لە رووی دەروونییەوە،لەمبارەیەوە وول پێیوایە گرنگترین ئەرکە کە خێزان پێشکەشی منداڵەکانی خۆیدەکات،کە هەست بە ئارامی و قەبوڵکردنی خۆی بکات لەناو خێزانەکەیدا.

3- ئەرکی کۆمەڵایەتی: ئەم ئەرکە بریتییە لە رەخساندن و فەراهەمکردنی پشتگیری کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی داب و نەریت و بەهاو بیروباوەڕی باو لە ناو خێزانێکەوە بۆ منداڵەکانی، کاربکەن بۆ راهاتنی منداڵەکە لەسەری.

4- ئەرکی ئابووری: بریتییە لە فەراهەمکردنی پارەو پوولی تەواو و پێویست بە بەردەوامی لەگەڵ رەخساندنی ژیانێکی ئاسوودەو سەربەرزانە بۆ ئەو خێزانە.

بەلام جۆرەکانی خێزان بریتین لە:

**یەکەم:خێزانی نەوەوی** (الأسرة النووية)

مەبەست لە خێزانی نەوەوی واتە خێزانی سەرەتایی یان سادە،کە لە باوک و دایک و ئەو منداڵانە پێکهاتوون کە هێشتا کوڕەکانیان ژنیان نەهێناوەو کچەکانیشیان شوویان نەکردووە،ئەمەش یەکەیەکی بنەڕەتین بۆ سیستەمی خزمایەتی کە رووخسارێکە لە رووخسارەکانی سەرتاپای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هاوکارو هەماهەنگن.

**دووەم: خێزانی پێکەوەیی(المركبة )**

ئەمجۆرە خێزانە زۆرترین و فراوانترین خێزانن کە بۆ سەر دوو بەش دابەشدەبن:

أ- خێزانی پێکەوەیی (المركبة): بریتییە لە چەند خێزانێک کە لە یەک بنەماڵە یان دەوروپشتن. کە باوک و دایک و کوڕو کچە بە ژن و بە مێردەکان پێکدەهێنن لەگەڵ هەردوو باپیرەی باوک و دایک و کوڕەزاکان، بەمەش بە شێوەیەکی گشتی رووخساری کۆمەڵگەیەکی بچووک نیشان دەدات.

ب- خێزانی پیاوی بە ژن: ئەمجۆری خێزانە لە پیاو و ژنەکانی پێکدێت، لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە لە یەک ژن زیاتر لەدایکبوونە،لێرە مەبەست لە فرە ژنییە.

**2- قوتابخانە**

قوتابخانە دامەزراوەیەکی فەرمی کۆمەڵایەتییە،ئەرکی گەیاندن و گواستنەوەی پەروەردەو رۆشنبیرییەکی پێشکەوتووە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکەو فەراهەمکردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەشەی جەستەیی و ئەقڵی و کۆمەڵایەتی بۆ ئاستێکی گونجاو کە تەبا بێت لەگەڵ ئەوەی کە لە کۆمەڵگا چاوەڕواندەکرێت لە ئاستە جیاوازەکان و ئەوەی تاک دەتوانی بیکات.

رۆڵی قوتابخانە و بەرپرسیارێتی لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

أ- پێشکەشکردنی چاودێری دەروونی بۆ منداڵ ویارمەتیدانیشی لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی.

ب- فێرکردنەکەی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بێت بە ڕێگایەکی گونجاو کە تەبا بێت لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.

ت- چاودێری و چاوپۆشی و ڕێز(مراعاة) لە توانای منداڵ بگیرێ لە هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە.

ث- گرنگی بە ئاراستەکردن و ڕێنماییکردنی پەروەردەیی بۆ پیشەییبوونی قوتابییەکە بدرێت.

ج- گرنگییەکی تایبەتی بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بدرێ لە هاوکاریکردنی لەگەڵ دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە بەتایبەت خێزان.

ح- چاودێری و چاوپۆشی(مراعاة) لە هەموو ئەو شتانە بکرێ کە گەشەی منداڵ بە شێوەیەکی تەندروست لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی مسۆگەردەکەن.

3- **دۆست و برادەر (هاوڕێیەتی)**

هاوڕێیەتی هۆکارێکی زۆر گرنگە لە گەشەی گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵ و،کاریگەری بەسەر بەهاو نەریت و ئاراستەکردنییەوە دەبێت.بەتایبەت کاتێ لە قۆناخی گەشەکردنیاندا پێداویستی و داواکارییەکانیان لە یەک نزیکن، بۆیە زۆر جار جۆرێک لە یەکسانی لە نێوانیان دروستدەبێت.

هەڵبەت هاوڕێیەتیش چەند ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە، بۆ نموونە:

أ- شێوەی هاوڕێیەتیکردنی منداڵەکان ئەوانەن کە تەمەنیان لەیەکترەوە زۆر نزیکە.

ب- وردە وردە ئاراستە كۆمەڵایەتییەكانی و رۆڵە كۆمەڵایەتییەكانی پێكدێن یان دروستدەبن.

ت- دەگاتە ئاستێكی گونجاو لە بڕوابەخۆ بوونی.

بەڵام شێوەكانی كۆمەڵەی هاوڕێیەتی ئەمانەن:

أ- كۆمەڵەی یاریكردن: ئەم كۆمەڵەیە دوو جۆرن ، كۆمەڵەیەكیان خۆڕسكی و رەمەكی پێكهاتوون و ئامانجیان یاریكردن و رابواردنی بێ سنوورە. كۆمەڵەی دووەم بەشداری لە یاریكردن دەكەن بەڵام پارێزگاری لە بنەماكانی یاری و رێساكانی دەكەن.

ب- گرووپ: ئەمانە گرووپێكن زۆر پێكەوەن، لەنێو پێگە و دۆخی كۆمەڵایەتی تاكە جیاوازەكان كۆدەبنەوە.

ت- كۆمەڵەی یانە: ئەمانە لە ناوەندی فەرمی سەرهەڵدەدەن و، لەلایەن خەڵكی هوشیارو بە ئاگاكانەوە سەرپەرشتیدەكرێن و، زەمینەی چالاكی جەستەیی و گەشەی ئەقڵی و بەتاڵكردنی پاڵنەرە هەڵچووەكانی و فێركردنی كۆمەڵی بۆ دەڕەخسێنێت.

ث- كۆمەڵە: ئەم كۆمەڵەیە زۆر ئاڵۆزن و بە ململانێیان لەسەر دەسەڵات یان لەگەڵ كۆمەڵەیەكی دیكە جیادەكرێنەوە،ئەم كۆمەڵەیە هێماو نیشانەی هاوبەشو تایبەت بە خۆیان هەیە.

**4- ئامرازەكانی راگەیاندن**

ئامرازەكانی راگەیاندن رۆڵێكی گرنگ و بەرچاو لە پێكهێنانی كەسایەتی تاك و سروشتە كۆمەڵایەتییەكەی لەسەر شێوەی رەفتارێكی دیاریكراو

پێکدێنێ. ئامرازەکانی راگەیاندن کاریگەری لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەم بوارانەی خوارەوەدا هەیە:

أ- بڵاوکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆر لە هەموو بوارەکانی گونجانی تەمەندا.

ب- تێربوونی پێداویستی لە زانیاری و هەواڵ.

ت- ئاسانکردنی کاریگەری رەفتاری کۆمەڵایەتی لە رۆشنبیرییەکانی دیکە بە پێشکەشکردنی فیلم و هۆیەکانی هەواڵ.

ث- دڵخۆشکردن و ئاسوودەیی.

5- **دامەزراوەی ئایینی**

دامەزراوەکانی ئایینی رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینن لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاک بۆ نموونە:

أ- فێرکردنی تاک و کۆمەڵ بە فێرکردنێکی ئایینی کە حوکم بەسەر رەفتارەوە دەکات و بەرەو ئاسوودەیی تاکەکانی کۆمەڵگا دەیبات.

ب- بە هانای تاکەکانەوە دێت لە چوارچێوەی ئەو رەفتارانەی کە لە فێرکردنی ئایینییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

ت- داوا دەکات فێرکرنە ئایینییەکان بکرێن بە کردەوە.

ث- رەفتاری کۆمەڵایەتی یەکدەخات و جیاوازی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانیش نزیکدەکاتەوە.

ج- نەمامی بەهای ئایینی لە رێگای پەرستنەوە گەشەی پێبدرێ.

**بەشی چوارەم:**

**ئاراستە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان (الاتجاهات النفسية الاجتماعية)**

**یەکەم: پێناسەی ئاراستەکان**

**دووەم: تایبەتمەندیی ئاراستەکان(خصائص الاتجاهات)**

**سێیەم: کاری ئاراستەکان (وظائف الاتجاهات)**

**چوارەم: پێکهاتەی ئاراستەکان (مكونات الاتجاهات)**

**پێنجەم: جۆری ئاراستەکان**

**شەشەم: راستکردنەوەی ئاراستەکان (تعديل الاتجاهات)**

**حەفتەم: ئاراستەکان و بۆماوەیی (الاتجاهات والوراثة)**

## ئاراستە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان

ئاراستە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان لە گرنگترین بەرهەمی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە،کە لای هەر تاکێک پێکدێت و ئاراستەکان بەرەو تاکەکان و کۆمەڵەکان و دامەزراوەو هەڵوێستەکان گەشە دەکەن. زاراوەی ئاراستەکان لە Attitudeئینگلیزییەوە بۆ زمانی عەرەبی گواستراوەتەوەو فەیلەسوفی ئینگلیزی (هێربرت سپنسەر H.Spencerیەکەمین کەس بوو کە ئەو زاراوەیەی لەساڵی 1862لە کتێبەکەیدا (پرەنسیبە سەرەتاییەکان — المبادیء الأولی)بەکارهێنا، کاتێ وتی گەیشتنمان بە ئەحکامە راستەکان لە چەندین پرسی ورووژێنراو کە گفتوگۆی زۆرهەڵدەگرن،تا رادەیەکی زۆر پشتی بە ئاراستەکانی زیهنی بەستووە.

## یەکەم: پێناسەی ئاراستە دەروونییەکان

ئاراستەکان چەندین پێناسەی جۆراوجۆرو لە یەکجیاوازیان بۆ کراوە،بە شێوەیەک کە لەسەر یەک پێناسە رێکنەکەوتوون.

ئاراستەکان واتا دۆخێکی ئامادەبوو یان ئامادەبوونێکی تورەیی و دەروونی کە لە رێگای شارەزایی تاک رێکدەخرێ و دەکەوێتە بەر کاریگەری ئاراستەکردنی یان دینامیکییەتی لەسەر وەڵامی تاک بۆ هەموو بابەتەکان و هەڵوێستەکان کە ئاماژەیەکە بۆ وەڵامدانەوەکە.

ئاراستەکان بریتییە لە ژمارەیەک پرۆسەی پاڵنەرو هەڵچوون و هەست و مەعریفە کە بەردەوام لە وێنەیەکدا رێکیدەخات و دەبێتە دیاریکردن یان سنووردانانی وەڵامی تاکەکان هاوشان لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تێیدایە.

ئاراستەکان یان ئامادەبوونی ئەقڵێکی تورەی فێرکراوە بە وەڵامدانەوەیەکی نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ بۆ کەسێک یان شتێک یان بابەتێک یان هەڵوێستێک یان هێماکانی ژینگەکەی کە ئاماژەن بۆ ئەو جۆرە وەڵامدانەوەیە.

ئاراستەکان هەڵوێست وەرگرتنە بەرامبەر بە کەسەکان و بابەتەکان، ئەو هەڵوێست تا رادەیەک و بە شێوەیەکی رێژەیی نەگۆڕەو کاریگەری بەسەر رەفتاری تاکەکانەوە هەیە.

ئاراستەکان مەیلی تاکە یان ئامادەبوونێکی پێشوەختەیە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکان یان هێمایەک بۆ ئەو بابەتە بە رێگایەکی دیاریکراو.

**دووەم: تایبەتمەندیی ئاراستەکان(خصائص الاتجاهات)**

أ- ئاراستەکان وەرگیراوو فێرکراون، خۆرسک و بۆماوەیی نین.

ب- پەیوەندی بە ورووژاندن و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.

ت- لە بۆشاییەوە دروست نابێ، بەڵکو هەمیشە پەیوەندی نێوان تاک و بابەتێک لە بابەتەکانی ژینگەکەی دەگرێتە خۆی.

ث- ئاراستەکان تا رادەیەکی زۆر نەگۆڕن،بەڵام بە شێوەیەکی گشتی قەبووڵی گۆڕین و راستکردنەوە دەکات.

ج- خود بەسەریدا زاڵدەبێت ، نەک بابەتیی(الموضوعية).

ح- یەکێکیان زۆر تەمومژاوییەو ئەویتریش زۆر روونە.
خ- کامەی بەهێزەو بەرەنگاری راستکردنەوە دەبێتەوەو کامەشی ئاسانە بۆ دەستکاریکردن.
د- ئاراستەکان گونجاوو شیاون بۆ فێربوون و وەرگرتن.
ذ- ئاراستەکان کاریگەریی بەسەر شارەزایی تاک جێدێلێت.
ر- پێوانەو هەڵسەنگاندنی بە ئامێرو شێوازی جودا جوداوە قەبووڵە.
ز- ئاراستەکان هەمیشە دەکەونە نێوان دوو لای بەرامبەر بە یەک کە یەکێکیان پۆزەتیڤەو ئەوتریشیان نێگەتیڤەهەردوولا پشتگیرییەکی رەهاو بەرهەڵستییەکی رەها لە هەڵوێستەکانی خۆیاندەکەن.

**سێیەم: کاری ئاراستەکان (وظائف الاتجاهات)**

ئاراستەکان خزمەتی کارو وەزیفەکانیان دەکەن کە تواناکانی مرۆڤ ئاساندەکات بۆئەوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵوێستە سایکۆلۆژییەکانیدا بکات لە بەرەوچوونی ئەو شارەزاییە جۆراوجۆرەی لە هەر کەسێکی رێکخراو بوو کۆکراوەتەوە، ئاراستەکان وێڕای ئەو کارە رێکخراوەییەیان یارمەتی مرۆڤ دەدەن لەسەر ئەوەی کە ئامانجە دیارکراوە جۆراوجۆرەکانی خۆی رابگەیەنێ و داکۆکیش لە بیروبۆچوونی خۆی بکات لە بەرامبەر ئەو هێرش و رەخنانەی دەکرێنە سەری.

**گرنگترین کاری ئاراستەکان ئەمانەن:**

**أ- کاری سوودگەرایی گونجاندن(الوظیفة المنفعیة التكیفیة )**

وەدیهێنانی زۆر لە ئامانجەکانی تاک و هەڵگرتنی تواناکانی لەسەر گونجانی لە هەڵوێستەکانیدا  کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی پەیوەندییەکی باش و گونجاو لە کۆمەڵگاکەیدا.

ئاراستەکان رووبەڕووبوونەوەیەکی رەفتارئامێزە توانای تاک لە وەدیهێنانی ئامانجەکان و تێربوونی پاڵنەرەکانی دەردەخات لە ژێر تیشکی پێوەرە باوەکانی کۆمەلایەتی لەکۆمەڵگادا. وەک چۆن دەتوانێ پەیوەندییەکی گونجاوو باش لەگەڵ تاکەکان و کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگاکەی و دەرەوەی کۆمەڵگاکەیشی دروستیبکات.

**ب- کاری رێکخراوەیی(الوظیفة التنظیمیة )**

رەفتار لە هەڵوێستە جیاوازەکان کە بەرەو ئاراستەیەکی جێگیر ئاساندەکات و،هەڵدەستێ  لەسەر پێویستی تاک بۆ دونیابینی لە شێوەی بونیادنانیێکی رێکخراو.

**ت- کاری بەرگریکردن لە من(بەرگریکاریی)**

تاک خۆی دان بە شتە راستییەکان لەخۆیدا دەنێت یان دان بە راستییە تاڵەکانی لە جیهانی دەرەوەیدا دەنێت و تاک ئاراستەکان دروستدەکات بۆئەوەی پاساو بۆ فاشیلبوونی یان بۆ بێ توانایی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی بهێنێتەوە بو پاراستنی کەرامەت و شانازیکردن بە خۆی بۆنموونە کاتێ ئاراستە نێگەتیڤەکان بەرەو بەرەو میتۆدێک یان مامۆستاکەی دەچن بۆ پاساوهێنانەوە بۆ فەشەلهێنانەکەی.

**ڤ- کاری گوزارشتکردن لە بەهاکان یان وەدیهێنانی خود(تحقيق الذات)**

تاک کۆمەڵێک لە ئاراستەکان رووبەڕووی رەفتارەکەی دەکاتەوە،کاتێکی گونجاویشی دەداتێ تا گوزارشت لە خودی بکات و شوناس و پێگەی لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی دیارییبکات .وەک چۆن داکۆکی لە ئاراستەکانی دەکات وەڵامێکی توندی چالاکییە ورووژێنراوەکانی ژینگە جیاوازەکەی بداتەوەو ،ئەمەش بۆ دەستکەوتی ئامانجێکی سەرەکی ژیانی دەبات، کە وەدیهێنانی خودە.

**چوارەم: پێکهاتەی ئاراستەکان(مكونات الاتجاهات)**

پێکهاتەی ئاراستەکان کاریگەری بە چەند هۆکارێکی جیاواز هەیە، کە پشت بە شارەزایی رابردووی تاک دەبەستێت لە هەڵوێست و لە بابەتەکاندا. ئەم هەست و بیروباوەڕانە تاک وا لێدەکات وەڵامێکی نەرێنی یاخود ئاراستەکان لە بنەڕەتدا یەکێک لە بەرهەمەکانی فێربوونەوەیە. بە کورتی پێکهاتەی ئاراستەکان سێ رەگەزی سەرەکی لە خۆ دەگرن کە ئەمانەن:

أ- **رەگەزی فیکری(مەعریفی)**
ب- **رەگەزی ویژدانی(العاطفي)**
ت- **رەگەزی رەفتاریی(مەیلی بۆ کار)**

أ- **رەگەزی فیکری(مەعریفی)**

ئاراستەی تاک بۆ بابەتەکان یان بۆ کەسەکان پشت بەوە دەبەستێ کە دەیزانێ،واتا پێکهاتەی مەعریفی لەسەر زانیاری و راستی بابەتە فەراهەمکراوەکانی لای تاک دەبێت لە بابەتی ئاراستەکان.

ئەگەر هاتوو ئاراستە لە بنەڕەتدا پرۆسەیەک بوو بابەتێکی بەسەر بابەتێکی دیکەدا زاڵکردبوو، ئەوکاتە ئەو کارە داوای هەندێ کاری ئەقڵی دەکات، وەک جیاکردنەوەو تێگەیشتن و ...چونکە ئاراستەکان تاک بەرەو هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی دەگرنە خۆ، وەک کێشەی پیسبوونی ژینگە،نەهێشتنی نەخوێندەواری.

ب- **رەگەزی ویژدانی(العاطفي)**

ئەم پێکهاتەیە ئاماژەیە بۆ هەستی خۆشەویستی و رق لێبوونەوە کە تاک رووبەڕووی دەبێتەوە لە ئەنجامی بابەتێک کە لە سۆزو عاتیفەی دروستبووە.

ت- **رەگەزی رەفتاری(مەیلی کار)**

ئاراستەکان بەرووی رەفتاری مرۆڤ کاردەکات، جا پاڵنەرەکە لەسەر رەوتی ئەرێنی دەبێت کاتێک ئاراستەکە ئەرێنی بێت بۆ بابەتەکان، بۆنموونە: تاک ئاراستەیەکی ئەرێنی بەرامبەر ئایین وەرگرتووە،کە بە نوێژکردن و زەکات دان و رەفتاری باش بەرامبەر بە خەڵک وەڵامدەداتەوە،بەڵام ئەگەر ئاراستەیەکی نەرێنی بۆ بابەتەکە هەبووبێ، ئەوا وەڵامێکی نەرێنی دەبێت بۆ بابەتەکە.

**دیارترین ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان بەسەر پێکهاتەی ئاراستەکان هەیە، ئەمانەن:**

**أ- هۆکاری شارستانیی**

زۆربەی تۆژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان جەخت لەسەر گرنگی کاریگەری شارستانی دەکەنەوە لە دیاریکردنی ئاراستەکانی تاک، ئەم لێکدانەوەیەش ڕێگای خۆشکرد کە زۆرترین تۆژینەوە بکرێ بە ئامانجی پەیوەندی نێوان ئاراستەکانی خەڵک و ڕێکخراوە ئایینی و ئاکاری و سیاسییەکان.

کاریگەرییە شارستانییە جۆراوجۆرەکان و زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ یەکدی ناکۆکن،هەروەها مزگەوت و قوتابخانەو گەڕەک و ژینگەی کارکردن هەمیشە بەیەک ئاراستەت نابەن،هەڵبەت تاک زیاتر بەئاراستەی یەک لەوانە دەکەوێتەوە، واتا لایەنگیری بۆ یەکێکیان زیاتر دەبێت.

**ب- خێزان**

بەهێزترین هۆکاری ڕاستەوخۆ کە کار لەسەر پێکهاتەی ئاراستەکانی تاک بکات،بریتییە لە دایک و باوک و هەموو ئەوانەی ئەندامی ئەوخێزانە پێکدێنن، منداڵ لە سەرەتای ژیانیدا لە ژێر کاریگەری ئەو بابەتە دیاریکراوانەیە یان ئەو کەسە دیاریکراوانەیە یان ئەو کاروکردەوە دیاریکراوانەیە،کە بەرەو وەرگرتنی ئەو ئاراستانە دەیبات،هەندێکیشیان بەهۆی لاساییکردنەوەو فێرکردنەوە، بەرەو وەرگرتنی ئەو ئاراستانە

دەبردرێن. کەواتە خێزان یەکەمین دەزگای کۆمەڵایەتییە بنەمای سەرەتایی بۆ ئاراستەی منداڵ و تا رادەیەک مێردمنداڵ دادەنێت.

**ت- تاک خۆی**

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی زۆر گرنگ لە پێکهاتەی کەسایەتی تاک دەبینێ،کە لەگەڵ کەسانی دیکە جودای دەکاتەوە، بەهۆی ئەو مەیل و ئاراستانەی وەریگرتوون.

**ث- شارەزایی هەڵچوون لە هەڵوێستێکی دیاریکراو**

شارەزایی رۆڵێکی زۆر گرنگ لە پێکهاتەی ئاراستە جا ئاراستەکە نەرێنی بێت یان ئەرێنی بێت دەبینێ، بۆنموونە کارێک تاک بەرەو پێکهای ئاراستەیەکی ئەرێنی دەبات،لە کاتێکدا کارەکە بەرەو پەیڕەویکردنێکی سزادارانەت دەبات بۆ پێکهێنانی ئاراستەیەکی نێگەتیڤ لای ئەو کەسە. واتا هەستەکانمان بەرەو کەسەکان و رووداوەکان و بابەتەکان بە شێوەیەکی سروشتی باشتردەبێت، یان باشتر دەبێت ئەگەر بەرەنگاری بووینەوەو دۆزیمانەوە کە هیچ هەڕەشەیەک بۆ ئێمە دروست ناکات.

**ج- دەسەڵاتی باڵا**

هەندێک پابەندبوون (التزام) بەسەر تاک دەسەپێنێت بە هەندێ کاروباری دیاریکراو کە رێز لە یاساکان و جێبەجێکردنیشی بگرێ،ئەمەش بەرەو پێکهێنانی ئاراستەکانی دەبات بۆ ئەوبابەتانەی لەلای ئەوکەسە هەن، بە چاوپۆشین لە پابەندنەبوونی یان دەرچوونی لەوسزاو پێکهاتەی ئاراستەکان لە دۆخێکی ئاوادا ئەنجامی دوو هۆکاری سەرەکییە کە رێزگرتن و ترسە.

**ح-رازیبوون و  خۆشەویستی ئەوانی دیکە**

کەسێک کە پەیڕەوی یارییەک دەکات و پابەندی ڕێساکانی ئەو یارییە دەبێت،بەختی ئەوەی دەبێت کە لە لایەن هاوڕێکانیشی قەبووڵ بکرێت،بەمەش ئاراستەیەک دروستدەبێت کە سووردەبێت لەسەر مەرجەکانی ئەو یارییە جا هەر چالاکییەکی وەرزشی بێت و جەزی بە هاوکاری دەبێت و ئەندامانی ئەو تیپە وەرزییەیشی خۆشدەوێن.

بەڵام  هەندێک لە پسپۆرانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی پێیانوایە کە ئەمانەی خوارەوەش ڕۆڵی خۆیان لە پێکهاتەی ئاراستەکان دەبینن.

أ- **دایک و باوک**
ب- **قوتابخانە**
ت- **کۆمەڵگا**
ث- **بۆماوەیی**

**قۆناخەکانی پێکهێنانی ئاراستەکان**

ئاراستەکان بەهۆی قۆناخەکانەوە پێکدێن کە بە شێوەیەکی هەڕەمی ڕێکوپێکن،کە لە ئاستێکی سادەوە ئاراستەکە پێکدێت، ئینجا وردە وردە ئاڵۆز دەبێت ، کە بە چوار قۆناخدا ڕەتدەبێت.

1- **قۆناخی رامان و هەڵبژاردن**

کە ئەم دوو خاڵە لەخۆ دەگرێ

أ- گوزارشتکردن و دەربڕینی قسە لە مەیل و ئارەزوو و ئامادەبوونی بۆ بابەتێکی دیاریکراو.

ب- خاوەن ئەزموون بە ئاراستەی بابەتەکە.

2- **قۆناخی هەڵبژاردن و جیاکردنەوەو پەسندکردن**

ئەمەش ئەم دوو خاڵەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

أ- دەربڕینی قسە لە هەڵبژاردن و جیاکردنەوە.

ب- نواندنی رەفتار دەریدەخا کە شتێک بەسەر ئەوی تر پەسندتر دەکات.

3- **قۆناخی پشتگیری و بەشداریکردن**

ئەمەش ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- بەشداریکردن بە رەزامەندی و پشتگیری و بەشداریکردن بە قسە لە ئاراستەکەدا.

ب- بەشداریکردنی بە کردەوە نیشانەیە بۆ رەزامەندبوونی.

4- **قۆناخی رێنماییکردن و داوالێکردنی بۆ کارکردن**

ئەمەش ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- پشتگیری کارکردن و داوالێکردنی بۆ بابەتی ئاراستەکە بە قسە.

ب- پەیڕەوکردنی داواکە بۆ بابەتەکە و مژدە پێدانی.

5- **قۆناخی قوربانی(التضحية )**

ئەمیش بریتییە لە:

أ- نیشاندانی ئامادەبوونی بۆ قوربانی بە کردارو بە گفتار.

ب- قوربانی راستەقینە (الفعلية) بۆ شتێکی دیاریکراو لە پێناو شتێکی تر.

**پێنجەم: جۆری ئاراستەکان**

بە کورتی جۆری ئاراستەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- ئاراستە گشتییەکان و ئاراستە تایبەتییەکان.

ب- ئاراستەی کۆمەڵی و ئاراستەی تاکایەتی (الفردیة)

ت- ئاراستەی نهێنی و ئاراستەی ئاشکرایی

ث- ئاراستەی بەهێزو ئاراستەی لاواز

ج- ئاراستەی پۆزەتیڤ و ئاراستەی نێگەتیڤ

ئێستا بە کورتی باسی هەر یەک لەو پێنج ئاراستە هاودژە دەکەین

**أ- ئاراستە گشتییەکان و ئاراستە تایبەتییەکان**

ئاراستەی گشتی ئەو دیاردانە وەردەگرێ کە لە هەموو روویەکەوە بریتین لە بابەتی ئاراستەکان،ئەمەش هەمووی دەگرێتەوە بێ پارچە پارچەکردن یان بەش بەشکردنی و بێ لێکۆڵینەوەش لە وردەکارییەکانی. بەچاوپۆشین لە هەر تایبەتمەندییەکی دیکە کە لە ئەویدیکە جیایدەکاتەوە.بۆنموونە وەکوو ئاراستەیەک بەرەو ئیستیعمار بە هەموو شێوەکانییەوە ،ئاراستەیەک بەرەو جیاوازی رەگەزی بە هەموو ئاستەکان و لە هەموو ئەو کۆمەڵگاکایانەی کە تێیدا هەیە.

بەڵام ئاراستەی تایبەتی تەنیا ئەو بەش بەشە بچووکانە وەردەگرێ کە لە بەشەکانی دیاردەکاندا هەنو گوزارشت لە ئاراستەی بابەتێک دەکەن.کە لەسەری چڕ دەبێتەوە، بێ ئەوەی لەگەڵ دیاردەکەیتر وەک هەموو

دیاردەکە بەریەک بکەوێت و بە چاوپۆشینیش لە پەیوەندی بە ئەوانی دیکەوە لە وردە بەشەکانی تر کە دیاردەکەی بەخۆوە گرتووە، وەک ئاراستەی تەنها بەرەو ئیستیعماری سەربازی، یان ئاراستەی بەرەو جیاوازی رەگەزی نێوان رەشپێست و سپێ پێستەکان.

ئاراستە گشتییەکان نەگۆڕو جێگیرترن لە ئاراستە تایبەتییەکان، وەک چۆن ئاراستە تایبەتییەکان ئاراستە تایبەتییەکان لە بنەڕەتدا ملکەچی چوارچێوەی ئاراستە گشتییەکانە،بۆیە ئاراستەکان زیاتر پشت بە ئاراستە گشتییەکان دەبەستن.

**ب- ئاراستەی کۆمەڵی و ئاراستەی تاکایەتی(الفردیة )**

ئاراستەی بە کۆمەڵی بریتییە لە هاوبەشی نێوان ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک کە بە بابەتێک لە بابەتەکان هاوپەیوەند بن. ئاراستەی هاوبەشیش لای ژمارەیەکی زۆری خەڵک پێکدێ بۆ بەرەو شەرۆکایەتی دەوڵەت یان گەورە بەرپرسێک یان بەرەو بەرهەمهێنانێکی دیاریکراو ...هتد

بەڵام ئاراستەی تاکایەتی واتا خودییە و پەیوەندە بە خودی تاک بەبێ خەڵکانی دیکە. مرۆڤ ئاراستەیەکی بۆ دروستدەبێت لە رێگای چوارچیوەیەکدا کە شێوازی ژیانی تایبەتی خۆی و جیاواز لە خەڵکانی دیکەی گرتبێتە خۆی، بۆنموونە کەسێک ئاراستەیەکی بەرامبەر بە هاورێیەکی خۆی دەگرێتە بەر لە کاتی کارکردن، یان ئاراستەیەکی بۆ دروستدەبێ بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە جلو بەرگ کە لەبەریدەکات، یان لە تایبەتمەندی خوێندنێکی دیاریکراو...هتد.

**ت- ئاراستەی ئاشكراو ئاراستەی نهێنی**

ئاراستەی ئاشکرا ئەوکاتانەیە کە تاک ئیحراج نابێت لە ئاشکراکردن و ڕوودانی کارەکەی لە بەرامبەر خەڵک، ئەمەش پەیوەندی بە پەیوەندە بەو بەها جێگیرو چەسپاوانەی کە لەناو کۆمەڵگادا باوەو لەناو تەواوی کۆمەڵگاش قەبوڵکراوە،بەجۆرێک تاک لەکاتی ئاشکراکردنی هەر کارو کردەوەیەکیدا ڕووبەڕووی گوشارو ئیحراج و زیان نابێتەوە،بۆنموونە مامۆستا لە یەکەم دیداری لەگەڵ قوتابیان پێیاندەڵێت دوورکەونەوە لە ئاژاوەوەگێڕی و کاری باش بکەن...هتد.

بەڵام ئاراستەی نهێنی ئەوەیە کە تاک لە ئاشکراکردنی هەست بە جۆرێک لە ئیحراجبوون و تەنگەتاوی دەروونی دەکات و هەوڵدەدا لە خەڵکی بیشارێتەوەو خۆی بیپارێزێت.بەڵکو کاتێک پرسیارێکی لەوبارەوە لێدەکەی پێیناخۆشە یان نکوڵیشی لێدەکات ،چونکە لەلایەن زۆرینەی خەڵکییەوە ئەم ئاراستەیە ڕەتکراوەتەوەو مایەی شەرمەزارییە. بۆنموونە مرۆڤ ناتوانێ ئاراستەی خۆی لە ناو کۆمەڵگا ڕابگەیەنێ لە بڕوانەبوونی بە خودا یان بڕوانەبوونی بە ئایین و شەریعەتی ئیسلام،هەروەها ناتوانی بە ئاشکرا ئاراستەی خۆت بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگاکەت ڕابگەیەنی لەترسی ژیانت...

**ث- ئاراستەی بەهێزو ئاراستەی لاواز**

ئاراستەی بەهێز لای تاک ئەوەیە لەبارەی بابەتێکەوە کە لەسەر ڕەفتاری ڕەنگیداوەتەوە ،بەڵام توانای ئەوەی هەیە بەسەر ئەم ڕووداوە زاڵ ببێت و بە پێی پێویست بیگۆڕێت. کەسێک دەبینێ هەڵەیەکی بەرامبەری

کراوە،دەیەوێ هەرچۆنێک بێت دووری بخاتەوە، لێرە بەهێزی ئەو دەردەکەوێ لە توانای بۆ دوورخستنەوەی ئەوهەڵەیەی کە بەرامبەری کراوە،یان کەسێک بەرامبەر هەر کارێکی قێزەون دەوەستێتەوە کە زیان بە گەل و نیشتمانەکەی بگەیەنێت،بە ئەو هەست و پاڵنەرەی کە بۆ خۆشەویستی نیشتمان هەیەتی.

بەڵام هەڵوێستی لاواز بەرامبەر بابەتێک،دەبینین کاریگەرییەکی زۆر کەمی هەیە لەو بابەتەی کە دەیەوێ بیگۆڕێت،ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە بابەتەکە ئەوەندە جێگای ئیحراجبوون نییە بۆ ئەو بۆیە کاریگەریشی بۆ گۆڕینەکە بە ئاراستەیەکی لاوازەوەیە.

### ج- ئاراستەی پۆزەتیف و ئاراستەی نێگەتیف

ئاراستەی پۆزەتیف ئەو کاتە دروستدەبێت کە تاک کارێکی دیاریکراو دەکات، بەڵام ئەوکارە لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگاکەی ڕێپێدراو و پەسندە،بۆنموونە ئاراستەیەک بۆ پاکوخاوێنی،کە داوادەکرێت شارەکەو ناوماڵەکان پاکبکرێنەوە..هتد.

بەڵام ئاراستەی نێگەتیف ئەوەیە کە تاک لە بابەتێکی دیاریکراو دوور دەکەوێتەوە،واتا هەموو ئەو شتانەی بەو بابەتە دیاریکراوەوە پەیوەستن ڕەتیدەکاتەوەو دژایەتیشی دەکات. بۆنموونە ڕەگەزپەرستی کە لەنێو هەندێ وڵاتدا هەبوو،ئەمە ئاراستەیەکی نەرێنی لای تاک دروستدەکرد کە تێکەڵاوی ڕەگەزەکەی تر نەبێت کە هاورەگەزی نییە، ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵ یەکدی نەدەکرد، بەشداریان لە دەسەڵاتیشدا پێنەدەکرد.

**شەشەم: راستکردنەوەی ئاراستەکان (تعديل الاتجاهات)**

ئاراستەکان توانای گۆڕینیان هەیە سەربارى ئەوەی هەندێکیان بە شێوەیەکی رێژەیی جێگیرو چەسپاون. پرۆسەی گۆڕین یان راستکردنەوەی ئاراستەکان تەنیا بەوە دەبێت کە ئاراستەیەکی نوێ و بە مەبەست دەخەیتە شوێنی ئاراستە کۆنەکە.

راستکردنەوەی ئاراستەکان بە تایبەت ئەوانەی بە زەبری هێز راستدەکرێنەوە دەبنە ئاراستەیەکی دەستکەوتوو (المکتسب)، ئەمەش لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤ لە قۆناخەکانی سەرەتایی ژیانیدا،پرۆسەی راستکردنەوەی بۆدروستدەبێت،بەڵام راستکردنەوەی ئاراستەکانی لایەنە مەعریفییەکان ئەوەندە سەخت و ئاڵۆز نین، وەک ئەوەی لەراستکردنەوەی ئاراستەکانی ویژدانی و مەیلگەراییدا هەیە کە تا رادەیەک سەخت و ئاڵۆزن.

زانایانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی جەختیان لەوە کردۆتەوەئاڵۆزی و گرێکوێرەکانی تاک یان پابەندبوونی بە بۆچوونێکی دیاریکراو لە بەرامبەر ئەوانی دیکە،فەرمان بەسەر رەفتارو ئاراستەکانی دەکات و ئەو تاکە وا لێدەکات زۆرتر بەرگری لە گۆڕینی ئاراستەکانی بکات و سەختە بتوانێ ملکەچی هەر هەوڵدانێک بێت بۆ قەناعەتپێهێنانی . زانایانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی و ئەوانەی تایبەتمەندو پسپۆرن بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی گرنگیان بە لێکۆڵینەوەی ئەو نامانە داوە تاکاریگەر بن بۆ قەناعەتپێکردنی بە ئاراستەی پێچەوانەیەی تاکەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر توانای نامەکە کە چەند توانای گۆڕینی ئاراستەکانی هەیە.ئەمەش ئاستی راستگۆیی خاوەن نامەکەو سروشتی قەناعەتپێهێنان و هەروەها لۆژیک و بابەتەکانی

ناو نامەکە هەموو ئەمانە ئاماژەو هۆکاری بنەڕەتین بۆ چۆنێتی گۆڕینی ئاراستەکان.

هەڵبەت پرۆسەی گۆڕینی ئاراستەکان له ئامانجه سەرەکیەکانی هەوڵدانه بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی که رووبەرووی دەبنەوە، که بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1- گۆڕینی ئاراستەکان بۆ بابەتێکی دیاریکراو،له لایەنگرییەوە بۆ دژ،یان له پەسنکردنەوە بۆ رەتکردنەوە،یان پێچەوانەکەی.
2- گۆڕین له پلەو ئاستی توندی ئاراستەکە،ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەرێنی و نەرێنی گۆڕینەکە دەبێت، ئەگەر هاتوو ئاراستەکان بۆ بابەتێکی دیاریکراو پۆزەتیڤ بوون،هەوڵدەدەین ئەو ئاراستەیه بپارێزین له گۆڕین و کاری بۆ بەهێزکردنی بکەین.

**ئاراستەکانی گۆڕینیش بەهۆی ئەم هۆکارانەی خوارەوەیە:**

أ- سیفاتی کەسەکەو خاوەنی ئاراستەکە.
ب- سروشتی ئاراستەکەو تایبەتمەندییەکانی.
ت- سروشتی هەڵوێستوەرگرتن لێی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی.

**ڕێگاکانی ڕاستکردنەوەی ئاراستەکان ئەمانەن:**

1- **گۆڕینی کۆمەڵ(الجماعة ) کە تاک ئینتیمای بۆ کردووە.**

کۆمەڵ کاریگەری لە دیاریکردن و دروستکردنی ئاراستەی تاک هەیە،ئاساییە تاک ئاراستەکەی خۆی بگۆڕێت و ئینتیما بۆ کۆمەڵەیەکی دیکە بکات.

2- **گۆڕینی دۆخی تاک**

تاک لە ژیانیدا بە دۆخی جیا جیا ڕەتدەبێت، هەر دۆخێکی زۆرترین گونجانی لەگەڵ دۆخە نوێکە دروستدەکات.

3- **گۆڕینی بەزۆر لە ڕەفتاردا**

هەندیکجار تاک لە گۆڕینی ئاراستەکەیدا زیانی پێدەگات لە ئەنجامی ئەو گۆڕینەی کە لە دۆخی ژیانیدا دروستبووە، وەک دۆخی کار(وەزیفە) یان پیشە یان ماڵ و نیشتەجێبوونی.

4- **ناسینی بابەتی ئاراستەکە**

پێویستە بۆ گۆڕین و ڕاستکردنەوەی ئاراستە، بابەتی ئاراستەکە بزانرێ،لە ڕووی چەندێتی و جۆرییەوە، ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و پرۆسەکانی ڕۆڵێکی دیاریان هەیە لە گۆڕینی ئاراستەکاندا.

5- **شارەزایی ڕاستەوخۆ لە بابەتەکە**

سرووشتیە چاوەڕوانی زیاتر لەهەل بکەین بۆ گۆڕین و راستکردنەوەی ئاراستەکان بۆ بابەتێکی دیاریکراو، سەرەڕای رووبەڕووبوونەوەی تاک لەو شارەزاییە راستەوخۆیەی لە بابەتەکە هەیەتی.

**6- رێگای بڕیاردانی بە کۆمەڵ**

ئەمەیان بەهێزترین رێگایە بۆ گۆڕینی ئاراستەکان،چونکە پێوەری تاکەکان کەمتر توانای بەرەنگاربوونەوەی هەیە بۆ گۆڕین.

**7- رێگای رۆڵ (الأدوار) بینین.**

پێویستە تاک ویستی بۆ گۆڕینی ئاراستەکانی رۆڵێکی جیاواز لە ئاراستەکەی ببینێ، بۆنموونە داوا لەجگەرەکێشەکان بکرێ رۆڵی نەکێشانی جگەرە ببینن و هەڵبسن بەپێشکەشکردنی نامەی قەناعەتپێکراو،بۆئەوەی جگەرەکێشەکان ئیتر جگەرە نەکێشن.

**8- کاریگەری زانیاری**

باشترین ئامراز بۆ گۆڕینی ئاراستەکان گەیشتنە بە راستییەکان یان زانیاری بەردەوام لە بابەتی ئاراستەکان بۆ تاک.

**ئەو هۆکارانەی کە لە گۆڕینی ئاراستەکاندا سانایە ئەمانەن:**

1- لاوازی ئاراستەکەو پتەو نەبوونی
2- بوونی ئاراستەی هاوسەنگ و یەکسان لە هێزەکاندا.
3- دابەشبوونی راوبۆچوونەکان لە نێوان ئاراستە جیاوازەکاندا.
4- لە بنچینەدا و ناڕۆشنی ئاراستەی تاک بۆ بابەتی ئاراستەکە.
5- نەبوونی کاریگەرە دژەکان.

6- بوونی شارەزایی راستەوخۆی بەردەوام بۆ بابەتی ئاراستەکە.
7- رووکەشی یان پەراوێز ئاسای ئاراستەکە

**ئەو هۆکارانەی کە لە گۆڕینی ئاراستەکاندا سەختن ئەمانەن:**

1- بەهێزی ئاراستەکەو پتەوبوونی.
2- زیاد لە پێویست رۆشنی لە ئاراستەکە هەبێت لای تاک.
3- چڕ کردنەوە لەسەر هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئاراستەکان لەسەر تاک نەک لەسەر هەموو کۆمەڵ.
4- چڕکردنەوە لەسەر هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئاراستەکان لەسەر وانەو بڵاوکردنەوەکان(المحاضرات والمنشورات).
5- چەقبەستوویی فیکری و توندی لە راوبۆچووندا لای تاک.

**حەفتەم: ئاراستەکان و بۆماوەیی(الاتجاهات والوراثة )**

بۆچوونێکی زانستی بڵاو هەیە کە ئاراستەکان وەرگیراون واتا دەستکەوتن (مکتسبة) ئایا ئەمە بە رەهایی راستە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاماژە بۆ (ئارنستۆن Arnston) دەبەین لەو لێکۆڵینەوەیەی لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم کردبووی، روونیدەکاتەوە کە ئاراستەکان پەیوەندییان بە بۆماوەیی هەیە.

**بەشی پێنجەم: کارلێکی کۆمەڵایەتی**

1- پێناسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی

2- خەسڵەتەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

3- گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی

4- پێداویستییەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

5- ئامانجەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

6- ئەو بنەمایانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەسەر وەستاوە

7- ئاستەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

8- هۆکارە کاریگەرەکان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی

9- قۆناخەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

10- شێوازو میکانیزمەکانی پێوانەکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی

## کارلێکی کۆمەڵایەتی

چەمکی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانترین چەمکی هەردوو زانستی کۆمەڵناسی و دەروونزانی هەژمار دەکرێ و، بە خاڵی بنەڕەتی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە زانستی کۆمەڵایەتی دادەنرێ،کە تیایدا قسە لەسەر چۆنیەتی کارلێکی تاک لەگەڵ ژینگەکەیدا دەکات.هاوکات دەئەنجامی ئەو کارلێککردنە کە پەیوەندە لەگەڵ بەهاو نەریت و ئاراستەکان، لەم نێوەندەشدا چەندین بڕیارو تیۆریزەکاری تایبەت بە تیۆرەکانی زانستەکەو چارەسەرییە دەروونییەکان ئامادەگی و قسەی خۆیان هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی جۆرێکی کارتێکراوو کاردانەوەیە، بەشێوەیەک زانستی کۆمەڵناسی سەلماندوویەتی کە زنجیرەیەک کارتێکردن بوونیان بەسەر تاکی مرۆڤدا هەیە، بۆیە لە بەرامبەریشدا مرۆڤ کاردانەوەی دەبێت. کارلێکی کۆمەڵایەتی بە تەنیا کار لە تاک ناکات، بەڵکو کار لەسەر هەموو ئەو کەسانەش دەکات کە خاوەنی پرۆگرام و بەرنامەی لەمشێوەیەن، بەشێوەیەک ئەم کارتێکردنە کار لە خودی کارەکانیان دەکات و ناچاریان دەکات ڕەفتاریان باشتر باشتر بکەن بە گوێرەی وەڵامدانەوەی هەر تاکێک لە بەرامبەر ئەم کارەی پێشکەشیان کردووە.

کارلێکی کۆمەڵایەتی بە چەندین شێوە قسەی لەسەر دەکرێ، بۆ نموونە وەکوو پرۆسە ناودەبرێ،چونکە جۆرێک لە چالاکی لەخۆدەگرێ، ئەم

چالاکیە پێداویستییەکانی تاک یاخود مرۆڤ دەورووژێنێت، بۆ نموونە (ئینتیما،خۆشەویستی، توانا، سەرکەوتن).

هەروەها بە دیاردە State ناودەبردرێ، بەو پێیەی ئاماژە بە دەرئەنجامی کۆتایی دەکات کە مرۆڤ لە بەدەستهێنانی پێداویستییەکانیدا ریزبەندیان بۆ دەکات. دیسان بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی Traits ناودەبردرێ کە جۆرێکە لە ئامادەباشیەکی جێگیر، چونکە بە شێوەیەکی رێژەیی وەڵامدانەوەو کاردانەوەی تاک لە رەفتارە کۆمەڵایەتییەکەی دەخاتە روو.هاوکات بە رەفتاری رووکەش Overt یش ناودەبرێ، چونکە گوزارشت لە شێوازی ئاخاوتن و جوولەکانی تاک دەکات، لە کۆتاییشدا پێیدەگوترێت Overt چونکە کارە بنەڕەتییەکانی ئەقڵ لەوانە هەستکردن، وەبیرهاتنەوە،بیرکردنەوەو چەندینی دیکە لەخۆ دەگرێ.

لە راستیدا وشەی کارلێک وشەیەکە لە زانستی سروشتی وەرگیراوە، بە واتای کارتێکردنی ئاڵوگۆڕی نێوان دوو رەگەز یان زیاتر بێت. بەڵام هەر رەگەزێکیش خاوەنی تایبەتمەندی و خاسیەت و پێکهاتەی سوودمەندی خۆیەتی. لە کۆتاییشدا لە دەرئەنجامی ئەم کارتێکردنەدا پێکهاتەیەک دروستدەبێت کە تێکەڵەی هەموو ئەم پێکهاتە و خاسیەت و تایبەتمەندیانەی نێوان هەردوو رەگەزەکەیە. بەڵام کارلێکی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە کارلێکی سروشتی چونکە ئەم کارلێکە کۆمەڵایەتییە هەڵگری کۆمەڵێک چەمک و پێوەرو ئامانجە، بۆنموونە کاتێک کاردانەوەی دەبێت بەرامبەر هەڵوێستێکی مرۆیی واتا وەڵامی واتایەکی دیاریکراو دەداتەوە.

بێگومان کارلێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک پێشبینی لە نێوان هەردوو رەگەزەکەدا لەخۆ دەگرێ، هەروەها کالێکی کۆمەڵایەتی هەستی تاک و رەفتارەکانی لەژێر رۆشنایی پێوەرەکان و لە میانی زمان و سیمبول و

هێماو ئاماژەکان لەخۆ دەگرێ،جگە لەمەش رۆشنبیری تاک و گشتی جۆرێکە یاخود شێوەیەکە لە شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی.

کارلێکی کۆمەڵایەتی تەنیا لە نێوان دوو رەگەزدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لەنێوان کۆمەڵەو کۆمەڵەیەکی دیکەشدا دروستدەبێت، هەروەها توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەگەر یەکێک لەو دوو کۆمەڵەیە جڵەوی گرتە دەست و زاڵ بوو، ئەویدیکەیان چاوی لێدەکات. بەهۆی ئەویشەوە فێردەبێت، بەمپێیەش کۆمەڵەی دووەم کاریگەر دەبێت بەئەداو بەرهەمەوە.

## 1- پێناسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی

گرنگترین تایبەتمەندییە مرۆییەکان بریتییە لە بوونی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤێکی دیکە، بە گشتیش بە رەچاوکردنی ئەو پەیوەندییە کە ئەرێنییە یاخود نەرێنییە، بەڵام پێویستە ناوبنرێ پەیوەندی مرۆیی.

لە بنەڕەتدا کارلێکی کۆمەڵایەتی چەندین شێوەو شێوازی جیا جیای هەیە، هەروەها ئەم کارلێکە کۆمەڵایەتییە بەهەردوو شێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دروستدەبێت لە نێوان دوو کەس یان دوو گرووپی جیاواز یان دوو کۆمەڵەی گەورە. هەروەها دیوستبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەهۆی بەکارهێنانی زمان و هێماو سیمبولەوە دێتە دی، جگە لەمانەش کارلێکی کۆمەڵایەتی جۆرێک لەخۆ دەگونجاندن و رکابەری و کێبرکێ و هاوکاری تێدایە، هەر کاتێکیش جۆرەکانی یان شێوازەکانی کارلێک جێگیر دەبن، ئەوکاتە ئەم کارلێکە یاخود ئەو پەیوەندییە دەبێتە پەیوەندییەکی باوک و کوڕانە و دۆستانە.

زانایانی کۆمەڵناسی لە رووی جێگیریی و رێکخستنەوە جیاوازیان لە نێوان پەیوەندییە کاتی و هەمیشەییەکاندا کردووە. هەر بۆیە سەبارەت بە پێوەندی کاتی ناویان ناوە پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی، بەڵام سەبارەت بە هی دووەمیان ناویان ناوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لێرەدا بە کورتی پرۆسەی کۆمەڵایەتی تەنیا بریتییە لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە قۆناخی دروستبووندا.هەر کاتێکیش ئەم پەیوەندییە جێگیر بوو و شوێن پێی خۆی هەڵگرت و جۆرە تایبەتمەندی و شێوەیەکی تایبەتی وەرگرت، ئەوکاتە وەردەچەرخێ بۆ پێوەندی کۆمەڵایەتی، بۆیە لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان پرۆسەو پەیوەندی ئەم جیاوازیەش تەنیا لە پلەیە نەوەک لە رووی جۆرەوە.

توێژینەوە شیکارییەکانی تایبەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی ئاماژەیان بەوەداوە کە کارلێکی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ئەنجامدانی کارلێکەوە لە لایەن کەسێکەوە دروستدەبێت، پاشان ئەنجامدانی ئەم کارە لە لایەن کەسێکی دیکەوە کاردانەوەی دەبێت. بۆیە پێویستە جیاوازی لە نێوان کاری کۆمەڵایەتی و هەر کارێکی دیکەی نا کۆمەڵایەتی بکرێت. بە گوێرەی پێناسەی ماکس ڤیبەر کە بۆ کاری کۆمەڵایەتی کردوویەتی بریتییە لە: رەفتاری مرۆیی کە هەڵگری مانایەکی تایبەتەو لە لایەن کاراکتەری مرۆڤەوە ئەنجامدەدرێ،دوای ئەوەی کە بیری لێ کردۆتەوە لە لایەن کەسانێکی دیکەشەوە کاردانەوەی دەبێت کە ئەم رەفتارەیان ئاراستە دەکرێ.

پێکداکێشانی نێوان دوو پایسکیل سوار بریتییە لە کارلێکی سروشتی نەک کارێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام هەوڵدانی هەر یەکێکیان بۆئەوەی بە ئەویدیکەدا بکێشێ، هاوکات لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانی زمانی دوای

رووداوەکە دەبێتە کارلێکی کۆمەڵایەتی راستەقینە. بێگومان کارلێکی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵێک پێوەری پەیوەندار بەو کارلێکەوە جێگیر بووە، ئەمەش لە میانی بوونی سیستەمێکی دیاریکراو لە پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی دەوران و نێوەندە تواناداراەکانی ناو کۆمەڵگاو کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان کە لە دەرئەنجامیشدا دەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵەی مرۆیی و دەرکەوتنی کۆمەڵگا مرۆییەکان.

بەشێوەیەکی گشتی دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە کارلێکی کۆمەڵایەتی میکانیزمی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگایە هاوکات بریتییە لە کۆمەڵێک زەنگی وشیاربوونەوەی کۆمەڵایەتی کارلێکراو کە ژینگەی کۆمەڵایەتی پێشکەشی یان ئاراستەی رۆڵەکانی دەکات،هەموو ئەو زەنگانەش وادەکات کۆمەڵگا وەڵامی هەبێت.

## 2- خەسڵەتەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

أ- کارلێکی کۆمەڵایەتی بە میکانیزمی پەیوەندی لەیەکگەیشتنی نێوان تاک و کۆمەڵگا دادەنرێ،بۆیە مەعقول نییە کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگا ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن،هیچ کارلێکێکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا روونەدات.

ب- هەموو تاکێک قابیل بەوەیە کاردانەوەی خۆی سەبارەت بە روودانی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان هەبێت.

ت- کاتێک تاک لەناو کۆمەڵەیەک رەفتارێک دەکات، پێشبینی ئەوەش دەکات کە بەرامبەر ئەم رەفتارە دیاریکراوەی خۆی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵەکە هەڵوێست و وەڵامی ئەرێنی یاخود نەرێنیان بەرامبەر دەکرێت.

ث- کارلێک لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵەیەک دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سەرکردەو دەرخستنی تواناو لێهاتوویی تاک.

ج- کارلێکی کۆمەڵەیەک لەگەڵ کۆمەڵەیەکی دیکە قەبارەیەکی گەورەتر دەبەخشێ لە کارلێکی نێوان خودی تاکەکان.

ح- گرژی و ئاڵۆزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکە کارلێکراوەکان دەبێتە هۆی لە یەکتری نزیکبوونەوەیەکی بەهێزی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە.

## 3- گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی

أ- کارلێکی کۆمەڵایەتی بەشدارییەکی بەرچاودەکات لە پێکهێنانی ڕەفتاری مرۆڤ، هەر بۆیە لە میانی کارلێکەوە نەوەکان فێری زمانی نەتەوەو رۆشنبیری و دابونەریت و بەهای کۆمەڵەکەیان دەبن، ئەوەش لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاساییکردنەوەو سروشتی کۆمەڵایەتی Socialization

ب- کارلێکی کۆمەڵایەتی پێویستییەکە بۆ گەشەکردنی منداڵ، توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو منداڵانەی هەلی تەواوی پێنادرێ بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامدا گەشەی دوا دەکەوێ.

ت- کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی لەیەکتری جیاکردنەوەی کەسەکان لە رووی ڕەفتارو هەڵسوکەوت و ئاخاوتنی کەسایەتیان، بۆ نموونە: دەرکەوتنی کەسانی خۆشنووس، داهێنەران و کەسە دڵ بەقین و شەڕخوازەکان، هەروەها لەو میانەدا کەسەکان دەتوانن توانایی دەربڕین و دەستپێشخەری گفتوگۆ بەدەستبهێنن.

ث- کارلێکی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی کۆمەڵەو گرووپ دادەنرێ،بۆیە لە دیدی یاخود لە روانگەی تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی وا دادەنرێ کە کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پەیوەندی نێوان کەسەکان، لە دەرئەنجامیشدا هەریەکەیان لەگەڵ ئەویدیکەدا پەیوەندییەکی دیاریکراو بەیەکەوە کۆیاندەکاتەوە.

ج- کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی لە یەکتری جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵەکە ئەمەش وادەکات سەرکردەکان و پێچەوانەکانیان دەرکەون.

ح- کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دیاریکردنی رۆڵی کۆمەڵایەتی یان ئەرکی بەرپرسیارێتی. بۆنموونە: لەو کۆمەڵانەی کە زیاتر دیالۆگ لەخۆدەگرن کارلێکەکە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی رۆڵی بەشداربوان و قووڵبوونەوەیان.

لە میانی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە سێ(3) شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت:

1- ئەرێنی ئاڵوگۆڕ(پەیوەندی راکێشان).
2- پەیوەندی نەرێنی ئاڵوگۆڕ(پەیوەندی دوورکەوتنەوە).
3- پەیوەندی تێکەڵاو،کە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بەیەکەوە کۆداتەوەو، لایەنێکی باشەی وەردەگیرێت و لایەنە خراپەکەیشی دووردەخرێتەوە.

کەواتە لێرە روونذەبێتەوە کارلێکی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە ئاستی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگا، هەر کاتێک ئاستی ئەم پەیوەندی و کارلێکە بەرز ببێتەوە، ئەوا لێکتێگەیشتن زیاتر دەبێت،بگرە هەردوولا زیاتر هەست

بە تایبەتمەندییەکانی یەکدی دەکەن. هەروەها ئەوەی پەیوەندە بە کارلێکی تاک بە کۆمەڵەکەیەوە، کاتێک کۆمەڵەکە دەبینێ یان هەست بە رێزو شکۆو سەرکەوتنی ئەندامەکانی دەکات و بۆ هەر یەکێکیشیان دەرفەت دەڕەخسێنێ بە مەبەستی بەشداریکردنی هەموان، لەم دۆخەشدا ئاشکرا دەبینی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەرەو ئاراستەیەی کۆمەڵەکەیان هەنگاو دەنێن.

4- **پێداویستییەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی**

بۆ هەر پرۆسەیەکی کارلێکی کۆمەڵایەتی پێویستە بوونی ورووژێنەری کاردانەوەی لایەنی بەرامبەر کە رەفتارێکی ئاراستە دەکرێت، لە لایەن لایەنی یەکەمەوە لەئارادا هەبێت، بۆ ئەوەی لەم نێوەندەدا لێکتێگەیشتنێکی ئاڵوگۆڕپێکراو دروست ببێت بە مەبەستی بونیادنانی هەڵوێستێک یان رەفتارێکی پەسەندکراو.بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئەم بنەما بنەڕەتیانەی خوارەوە رەچاو بکرێت:

أ- **توانای تێگەیاندنی ئەوانی دیکە:**

کارلێکی کۆمەڵایەتی ئاراستە کراوە بە مەبەستی گەشەپێدان یان پەرەپێدانی متمانەو توانای پێویست بە مەبەستی بونیادنانی رەفتارێکی تەندروست سەبارەت بەو پرسیارانەی پەیوەندیان بە ئامانجەکانی کارلێکەوە هەیە. هەروەها بۆئەوەیە کەسی بەرامبەر هەستی پێبکات،نەک بڕوامان وابێت کەسی بەرامبەر هەستی پێویستی لایە.هاوکات ئەم مەبەستە بەدینایە جگە لەوەی کۆمەڵێک فاکتۆری پەیوەنددار هەیە سەبارەت بەو ژینگەیەی کە پەیوەندی بە لایەنی بیرکردنەوە،هەستکردن و بیروباوەڕی

هاوبەش و كاریگەری ئاڵوگۆڕ پێكراوی نێوان تاكەكان و كاریگەری ژینگەی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و مادی وەرگر(المتلقی)ەوە هەیە،لەگەڵ ئەو كاریگەرییانەی كە كار لەسەر رەفتاری ئەو وەرگرە دەكەن.

بۆیە بەشێوەیەكی گشتی ئاشنابوون بەو هۆكارانەو كاریگەرییەكانیان بەسەر رەفتار پێویستییەكی حەتمییە،بۆئەوەی بە باشترین شێوە كارلێكی كۆمەڵایەتی دروستببێت و باشترین رێگەش هەڵبژێردرێ بۆئەوەی بتوانرێ ئەم ئامانجە بەدی بهێنرێت.

**ب- توانای ئاخاوتن بەشێوەیەكی رۆشن**

ئامانجی كارلێكی باش بریتییە لە دووپاتكردنەوەی ئەو شێوازەی كە لایەنی بەرامبەر گوێی لێدەبێت و تێیدەگات.بۆیە پێویستە ئەو پەیامەی كەلایەنی یەكەم ئاراستەی دەكات دەبێت دەبێت زۆر رۆشن بێت. یەكێك لە لێهاتووییەكانی كارلێكی بنەڕەتی بریتییە لە:گوێگرتنێكی باش، بۆئەوەی لایەنی بەرامبەر هەست بكات كە رێزی لێدەگیرێت و گرنگی پێدەدرێ،ئەمەش وادەكات ئەم كەسە هانبدرێ لەسەر هەڵوێستەكانی، دەرفەتی ئەوەی پێبدرێت تا رای خۆی دەرببرێ،بێئەوەی رەخنەی لێبگیردرێ یان شیكردنەوەو لێكدانەوە بۆ قسەو رەفتارەكانی بكرێت.

**ت- جوانی خستنە رووی پرسیارەكان**

بە مەبەستی گەیشتن بە زانیاری وردو قووڵ پێویستە رێگایەكی گونجاو بەكاربهێنرێت بۆ داڕشتنی پرسیاری جوان و رۆشن و ئاسان،ئەمەش وا لە لایەنی بەرامبەر دەكات بە شێوەیەكی ئاسان و بەوپەڕی ئازادی بدوێ.

**ث- بەکارهێنانی جووڵە(التحكم في التفاعل غير اللفظي).**

واتا پێویستە چاودێری کەسی وەرگر(المتلقی) بکرێ سەبارەت بە جووڵەکانی،لە میانی ئەنجامدانی پرۆسەی کارلێک، بۆنموونە:جووڵەی دەست،زەردەخەنە،دابەشکردنی دەموچاو..)هاوکات دەبێت کۆنترۆڵی هەریەکە لەمانە بۆئەوەی کاردانەوەی نەرێنی بەسەر پرۆسەی کارلێکەوە نەکەن.

**ج- خۆبەدوور گرتنی لایەنگری و پێویستی پابەندبوون بە هەڵوێستێکی کراوە.**

- پشتبەستن بە هەڵوێستی نەرم بۆئەوەی توانای گفتوگۆ بە لایەنی بەرامبەر بدات بێئەوەی ئاوڕ لە کۆمەڵێک بیرکردنەوەی پێشوو بدرێتەوە .ئەمەش وادەکات بەرامبەر بە ئاسانی بدوێ.
- پشت بە جۆرە هەڵوێستێک ببەسترێ کە لایەنی بەرامبەر وا هەست نەکات ئەو لەبەردەمی دادگاو لێپێچینەوەدایە سەبارەت بە رەفتارو بۆچوونەکانی،بەڵکو تەنها هەوڵێکە بۆئەوەی زانیاری وردەکاری لەبارەیەوە وەربگیرێت،بێئەوەی رەخنەی لێبگیرێ و تۆمەتبار بکرێ.

**5- ئامانجەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی**

1- کارلێکی کۆمەڵایەتی هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵە دەدات،لەگەڵ دیاریکردنی رێگەو شێوازەکانی تێرکردنی پێویستییەکان.

2- لەمیانی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە تاک و کۆمەڵ فێری شێوازە جۆراوجۆرەکان و ئەو ئاراستانە دەبن کە پەیوەندی نێوان تاکەکان و کۆمەڵە لەچوارچێوەی بەهاو رۆشنبیری و دابونەریتی خۆیان رێکدەخەن.

3- بەشێوەیەکی بەردەوام یارمەتی هەڵسەنگاندنی خودو ئەوانیدیکە دەدات.

4- یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی کەسایەتی خود،بگرە یارمەتیدەرە بۆئەوەی گوشاری سەر تاک کەمبکاتەوە،کە زۆربەی جارەکان وا لە کەسەکان دەکات دووچاری گۆشەگیری و تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دەروونی ببنەوە.

5- یارمەتیدەرە سەبارەت بە دروستکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان و چاندنی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نێوانیان.

**6- ئەو بنەمایانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنیادنراوە**

کارلێکی کۆمەڵایەتی لەسەر چوار کایەو بنەما وەستاوە

**أ- پەیوەندی(الاتصال)**

بە سروشتی دۆخەکە،کارلێک لە نێوان دوو تاک رووندادات بێئەوەی هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نەبێت،یان لە میانی یەکێتی بیرکردنەوەی نێوانیاندا ئەو پەیوەندییە بەکارنەهێنن بۆ مەبەستی گەیشتن بە رەفتاری هاوبەش و هاریکار لەنێوان هەردوولادا.

پەیوەندی بەیەکگەیشتن گوزارشت لە پەیوەندی نێوان تاکەکان دەکات،واتا گوازتنەوەی بیرۆکەیەک یاخود مانایەکی دیاریکراو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی دیکە ئا بەمشێوەیە لە میانی ئەم پەیوەندی بەیەکگەیشتنەدا کارلێک لەنێوان تاکەکان دروستدەبێت. هەروەها پرۆسەی پەیوەندی بەیەکگەیشتن رووندادات سەربەخۆش بە ئەنجام ناگات،بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە بنەماو کایەی سەرەکی پرۆسەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتییە روودەدات.

**ب- پێشبینی**

بریتییە لە ئاراستەی ئەقڵی و ئامادەباشی وەڵامدانەوەی ئەوانیدیکە، بۆنموونە (قەبووڵکردن، رەتکردنەوە،پاداشت ، سزا)بۆیە ئەوکەسەی پێشبینی دەکات رەفتاری بەرامبەرەکەی هەڵدەسەنگێنێ، ئینجا دێت رەفتاری کەسەکە لەگەڵ خودی پێشبینینیەکانی خۆی دەگونجێنێ.ئەگەر پێشبینی دەستنیشانی رەفتار بکات،هاوکات فاکتۆرێکی بنەڕەتیشە لە

هەڵسەنگاندنی چونکە ئەم هەڵسەنگاندنە لەسەر بنەمای پێشبینی دروستدەبێت.

نابێ لەبیربکەین کە پێشبینی لەسەر ئەزموونەکانی پێشوو بونیاد دەنرێ یان پێوانەکردنی لەگەڵ رووداوە هاوشێوەکانی. هەروەها رۆشنی پێشبینییەکان پێویستییەکی حەتمییە بۆ رێکخستنی رەفتاری کۆمەڵایەتی لە میانی پرۆسەی کارلێکردن. هاوکات نارۆشنی و شاراوەیی پێشبینی لەگەڵ رەفتاری ئەوانیدیکە یەکانگیر نابێتەوەو کارێکی قورسە بۆیە دەبێتە هۆی بێتاقەتی لە بەدەستهێنانی رەفتارێکی گونجاو.

**ت- گەیشتن یان هەستکردن بە رۆڵبینین و نمایشکردنی**

هەموو مرۆڤێک خاوەنی رۆڵی خۆیەتی و بە رۆڵی خۆی هەڵدەستێت، ئەم رۆڵەش لە میانی رەفتارەکەیی و ئەنجامدانی رۆڵەکەی راڤەو شیکردنەوەی بۆدەکرێ، رەفتاری تاک لە میانی هەستانی بە رۆڵی کۆمەڵایەتی جیاواز جیاواز لەگەڵ ئەوانیدیکەو لە چوارچێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی راڤەدەکرێ.

کاتێک هەڵوێستەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا تاک رۆڵی خۆی تێدا دەگێڕێ،کەسایەتییەک یان چەند کەسایەتییەک لەخۆ دەگرێ،ئەوکات پێویستە لەسەر تاک رۆڵی خۆی بدۆزێتەوە لە توانای وێناکردنی رۆڵی ئەوانیدیکە،یان توانای ئەوەی هەبێ لەناو خۆیدا بەم رۆڵە هەڵبسێت، بۆیە هەوڵدەدەین،خۆمان لە شوێنی یەکێکیدیکە دابنێین،هەروەها یارمەتی خۆگونجاندن بدەین لەگەڵ کۆمەڵەو بەردەوامیش بین لەگەڵیدا،تا وای لێدێت هەموو تاکێک لە کۆمەڵەکەدا خاوەنی رۆڵی خۆی بێت، جگە لەوەش

توانای ئەوەی هەبێت رۆڵی ئەوانیدیکەش کە لەناو کۆمەڵەکەدان بەباشی بگێڕێت.

بەگشتی ئەو کەسەی لەناو کۆمەڵەیەکدا هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی چالاکی بەڵام ناتوانێ پێشبینی بکات سەبارەت بە کرداری ئەوانیدیکە،ئەوەش بەهۆی ناتوانایی و نەتوانینی لە تێگەیشتن و هەستکردن بە رۆڵی ئەوانیدیکە و پەیوەندی رۆڵی ئەو بە رۆڵی ئەوان. هەر بۆیە لە ئەنجامدا ئەوکەسە ناتوانێ رەفتاری خۆی راستبکاتەوەو لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەڵەکە بیگونجێنێ.

**ث- هێما ئاماژەیەکی مەبەستدارە**

هەریەکە لە پەیوەندی و پێشبینی و رۆڵگێڕان هەموویان لە میانی هێماو ئاماژەو مەبەستدارەکان و هاوبەشەکانی وەک زمان و جوولانەوەی دەست و دەموچاو تەواو دەبن. هەر یەکێکیش لەم شێوازانە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستکردنی هاوبەش لە نێوان تاکەکاندا کە لە ئەنجامدا یەکێتی بیرکردنەوەو هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی یەک ئاراستەو ئامانجی دیاریکراو دروستدەبێت. لەمبارەیەوە (یۆنگ) ئاماژە بۆئەوە دەکات کە مرۆڤ لە جیهانێکدا دەژی پڕە لە هێماو و ئاماژە، هەر یەکێکیش لەم ئاماژەو هێمایانە شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربڕینی هەست و بیرکردنەوە کە لە میانەیاندا دەتوانین ئەزموونی خۆمانی پێ دەربببڕین.

## 7- ئاستەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

### أ- کارلێکی نێوان تاکەکان

ئەوکارلێکانەی لە نێوان تاکەکاندا هەیە، باوترینیان کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان باوک و کوڕ، ژن و مێرد، سەرۆک و ژێردەستەکەیەتی..، هەڵبەت ژینگەی کارلێکی ئەم دۆخەش بریتییە لە گوازتنەوەی رەفتاری هەر یەکێکیان بۆ ئەویدیکە،پاشان ئەم کارلێکە کاریگەریی خۆی دروستدەکات و دواتر کاریگەری بەسەر ئەوانیدیدا دەبێت.

لە پرۆسەی سروشتی کۆمەڵایەتی دەبینین کارلێکی کۆمەڵایەتی بەم ریزبەندییە دەستپێدەکات،منداڵ – دایک، خوشک و برا،منداڵ و هاوڕێکانی،گەنج و قوتابخانە، گەنج و ئەوانەی بەیەکەوە کاردەکەن، گەنج و سەرکردەو بەڕێوەبەرەکانیان..، لە هەریەکێک لەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە دەبینین کە تاک یان کەس بەشێکە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەوانیدیکە،بەشێوەیەک وەڵامیاندەداتەوە وەک چۆن ئەو وەڵامی ئەوان دەداتەوە،دواتریش بەیەکەوە کارلێکدەکەن.

### ب- کارلێکی نێوان کۆمەڵەکان

لە دۆخی کارلێکی نێوان سەرکردەو شوێنکەوتوانی مامۆستاو قوتابییەکانی بەڕێوەبەرو ئەنجوومەنی بەڕێوەبردندا لەم دۆخەدا مامۆستا کاریگەریی دەبێت بەسەر قوتابییەکانی وەکو کۆمەڵەیەک، هاوکات مامۆستا کاریگەریی دەبێت بە مەدای گرنگیپێدان و بەرزکردنەوەی گیانی مەعنەوی و متمانەی ئاڵوگۆڕپێکراوی نێوانیاندا.

### ت- کارلێکی نێوان تاکەکان و رۆشنبیریی

لە دۆخێکی وەهادا مەبەست لە رۆشنبیریی بریتییە لە دابونەریت و بەهاکان و رێگەکانی بیرکردنەوەو کردارەکان و پەیوەندییە ژینگەییە باوەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا. بۆیە لێرەدا ئاساییەو کارێکی لۆژیکییە ئەگەر کارێک لەنێوان تاک و رۆشنبیرییەکەی رووبدات، چونکە بە رادەیەکی زۆر رۆشنبیریی هەڵگری رەفتارە پێشبینیکراوەکانی کۆمەڵگایە. هەر تاکێکیش بە شێوەی تایبەتی خۆی لەگەڵ پێشبینییەکان هەڵدەکات، بۆیە رۆشنبیریی بەشێکی گرنگە لەو ژینگەیەی کە تاک لەگەڵیدا کارلێکدەکات، هەروەها هەریەکە لە مەبەست و خواست و هیواو بەهاکان کە لە ناخی هەموو کەسێکدا هەیە، بریتین لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی رۆشنبیریی.

### ث- کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دوو زاراوەی بەیەکە گرێدراون، بەشێوەیەک هیچ یەکێکیان بەبێ ئەویدی روونادات، بگرە وای لێهاتووە کە هەردوو زاراوەکە بوونەتە دوو هاو واتای یەدی، بۆیە دەبینین هەندێک کارلێکی کۆمەڵایەتیان بە شێوەیەک لە شێوەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەژمارکردووە.بەڵام هەندێکی دیکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بە رووخساری پرۆسەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەژمارکردووە.

کاتێک دوو کەس بە یەکدی دەگەن، یەکێکیان کار لەویدی دەکات و ئەویدیکەش کارتێکراو دەبێت، ئەم هاوکێشەیە پێیدەوترێ کارلێک. کاتێکیش پرۆسەکانی کاریگەری و کارتێکراو دووبارە دەبێتەوەو شوێن خۆیان دەگرن،بەم پەیوەندییە دروستبووە دەگوترێ پەیوەندییە ئاڵوگۆڕپێکراوەکان. هەرکاتێک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاد ببن،

پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانیش روو لە زیاد بوون دەبن.بگرە توانای دینامیکی کارلێکی کۆمەڵایەتیش زیاد دەبێت، بەمشێوەیەش کۆی ئەم پەیوەندیانە بریتییە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی.

**8- هۆکارە کاریگەرەکان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی**

- کارلێکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی یەکسان کاریگەرە بە رۆشنبیریی کەسە بەشداربووەکان، هەر کات ئەو لێکچوونە رۆشنبیرییە لە نێوان هەردوولا زیاد ببێت، ئەوا کارلێک لە نێوانیان زیاد دەبێت.
- کارلێکی کۆمەڵایەتی کاریگەرە بە تایبەتمەندی و سیفاتی کەسەکان، هەر کات کە لایەنێک بە دڵسۆزی و راشکاوانەو رەوشت بەرزی و لێبوردەیی و هاوکارییەوە رەفتاری کرد لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە باشتر وەردەگیرێ، لە ئەنجامیشدا وادەکات کە ئاستی کارلێکەکە زیاد ببێ،دیسان ئەگەر رەفتارەکە پێچەوانە بوو، کارلێکەکەش پێچەوانە دەبێت.
- کارلێک پێشبینی لەخۆ دەگرێ، بۆ نموونە: مامۆستا بابەتێک بۆ قوتابییەکانی شیدەکاتەوە، پێشبینی ئەوەش دەکات کە قوتابییەکان سەرنجی بۆ رادەکێشن و گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە تێینەگەیشتوون، هەروەها کاتێک بە برادەرێکت دەگەیت پێشبینی دەکەی سڵاوت لێبکات، بۆیە خۆت بۆ وەڵامدانەوەکەی ئامادە کردووە، بەڵام ئەگەر پێچەوانە دەرچوو، ئەوکات کارلێکەکە زیاتر دەبێت، چونکە کە ئەو برادەرەت سڵاوی لێت نەکردو پشتی تێکردی، ئەوکات تۆ بانگیدەکەیت و پرسیاری لێدەکەیت و داوای روونکردنەوەی لێدەکەیت و بگرە رەخنەش لە رەفتارەکەی دەگریت.

- کارلێکی کۆمەڵایەتی هەستی رۆڵی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێ کە لایەنی دووەم لەژێر رۆشنایی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی دەدات، ئەگەر هاتوو ئەم رۆڵە کورتی هێناو عەیبی تێکەوت، ئەوکات کارلێکەکە وێنەیەکی پێچەوانە وەردەگرێ.

- لە پێکهاتەکانی رۆڵی کۆمەڵایەتی دایک بریتییە لە چاودێریکردنی منداڵەکەی ئەگەر پشتی لە منداڵەکە کردو پێچەوانە رەفتاری لەگەڵدا کرد، لەم دۆخەدا جۆرە کارلێکێکی تایبەت لە نێوان ئەم دایکەو منداڵەکەی روودەدات، بگرە رەنگدانەوەی زیاتریشی دەبێت کاتێک بەهۆی ئەم کارلێکە خراپەی دایکەکە لەگەڵ منداڵەکە کارلێکێکی ئاوەهاش خراپ لە نێوان دایک و باوکەکە دروستدەبێت.

- بۆهەر بابەتێک ناوچەیەک هەیە کە دەوری داوە پێیدەوترێت لایەنی کەسی Personal space بۆیە لەسەر ئەم ناوچەیەو ئەم لایەنی کەسییەدا کارلێکی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت، بۆیە دەبینی کاتێک بۆشاییەک یان درزێک لەم ناوچەو لایەنە کەسییەدا روودەدات، راستەوخۆ لایەنی دووەم داواکراوە بە راستکردنەوەو چاککردنەوەی ئەم بۆشایی یان ئەم درزە.

- کارلێکی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕی یان نامە گۆڕینەوەی لەخۆ گرتووە، جا ئەم نامە گۆڕینەوەیە لە رێگای زمان بێت یان لە هەر رێگایەکی دیکە بێت کە لە نێوان دوو کەسی و دوولایەن روودەدات، کاتێکیش بۆشاییەک لە گوازتنەوەی ئەم نامەیە روودەدات، بۆشایی و درز دەکەوێتە کارلێکەکە، بۆنموونە کاتێک نامەکە شاراوەییەکی تێدایە، یان تەواو بۆ لایەنی بەرامبەر روون نییە، راستەوخۆ لایەنی بەرامبەر هەڵوێستێکی تازە دەنوێنێ و رەنگی رووی دەموچاوی دەگۆڕێت.

- هەریەکە لە بەهەند وەرگرتنی شوێنی دانیشتن و شێوازو چۆنیەتی دانیشتن رۆڵی خۆیان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبینن، بۆنموونە: کاتێک ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەک (با ئەو کۆمەڵەیە بۆنموونە خێزان بێت) لەسەر خوانێک کۆدەبنەوە، هەر هەموویان رووخسار یان (دەموچاویان) ئاراستەی ئەو کەسە دەکەن، کە قسەیان بۆ دەکات، نەک روو بکەنە ئەو کەسەی کە لە تەنیشتیان دانیشتووە. دیسان ئەگەر مێزێکی بازنەیی دانرا بۆمان رووندەبێتەوە کە هەموو ئەو کەسانەی لەسەر مێزەکە دانیشتوون و خوانێک لەسەر مێزەکە ئامادە کراوە، هەر یەکێک لەو کەسانەی لەسەر ئەم مێزە بازنەییە دانیشتووە وایدەبینێ کە ئەو لە سەرووی خوانەکە دانیشتووە نەک لە لا باڵەکانی مێزێکی لاکێشەیی یان چوارگۆشەیی، ئەمەش وادەکات کارلێکی هەموو ئەم کەسانە کە لەسەر ئەم مێزە بازنەییە کۆبوونەتەوە چڕترو قووڵتر بێت لەوکەسانەی کە لەسەر مێزێکی لاکێشەیی یان چوارگۆشەیی دانیشتوون.

- سەرکردە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردن و پێکهێنانی کارلێکی کۆمەڵایەتی، بۆ وێنە: ئەگەر سەرکردە سەرکردەیەکی خۆسەپێن بێت کارلێکی نابەجێ و گرنگی پێنەدراوو پەسند نەکراو دروستدەبێت، هەروەها ئەگەر سەرکردە سەرکردەیەکی ئاژاوەچی بوو، ئەوکات نیگەرانی و دڵەراوکێی کەسەکان بەهۆی شکستی سەرکردەکەیان زیاتر دەبێت لە دابینکردنی پێداویستییەکانیان و بەدەستهێنانی ئومێدو هیوای سەرکەوتنەکانیان. بەڵام ئەگەر سەرکردە سەرکردەیەکی دیموکراتخواز بوو، ئەوکات کارلێکەکە ئەرێنی و گەرموگوڕ و بەشداری پەرۆشی هەموانی تێدا دەبێت، بگرە هەموان هەست بەبوونی (ئێمە) دەکەن، کە گوزارشت لە دەستە جەمعی و پەیوەندی بە تینی نێوان یەکدی دەکات.

- کۆمەڵە بە قۆناخەکانی گەشەکردنێکی دیاریکراو تێپەڕدەبێت، لە هەر یەکێکیش لەم قۆناخانەدا کارلێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، لە سەرەتادا رەمەکییە، پاشان دەبێتە شتێکی ئەزموونکراو، بە شێوەیەک کاراکتەرەکان جۆرەکانی یان شێوازە دیاریکراوەکانی کارلێکەکە ئەزموونەکەن. پاشان پشێوی دروستدەبێت، دواتر وردە وردە ئالۆزییەکە کەمدەبێتەوە، دواتر ئەم کارلێکە جێگیر دەبێت و هەموان لەسەر یان لە دەوری کۆمەڵەکە کۆدەکاتەوە، ئەمەش گەیشتنە بە هەرەمی ئەنجامەکانی کارلێکەکە کە دەکرێ لەمەودوا کۆنترۆڵی هەموو ئەم هۆکارانە بکات کە کاریگەرییان بەسەر خودی کارلێکەکەدا هەیە.

### 9- قۆناخەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

#### أ- پێناسە

گەیشتن بە پێناسەیەکی هاوبەش کە ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی لەخۆ گرتووە:

- داواکردنی زانیاری و رێنماییەکان (کێشە چییە؟ لەبەرچی کۆدەبینەوە؟)
- پێدانی زانیاری و رێنماییەکان (دیاریکردن یان دەستنیشانکردنی کێشە)

**ب- هەڵسەنگاندن**

دیاریکردنی سیستەمێکی هاوبەش لەچێر رۆشنایی ئەم سیستەمەدا چارەسەرییەکان هەڵدەسەنگێندرێن، ئەمەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

- داواکردنی راو بۆچوون و هەڵسەنگاندن و دەربڕینی بۆچوونەکان (رای ئێوە چییە لەبارەی کێشەکە؟)ئایا شیاوی گفتوگۆ لەسەر کردنە؟ ئایا دەکرێ لەبارەیەوە کارێک ئەنجام بدرێ؟).

دەستکردن بەرایەکان ودەربڕینی بۆچوونەکان ووەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

**ت- هەوڵی تاکەکان بۆ دەربڕینی راو پێشنیارەکانیان بۆئەوەی هەر یەکەیان کاریگەریی بەسەر ئەویدیدا هەبێت**، ئەمەش ئەم دوو لایەنەی خوارەوە دەگرێتەوە:

داواکردنی خستنە رووی پێشنیارو رایەکان و رێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکە (چی بکەین؟)

پێشکەشکردنی پێشنیازو راو بۆچوونەکان کە یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە چارەسەری.

**ث- گەیشتن بە بڕیاری کۆتایی:**

پەسەند کردن، دەربڕینی رەزامەندی و تێگەیشتن و گوێڕایەڵیکردن.

- پەسەندکردن، رەتکردنەوەو دەستگرتن بە کێشەکان.

ج- کۆنترۆڵکردنی گرژی و ئاڵۆزی :چارەسەرکردنی گرژییەکانی ناو کۆمەڵە:

کەمکردنەوەی گرژییەکان (گاڵتە،خۆشی دەربڕین و ئاڵوگۆڕی زەردەخەنەکان).

- دەرخستنی گرژییەکان کشانەوە لە کێبڕکێکان).

ح- کاملبوون (التکامل): پاراستنی کاملبوونی کۆمەڵە:

- دەرخستنی پابەندبوون و بەرزکردنەوەی پێگەی ئەوانیدیکە.
- دەرخستنی لەباریەکهەڵوەشانەوەو کەلێن و درزەکان و دوژمنکارییەکان و کەموکوڕییەکانی توانای ئەوانیدیکە و بەرگریکردن لە خود.

(بێلز) شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەمشێوەیەی خوارەوە دابەشکردووە:

أ- کارلێکی بێلایەنانە (پرسیارەکان) (1-3)هەنگاو لەخۆ دەگرێت.

ب- کارلێکی بێلایەنانە (وەڵامەکان) (4-6)هەنگاو لەخۆ دەگرێت.

ت- کارلێکی کۆمەڵایەتی هەڵچوو (ئەرێنی) (7-9)هەنگاو لەخۆ دەگرێت.

ث- کارلێکی کۆمەڵایەتی هەڵچوو (نەرێنی)(10-12)هەنگاولەخۆ دەگرێت.

**بۆ جێبەجێکردنی ئەم شێوازەی سەرەوە(بیلز) ئەم مەرجانەی خوارەوەی بۆ کۆمەڵە داناوە:**

أ- دەبێت تاکەکان نموونەیی بن (نەک دواکەوتوو)

ب- دەبێت ئەقڵانی بن (نەک منداڵ).

ت- دەبێت هەموویان لە ئاستێکی ماقووڵی زانیاری و فێربووندا بن.

ث- دەبێت بەلانی کەم پەیوەندیان بە کۆمەڵەوە هەبێت.

ج- دەبێت هەندێک نزیکی هەبێت لە هەندێک ناوەندی ناو کۆمەڵە.

## 10- شێوازەکان یان میکانیزمەکانی پێوانەکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی

دەربارەی ئەم بابەتە تۆژەران چەند تەکنیکێکیان داناوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

- راپۆرتی خودی
- تێبینی رەفتار
- تۆماری خودی تایبەت بە کارلێکی رۆژانە

بەشێوەیەک میکانیزمی راپۆرتی خودی پشت بە زانیارییەکانی پێوانەکردنی توانای خودی تاکەکان دەبەستێت لەگەڵ هەڵسەنگاندنیان دەربارەی کارلێکەکانیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها میکانیزمی یان شێوازی تێبینی ڕەفتار پشت بە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی تاک دەبەستێ لە ڕووی کات و شوێنەوە. بەڵام شێوازی تۆماری خودی تایبەت بە کارلێکی ڕۆژانە بریتییە لە تۆمارکردنی ڕاستەوخۆی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان کە تاک ڕۆژانە ئەنجامی دەدات.

هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی باشترین جۆرەکانی ئەم تەکنیکانە پەیوەستە بە کەسی توێژەر لەو زانیاریانەی کە کۆیاندەکاتەوە کە تا چەند توانای بەسەر کۆکردنەوەی ئەم زانیارییە پێویستانە دەشکێت. ڕاپۆرتی خودی بە پلە یەک پشت بەو زانیاریانە دەبەستێ کە تاک ڕۆژانە لە کاروکردەوەکانیدا ئەنجامیدەدات. لەمیانی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە داوا لە تاک دەکرێ کۆکردنەوەو کورتکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو ڕووداوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە بە گوێرەی ماوەی زەمەنی و هاوکات لەگەڵ کەسەکان تێیدا دەژی. ئەو زانیاریانەش کە توێژەر کۆیدەکاتەوە ڕاستەوخۆ گوزارشت لە وێنای بابەتیبوونی ژیانی تاکی کۆمەڵایەتی ناکات،بەڵکو گوزارشت لە سروشت و وردبوونەوەو هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆی سەبارەت بە تاک دەکات. هەموو ئەو وردبوونەوەو هەڵسەنگاندنانەش دەچنە ژێر باری کاریگەری میکانیزمەکانی مەعریفی و پاڵنەرایەتی هەمەجۆر کە پرۆسەی چارەسەری زانیارییەکان لەئەستۆ دەگرێت.

هەندێکجار یادگەی کەسەکان و تاکەکان و ڕووداوەکان ڕووبەڕووی پرۆسەکانی دەستکاریکردن و گۆڕین و دزەکردنێکی ئاشکرا دەبنەوە، کاتێک بەراورد دەکرێت بەو کارلێکە بابەتیانەی کە باسکراون. یان کە بەراورد دەکرێ بەو کارلێکانەی کە هەڵگری پاڵنەرەکانی هەڵچوونێکی دیار بوونەتەوە. لێرەدا کارلێک بریتییە لە تێربوونی پێداویستییەکانی دوولایەن کە کارلێک لەنێوانیان ڕوودەدات، منداڵ ئەوەی پێویستییەتی لەلای دایک و

باوكییەوە دەستیدەكەوێت، دایكان و باوكانیش دەیانەوێ منداڵەكانیان فێری قسەكردن ببێت و لە قسەكردن بەردەوام بێت. بەڵام تێبینی رەفتار راگیرە لەسەر تێبینی بابەتیانەی كارلێكە كۆمەڵایەتییەكانی تاك بە گوێرەی كات و شوێنێكی دیاریكراو. ئەم تەكنیكەش زانیاریە بابەتییەكان لەخۆیدەگرێ، هاوكات سنوورداره دەربارەی كارلێكە كۆمەڵایەتییەكان نەك ئەو زانیارییانەی تەنها وێنەی دەرەوەی دیاردەی كارلێكی كۆمەڵایەتی نیشاندەدەن،نەک وێنای ناوەوە كە ئەزموونی كەسی تاكە كاراكتەرەكان دەخاتە روو.

بەڵام تەكنیكی سێیەم بریتییە لە تەكنیكی تۆماری كەسی تایبەت بە كارێكی رۆژانەی تاك، رووبەڕووی كۆمەڵێک كەموكوڕی لایەنی تەكنیكی دەبێتەوە، هاوكات یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە وێنای كارلێكی كۆمەڵایەتی رۆژانەی تاك لە رووی چەندی و چۆنییەوە.

## 11- تیۆرەكانی كارلێكی كۆمەڵایەتی

بەو پێیەی تەوەرو ناوەندێكە بۆ تەواوی دیاردەكان كە زانستی كۆمەڵایەتی لێیدەكۆڵێتەوە،بۆیە كارلێكی كۆمەڵایەتی چەند راڤەیەک هەڵدەگرێ، بۆئەم مەبەستەش ئەم پێنج راڤەیەی خوارەوە دەخەینە روو:

### أ- تیۆری رەفتار:

لە بنەڕەتدا هزرڤان و تیۆریزەكارانی رەفتار پرۆسەی كارلێكی كۆمەڵایەتی نێوان تاكەكان و كۆمەڵەكانیان رەتكردۆتەوە بەو پێیەی كە ئەم كارلێكە

دەکەوێتە ژێر تیۆری کاریگەری و وەڵامدانەوەی ئەم کاریگەرییە کە زانای ئەمریکی (سکینەر)پێداگری لەسەر کردووە.

تیۆریزەکارانی رەفتار بۆچوونیان وایە کە بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەکان لە رووی کارلێککردنەوە نەرێنی نین، بەڵکو توانای وەڵامدانەوەی کاریگەری و وشیاربوونەوەیان هەیە کە لە میانی پرۆسەی دروستبوون و گەشەی کۆمەڵایەتییەوە پێیدەگەن.

کارلێککردن لە بنەڕەتدا گوزارشتکردنە لە وەڵامدانەوەی ئاڵوگۆڕپێکراوی نێوان تاکەکان، کە لە میانی رووداوو هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی رووبەرووی دەبنەوە، بە شێوەیەک رەفتاری تاک وەک زەنگێکی وشیاربوونەوە دەبێت بۆ تاکێکی دیکە. بەمشێوەیە هەموو کارێک دەبێتە هۆی وەڵامدانەوە لەچوارچێوەی ئاڵوگۆڕی زەنگەکانی وشیارکردنەوەو بەئاگابوونەوەو وەڵامدانەوەکان.

تیۆریزەکارانی رەفتار دووپاتیدەکەنەوە کە کارلێکی کۆمەڵایەتی هەرگیز دەستپێناکات و بەردەوامیش نابێت تاوەکو کاراکتەرە بەشداربووەکان بە پشتگیریکردن و پاداشتێک نەگەن کە لەسەر بنەمای تێربوونی پێداویستییە ئاڵوگۆڕپێکراوەکان وەستاوە.

**ب- تیۆری نیوکامپ**

بە بۆچوونی نیوکامپ کارلێکی کۆمەڵایەتی وەکوو دەزگا یان سیستەمێکە هەموو بەش و پارچەکانی پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەشێوەیەک کارو ئەرکی هەربەشێکی ئەم دەزگا یان سیستەمەکە پەیوەستە بە کارو ئەرکی تەواوی بەشەکانی دیکە، بەمشێوەیەو بەپشتبەستن بەم بنەمایە مرۆڤەکان بەهۆی روودانی ئەو کارلێکەی کە

لەنێوانیان روودەدات رەفتاریان گۆڕانی بەسەردادێ،واتا رەفتاری هەر یەکێکیان پەیوەستە بە رەفتاری ئەویدیکەیان.

جۆری پەیوەندی هاوسەنگ یان هاوشێوە باڵ بەسەر دوو کاراکتەر دەکێشێت کە هەردوکیان خاوەنی یەک دیدگاو بۆچوونن سەبارەت بە شتێک یان هەڵوێست و کەسێک، هەروەها پەیوەندی نا هاوسەنگ کە پەیوەندییەکی گرژە باڵ بەسەر پەیوەندی نێوان دووکەس دەکێشێت کە هەریەکەیان خاوەنی دیدگاو ئاراستەو بۆچوونی تایبەت بە خۆیەتی سەبارەت بە پرسێک یان کەسێک یان رووداوێک.

بە کورتی و بە پوختی مانای ئەوەیە کاتێک جۆری پەیوەندی هاوسەنگ لە نێوان دووکەس دروستدەبێت، راستەوخۆ پەیوەستە بەوەی کە هەردوولا سەبارەت بە کەسێک یان رووداوو هەڵوێستێکی دیاریکراو خاوەنی دیدگایەکی هاوبەش، ئاراستەیەکی هاوبەشن.

دەرئەنجام بە بۆچوونی نیوکامپ مەودای پەیوەندی و برادەرایەتی و خۆشەویستی لە کۆتاییدا بەوە دروستدەبێت کە هەردوولا خاوەنی دوو دیدگاو ئاراستەی هاوبەش و هاوبیرن.

**ت- تیۆری سابمسۆن**

هەمیشە تاک بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاوەکانی خۆی دەگۆڕێتکە لە هەڵوێستێکی یان رووداوێکی هاوتەریب لەگەڵ تاکێکی دیکەدا یەکدەگرێتەوە نەک لەگەڵ ئەو هەڵوێست و رووداوەی لە کۆتاییدا لەگەڵ تاکێکی دیکەدا دوور دەکەوێتەوە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی کەسەکان ئەو بڕیارانەیان لا خۆشەویستە کە هەموو لایەک تێیدا هاوبەش و هاوشێوەن، نەک ئەو بڕیارانەی کە بۆچوونی پێچەوانەو جیاوازیان تێدایە.

به بۆچوونی سابمسۆن پەیوەندی هاوسەنگ لە چوارچێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەرهاویشتەی دووخاڵە:

1- بۆچوونی یان باوەڕی لایەنی یەکەم وایە، بۆیە لایەنی دووەممان خۆشدەوێت، چونکە هەڵگری هەمان بۆچوون و باوەڕو بەهایە کە ئێمە هەمانە.
2- بۆچوون و باوەڕی لانی یەکەم وایە، بۆیە لایەنی دووەممان خۆش ناوێت، چونکە وەکوو ئێمە هەڵگری هەمان بۆچوون و بیروباوەڕو بەها نییە.

بەڵام بە بۆچوونی سابمسۆن پەیوەندی ناهاوسەنگ و گرژ دەرهاوێشتەی دوو خاڵە:

1- بۆچوونی لایەنی دووەم وایە بۆیە لایەنی یەکەممان خۆشدەوێت، چونکە بڕیارێک دەردەکات پێچەوانەی بڕیاری ئێمەیە.
2- بۆچوونی لایەنی دووەم وایە بۆیە لایەنی یەکەممان خۆش ناوێ، چونکە بڕیارێکی هاوشێوەی بڕیاری ئێمە دەردەکات.

به گشتی لە هەردوو دۆخەکەدا بڕیارو بۆچوون و بنەماکان گرنگی خۆیان هەیەو کاریگەری و پاشماوەی گەورە بەجێدەهێڵن لە یەکێتی یاخود لە بەهێزی ئەو پەیوەندییەی لە میانی هەڵوێستێکدا دروستبووە، هەر بۆیە گرنگییەکی زیاتر بەم پرسە گرنگ و مەترسیدارە دەدات کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت بەسەر ژیانی و چۆنیەتی خۆگونجاندنی لەگەڵ کۆمەڵگا، چونکە بە بۆچوونی ئەو کەسە گرنگیدان بەم هەڵوێستەو کارلێکردنی لەگەڵ کەسێکی دیکە، زۆر گرنگترە لە گرنگیدانی بە شتە لاوەکیەکانی

وەکوو چۆنیەتی فەلسەفەی ژیان و بەها کۆمەڵایەتییەکان و بنەما ئەخلاقی و ئایینی و سیاسییەکان.

**ث- تیۆری بیلز**

بیلز هەوڵیداوە تۆژینەوە لەبارەی قۆناخ و شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش قۆناخەکان و شێوە گشتییەکانی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانی کە ئەزموونی کردوون دەستنیشانکردووە، بە گشتی بیلز پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە چەند قۆناخ و شێوەیەک دیاریکردووە، هەروەها بەمشێوەیە پێناسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی کردووە کە بریتییە لە (رەفتارێکی ئاشکرای تاکەکان لە هەڵوێستێکی دیاریکراوو لەچوارچێوەی کۆمەڵە بچووکەکان).

بیلز بەمشێوەیەی خوارەوەش قۆناخەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی دابەشکردووە:

أ- ناسین
ب- هەڵسەنگاندن
ت- کۆنترۆڵکردن
ث- بڕیار وەرگرتن (بڕیاردان)
ج- کۆنترۆڵکردنی گرژی
ح- کامڵبوون (تەواوەتی)

هەروەها بیلز شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەمشێوەیەی خوارەوە دابەشکردووە:

أ- کارلێکی کۆمەڵایەتی بێلایەن (پرسیارەکان)
ب- کارلێکی کۆمەڵایەتی بێلایەن (وەڵامەکان)

ت- کارلێکی کۆمەڵایەتی هەڵچوون (نەرێنی)

ث- کارلێکی کۆمەڵایەتی هەڵچوون (ئەرێنی)

ج- **تیۆری فیلدمان**

لای فیلدمان کارلێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی دوو تایبەتمەندی سەرەکییە، ئەوانیش بریتین لە بەردەوامی و پشتگیری و هاوکاریکردنی رەفتار لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەیەک و کۆمەڵەکانی دیکە. لە میانی ئەو تۆژینەوەیەی کە ئەنجامیداوەو شەش کۆمەڵەی تاقیکردۆتەوە، لە کۆتاییشدا بەم ئەنجامە گەیشتووە کە کارلێکی کۆمەڵایەتی زاراوەیەکی فرە رەهەندو سێ رەهەند لەخۆ دەگرێ:

أ- **کامڵبوونی ئەرک:** مەبەست لە کامڵبوونی ئەرک بریتییە لە چالاکییەکی تایبەتمەندو رێکخراو کە لە دەرئەنجامدا خواستەکانی کۆمەڵە بەدەست دێنێت کە لە ئامانج و رێکخستنی پەیوەندییە ناوخۆیی و پەیوەندییە دەرەکیەکانی نێوان کۆمەڵەو کۆمەڵەیەکی دیکە پێکدێت.

ب- **کامڵبوونی کارلێکردن:**مەبەست لە کامڵبوونی کارلێکردن واتا کامڵبوونی کارلێکی کەسەکان لە رووی کاریگەری و کارتێکردن و پەیوەندی خۆشەویستی ئاڵوگۆرپێکراو و هەموو ئەو بەهایانەی دیکەی کە بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە.

ت- **کامڵبوونی پێوەری:** واتا کامڵبوونی ئەو پێوەرانەی بەیەکەوە کۆیکردوونەتەوە یان ئەو بنەمایانەی هەموویان لەسەری ئاشنا بوونەو رەفتاری هەر تاکێکی کۆمەڵەکە رێکدەخات.

## بەشی شەشەم: سەرکردایەتی

1- چەمکی سەرکردایەتی
2- سەرکردەو سەرۆکایەتی
3- رەفتاری سەرکردایەتی
4- تیۆرەکانی سەرکردایەتی
5- جۆرەکانی سەرکردایەتی
6- راهێنان لەسەر سەرکردایەتی

**سەرکردایەتی**

بوونی سەرکردایەتی پێداویستییەکی مرۆییە، کە لەچەند روویەکەوە بۆپاراستن و رێکخستنی بەرژەوەندی ژیانی مرۆڤەکانە کە زۆرجار تەنیا بەهۆی بوونی سەرکردایەتییەوە ئەوبەرژەوەندیانە دێنە دی، چونکە سەرکردە کاریگەریی بەسەر چالاکی زۆرینە یان کۆمەڵەیەک هەیەلە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکان. واتا سەرکردە هونەری کارتێکردنی بەسەر کەسەکان و ئاراستەکردنیانەوە هەیە بە رێگایەک کە دەگونجی لەگەڵیدا کە رێزیشی لێدەگرێت و ملکەچیشی دەبێت لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو.بە دیوێکی دیکە سەرکردە هونەری یەکبوون (تنسیق)ی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکانە،کە هانیاندەدا یان پاڵنەرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە.

(هیمان)وایدەبینێ کە سەرکردە دەتوانێ تاک ئاراستە بکات و رێنمایی بکات و کاریگەریشی بەسەردا هەبێت و تەنانەت بیروباوەڕو هەست و رەفتاری کەسەکانیش رێکبخات وەک ئەوەی دەیەوێ.

(تۆماس جۆردن)یش پێیوایە سەرکردە وەزیفەیەکە لە وەزیفەکانی تایبەتمەندییە وەدەستهاتووەکان کە بە شارەزایی و فێرکردنەوە دەیانهێنێتە دی.

1- **چەمکی سەرکردایەتی**

(ستودجلStogdill)وا پێناسەی سەرکردایەتی کردووەکە؛پرۆسەیەکە کاریگەری بەسەر چالاکییەکانی کۆمەڵەیەکەوە هەیە لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی. هەروەها (هیمفل Hemphill)ئەو رەفتاری تاکانەیە کە کاتێک هەوڵدەدات ئاراستەی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە بکات بەرەو وەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش. (رۆبنزRobbins)یش پێیوایە توانای کاریگەریی لەسەر کۆمەڵەیەک هەبێ بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش. هەروەها (هۆلاندەرو جولینHollander&jilian)پێیانوایە پەیوەندییەکی کاریگەرانەی نێوان دوو کەس یان زیاترە،کە هەندێکیان پشت بە هەندێکیان دەبەستن لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوە هاوبەشەکانیان لە دۆخێکی رێکخراوەیی دیاریکراودا. بەڵام (فرنشFrench)پێیوایە سەرکردایەتی پرۆسەیەکی کاریگەرانەیە لەسەر رەفتاری ئەوانی دیکە بۆ گەیشتن و وەدیهێنانی ئامانجێک یان چەند ئامانجێکی دیاریکراو، سەرکردایەتی چالاکیش ئەو چالاکییەیە کە کاریگەری لەسەر رەفتاری تاک و کۆمەڵەکان هەیە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە رێکوپێکەکانی.

لەژێر رۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کەزۆربەی پسپۆران لەسەر ئەوە کۆکن کە چەند رەگەزێکی گرنگ هەن کە سەرکردایەتی پێکدەهێنن بریتین لەمانەی خوارەوە.

أ- **گرووپ(الجماعة)**: بوونی گرووپێک لە خەڵک واتا پیادەکردنی چەند چالاکییەکی دیاریکراو،ئەم چالاکیانەش پێویستی بە سەرکردەیە بۆ یەکبوون و یەکخستنی هەوڵەکان و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دیاریکراوە.

ب- **ئامانج**: پێویستە ئامانجەکان دیاریکراو بن کاتێک کە سەرکردە هەوڵدەدا بۆ وەدیهێنان و گەیشتن پێی لە رێگای گرووپەوە.

ت- **کاریگەریی**:توانای سەرکردە لەسەر جوولاندن و کاراکردنی تاکەکانی کۆمەڵ(افراد الجماعة)و قەناعەتپێکردنیان بەوەی کە بەو کارە هەڵبسن بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکە.

2- **سەرکردەو سەرۆکایەتی**

**یەکەم**: سەرۆکایەتی بەهۆی بوونی سیستەمەکەوەیە،نەک ئەنجامی دانپێدانانی تاکەکانی گرووپەکەوە

أ- سەرۆک ئامانجێک هەڵدەبژێرێ کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکەیدا یەکبگرێتەوە.

ب- سەرۆکایەتی بە هەستی هاوبەشی کەم، یان بە کارێکی هاوبەشی کەم جیادەکرێتەوە.

ت- دوورکەوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر لە نێوان سەرۆک و ئەندامانی گرووپەکەی هەیە،سەرۆک هەوڵدەدا ئەم دوورکەوتنەوە کۆمەڵایەتییە

بپارێزێ وەک ئامرازێک بۆ ناچارکردنی گرووپەکە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی.

ث- سەرچاوەی دەسەڵاتی سەرۆک بۆ دەرەوەی گرووپ (الجماعة) درێژبووبێتەوە.

**دووەم: سەرکردە لەناوکۆمەڵ بەرهەمدێت**

أ- دەبێت پێشتر پرۆسەی پێشبڕکێ لە لایەن ئەندامانی گرووپەکەوە کرابێت.

ب- گرووپەکە ئامانجەکان دیاریدەکات نەک سەرکردە.

ت- ئاوێتەبوونی نێوان سەرکردەو پەیڕەوکارانی زۆر پتەوو بەهێزبێت، ئەمەش مەرجی بنەڕەتییە بۆ سەرکردایەتی.

ث- دەسەڵاتی سەرکردە بەدەستی ئەو گرووپەوەیە کە سەرکردەکەیان هەڵبژاردووەو خۆشیان ئامادەن وەک پەیڕەوکاری ئەو بن.

**3- رەفتاری سەرکردایەتی**

گرنگترین خاڵ کە لە رەفتاری سەرکردایەتیدا هەیە، بریتییە لە تایبەتمەندییەکانی رەفتاری سەرکردایەتی، کە ئەمانەن:

أ- **بیروباوەڕو داهێنان و بەردەوامی و چاوتێبڕین:** گرووپ چاوەڕوانی سەرکردە دەکات کە زۆرترین ئەندامی لە بیروباوەڕەکەی ئەوهەبێت و زۆرترین توانای داهێنانیان لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت و زۆرترین کۆڵنەدان و بەردەوامیشیان تێدابێت.

ب- **ئاوێته بوونی كۆمەڵایەتی:** گرووپ چاوەڕوانی سەركردە دەكات كە زۆرترین ئەندامەكانی بەشداریان لە چالاكی ئاوێتەبوونی كۆمەڵایەتی كردبێت.

ت- **زاڵبوون:** سەركردە زیاتر لە هەر كەسێكی دیكە ئارەزوی لە زاڵبوون و بەرزبوونەوەی پێگە كۆمەڵایەتییەكەی و جەختكردنە سەر دەسەڵات و هێز دەكات كە هەر لەدەست خۆیدا بمێنێتەوە.

ث- **نوێنەرایەتیكردنی دەرەوەی گرووپ:** سەركردە كار بۆ ئەوە دەكات نوێنەری گرووپەكانی دیكەی دەرەوەی ئەو گروپەش بكات كە سەركردایەتی كردوون.

ج- **پەیوەندییە گشتییەكان:** سەركردە كاردەكات پەیوەندییە گشتییەكانی ناوەخۆی نێوان ئەندامانی گرووپەكە پەیوەندییەكی تۆكمەو تەندروست لەنێوانیاندا هەبێت.

ح- **تەواوكاری (التكامل)؛**سەركردە كاردەكات بۆبەدیهێنانی تەواوكاری كۆمەڵایەتی لە گرووپەكەیداو كەمكردنەوەی هەر بارگرژییەك بۆئەوەی تەواوی گرووپەكە نەگرێتەوە.

خ- پلان و سیستەمی ڕێكخستن: پلاندانانی ڕەفتاری كۆمەڵی بۆ گرووپ و ڕێكخستنی ئەو ڕەفتارەو یەكبوون و ئاراستەكردن و جەختكردنە سەر ئاگاداربوونی ئەندامان لەسەر ئامانجەكە.

د- **ڕاگەیاندن:** ئاگاداربوونی گرووپەكە لەسەر ڕاستییەكانی كاروبارەكان و گەیشتنی زانیارییەكان لە ئەندامانی گرووپەكەیەوە بۆ گرووپەكانی دیكە.

ذ- **ئاڵوگۆڕكردنی قایلبوون و دانپێدانان لەنێوان سەركردەو پەیڕەوكارانی:** ئەمە ئەوە دەگەیەنێ قایلبوون و چاوپۆشیكردن لە

هەستی ئەوانی دیکە، کە ئەمەش پەیوەندی بە رەفتارکردنەوە هەیە.

ر- **هاوسەنگی (التوافق)دەروونی کۆمەڵایەتی:** ئەمەش واتا جێگیری و ئارامی کە رەخنە دڵگرانت ناکات و بە گیانێکی هێمنەوە وەریدەگریت و سوودیشی لێدەبینی،هاوکات دانپێدانان بە هەڵەکان و دەستپێشخەریکردنە بۆ چاکسازییەکان.

4- **تیۆرەکانی سەرکردایەتی**

بیروباوەڕە کۆنەکان لە تیۆری سەرکردایەتی لەنێوان سێ دەروازەدا خولدەخۆنەوە، کە تیۆریستەکان وایدەبینن ئەم 3 سێ دەروازەیە زۆر سەرەکین و تاکە تیۆری سەرکردایەتیشن،دەروازەی یەکەم: بریتییە لە دەروازەی کەسیی کە بەشێوەیەکی دیاریکراو پشتگیری و تایبەتمەندی و وەسفکردنی کەسایەتییە سەرکردەکان دەکات وەک بڵێی ئەمانە هۆکاری یەکلاکەرەوە بن بۆ سەرکردایەتی. لەگەڵ ئەمانەشدا تیۆری پیاوی مەزن و تیۆری هێماو نیشانە،دەروازەی دووەم بریتیە لە تایبەتمەندییە بابەتییەکان کەوەسفی سروشتی ناوەند یان ئەو هەڵوێست و بارودۆخە دەکات کە رووبەڕووی سەرکردایەتی دەبێتەوە.بەمەش تیۆری هەڵوێست دروستدەبێت. بەڵام دەروازەی سێیەم بریتییە لە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکان کە لەسەر بنەمای ئاوێتەبوونی نێوان سەرکردایەتی و ئەوانەی خوارەوەتر لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دروستدەبێت.

1- **تیۆره نیشانەییەکان:**

ئەم تیۆره جەخت لەسەر  تۆژینەوەی کەسی سەرکردەو نیشانەکانی سەرکردەو تایبەتمەندییە گرنگەکانی وەک ئەقڵی و هەڵچوونە کۆمەڵایەتییەکانی  دەکات.ئەم تیۆره لە سەرەتادا وایدادەنا کە هێماو نیشانەکانی سەرکردایەتی  هەمووی هەر یەکە کە لە خەڵکی دیکەی جیادەکاتەوە، جا ئەو سەرکردەیە لە هەر کوێیەک بێت،دوور لە لەبەرچاوگرتنی جۆرەکانی سەرکردایەتی یان هەڵوێستەکان یان ئاستی رۆشنبیری ئەو سەرکردانە، بەڵام ئەم تیۆره زۆر خۆی نەگرت و نەیتوانی لە بەرامبەر ئەو قاقیعە بەردەوام بێت کە جۆرەکانی سەرکردایەتی جۆراوجۆرن کە خۆی لە ئاستی رۆشنبیری جیاواز دەبینێتەوە.

لێرە بە کورتی ئاماژە بۆ نیشانەکانی سەرکردایەتی سەرکەوتوو دەکەین

أ- **نیشانە جەستەییەکان:** سەرکردە حەزناکات بەژن و باڵای زۆر زۆر درێژتر بێت لە خەڵکەکە،یان کێشی یەکجار زۆر بێت، بەتایبەت ئەگەر سەرکردە ئامانجی شەڕکردن و کوشتار بێت،بۆیە حەزدەکات لەخەڵکەکە زیاتر چالاکتر بێت.

ب- **نیشانە ئەقڵی و مەعریفییەکان:** سەرکردە لە زیرەکی گشتی کە لە خەڵکەکەدا هەیە، سەرکردە باڵاترە لەو رووەوە،لە رووی مەعریفەشەوە لەوان زیاتری پێیەو تێڕوانینی فراوانترو دووربینترە، بە رادەیەک توانای پێشبینیکردنی رووداوە ناکاو و کتوپڕەکانی هەیەو ئامادەیشی تێدایە بۆ چارەسەرکردنی لە بەرزترین ئاستی

هەستپێکردن و بیرکردنەوەیدا تا دەگاتە بڕیاروەرگرتن بۆ لە بەرامبەریدا.

ت- **نیشانە کۆمەڵایەتییەکان:** هاوکاری و هاندان بە گیانی مامەڵەی نێوان خەڵکەکەی و توانای لەسەر هاوکاریکردنی یەکتری گرووپەکەی،بە جۆرێک کە گیانی رووخۆشی و ئاسوودەیینێوان خەڵکەکە توانای لەسەر پاراستنی ئەندامانی گرووپەکەی بەو ئاراستەی بەشداری ئەرێنی لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەن، کە بەمەش توانای دروستکردنی گیانی مەعنەوی بەرز لەو گرووپە دروستدەکات و توانای مانەوەیشیان دەبێت.

ث- **نیشانە گشتییەکان:** ئەم نیشانەیە بریتییە لە دڵفراوانی و پابەندبوون بە بەها رۆحییەکان و مرۆڤایەتی و بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و مەعریفەی کارکردن و شارەزایی و شانازیکردن و رەفتاری باش و پاراستنی.

**بەکورتی نیشانەکانی سەرکردە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

زیرەکی و خێرایی لە ئاشکراکردن و زمانێکی پاراو لەکاتی قسەکردنیدا.متمانە بەخۆ بوون و بڕوابوونی بە ئاین و بەهاکان، هەروەها شارەزایی و پسپۆری و توانای لە خۆگونجاندندا،توندوتۆڵی و خێرایی لە دیاریکردنی جێگرەوەیەکی گونجاو بۆ ئەو شوێنانەی ئاڵوگۆڕییان پێدەکرێت.هەروەها توانای قەناعەتپێکردن و توانای کاریگەری هەبێت بۆسەر ئەوانی دیکە، لە هەر شکستێکدا ئامادەیی تێدابێت بۆ هەڵگرتنی باری بەرپرسیارێتی , هەروەها توانای فێربوون و توانای یەکبوون و وەدیهێنانی پێکەوەیی رێکخراوەکانی هەبێت.شارەزایی و پسپۆری لە

دروستکردنی پەیوەندی باش لەناوەوەو دەرەوەی رێکخستنەکانیدا هەبێت. فەرمان و حوکمی راست بەسەر بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا بدات وتوانای ئەوەیشی هەبێت شتە باش و گرنگەکان لە شتە خراپەکان جیا بکاتەوە. ئەمانەت و خۆڕاگری بەرامبەر ئەرکە ئەخلاقییەکانی تێدا بێت. لە رووی سۆزو عاتیفەو هەروەها لە رووی ئەقڵیشەوە پێگەیشتووبێت،پسپۆری لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا بە مانا فراوانەکەی هەبێت. هەروەها توانای وەرگرتن و تێگەیشتنی لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا هەبێت.

2- **تیۆرە وەزیفییەکان:**

بە پێی ئەم تیۆرەیە، سەرکردە بە چەند وەزیفەیەکی کۆمەڵی هەڵدەستێت کە یارمەتی ئەوکۆمەڵ یان گرووپە دەدات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی. بە پێی ئەم تیۆرە سەرکردە لێرە وەزیفەیەکی رێکخراوەیی هەیەو،خاوەنانی ئەم تیۆرەیە گرنگی بەو پرسیارە دەدەن کە وەزیفەکانی سەرکردایەتی لەسەر گرووپەکە چۆن دابەش دەکرێن؟،دابەشبوونی وەزیفەکانی سەرکردایەتی دەبێت لە چوارچێوەیەکی فراواندا بێت بۆ گرووپەکەو، دەشبێت لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بێت بۆ سەرکردەکەو بۆئەوەی لە یەک کەسدا چڕ بکرێتەوە کە سەرکردەکەیە. گرنگترین وەزیفەی سەرکردەش لە گرووپدا بە کورتی ئەمانەن:

أ- **پلاندانان:** بۆ ئامانجی ماوەدوورو ماوە نزیک.

ب- **دانانی سیاسەت:** سەرکردە جولە دەکات لەو چوارچێوەیەی دیاریکردووە بۆ ئامانجەکانی ئەمەش بەهۆی ئەم سێ سەرچاوەیە:

-* **سەرچاوەی بڵندی:**ئەم سەرچاوەیە دەسەڵاتی باڵای گرووپەکە دەگرێتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی سەربازی.

- * **سەرچاوەی ژێرەوە:** ئەمەش لە بڕیاری ئەندامانی گرووپەکەوە سەرچاوەی گرتووە .
- * **سەرکردە خۆی:** زاڵبوونی دەسەڵاتی باڵایە یان گرووپەکە خۆیان تاکڕەوانە سیاسەتەکە دادەنێن.

**ت- ئایدیۆلۆژیا:**

لە زۆربەی کارو کاتەکاندا سەرچاوەی بیرو باوەڕو بەهاکانی گرووپەکەیە .

**ث- شارەزایی:**

سەرکردە شارەزایەو سەرچاوەی شارەزابوونە هونەری و مەعریفی و کارگێڕییەکەیەتی لەناو گرووپەکەدا.

**ج- بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن:**

تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی دەجوولێنێ و سیاسەتەکان یەکدەخات و چاودێری گرووپەکەش دەکات.

**ح- فەرمان و نێوانگیری (الحكم والوساطة):**

سەرکردە فەرماندەدات و نێوانگیریش دەکات لە نێوان گرووپەکەدا لە کاتی هەر شەڕو ململانێیەکدا.

**خ- سزاو پاداشت:**

سەرکردە دەبێت سەرچاوەی سزاو پاداشت بێت،ئەمەش بۆ پاراستن و بەیەکەوە بوونی گرووپەکەیە.

### 3- تیۆری هەڵوێست

ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای ئەو فەلسەفەیە دروستبووە کە بارودۆخ سەرکردە دروستدەکات و دیاریدەخات.واتا لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا،سەرکردە دەردەکەوێت.ئەم تیۆرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەندامێک لە گرووپێکدا دەبێتە سەرکردە بەهۆی ئەو هەڵوێستەی کە توانیویەتی وەریبگرێ کە ئەرکێکی سەرکردەیی بووە بۆ ئەم هەڵوێستەی نواندوویەتی.بەڵام تاک کاتێ دەبێتە سەرکردە لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا، مەرج نییە لە هەڵوێستێکی دیکەی جیادا ئەو تاکە بتوانێ رۆڵی سەرکردایەتی ببینێتەوە.

ئەم تیۆرەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:سەرکردە واتا پەیوەندیی نێوان هەڵوێست و کەسایەتی سەرکردەیە. بۆیە کەس و هەڵوێست لە پڕۆسەیەکی تێکەڵاوبوونیاندا واتا هەڵوێستە جیاکان پێویستی بە سەرکردەی جیاواز هەیە کە هەر یەک لەو سەرکردانە نیشانەی لەباری بۆ سەرکردایەتی تێدا هەبێت بۆ هەر رووداوێک،بۆ ئەمەش گوزارەی (پیاوی الساعة)ی پێدەڵێن کە ئەمەش بۆ ئەو سەرکردانەیە کە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بە سەرکەوتوویی سەرکردایەتی دەگرنە دەست کە لەگەڵ توواناکانیان دەگونجێ.

### 4- تیۆری پیاوی مەزن

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەندێک لە پیاوە گەورەکان لە کۆمەڵگادا دەردەکەون بەهۆی تواناو بەهرەکانیانەوەیەو تایبەتمەندییەکی بلیمەتانەیان هەیە کە ئاسایی نییە. بە پێی ئەم تیۆرەیە سەرکردە هێزێکی سەرنجراکێشانی کەسایەتی یەکجار زۆری هەیەو واش

دەڕوانێتە گرووپەکەی کە ئەو کەسێکی نموونەییەو تا ڕادەیەکیش زۆرکەم تووشی هەڵەو کەموکورتی دەبێتەوە.

5- **تیۆری کارلێککردن(التفاعل)**:

ئەم تیۆرەیە لەسەر بنچینەی تەواوکاری و کارلێککردن (التکامل والتفاعل)ی نێوان هەموو گۆڕاوە سەرەکییەکانی سەرکردایەتی دێتە دی،بۆ نموونە:

أ- کەسایەتی سەرکردەو چالاکییەکانی لە ناو گرووپ.

ب- گرووپ خۆی لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و تایبەتمەندی و ئامانجەکانی و سایکۆلۆژیای گرووپەکە.

ت- هەڵوێستەکان کاتێ هۆکارە مادییەکان و دۆخ و سروشتی کارکردن دیاریدەکەن.

ئەمانەش هەموویان جەخت لەکارلێککردن و تێکەڵاوبوونی سەرکردە لەگەڵ پەیڕەوکارانی دەکەنەوە،واتا سەرکەوتووی سەرکردە بەوەوە دەردەکەوێ کە چەند توانای لە کارلێککردن و کاریگەری و لەگەڵ پەیڕەوکارانی خۆی هەیە بۆ بۆدیهێنانی ئامانجەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیشیان.

## 6- جۆرەکانی سەرکردە

### أ- سەرکردەی دیموکراتی

سەرکردەی دیموکرات ڕێز لە کەسایەتی تاک و ئازادییەکانی تاک دەگرێت و بڕیاری کۆتاییش بۆ زۆرینە دەگەڕێنێتەوە. توانای لە ئاراستەکردندا هەیەو زۆر جاریش بەرپرسیارێتییەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی و خۆی لێ بێبەری ناکات. توانای دان بەخۆدا گرتنی هەیە کاردەکات بۆئەوەی ژیانی ئەوانی دیکەش باش بکرێت کە تا ئەوکاتە باش نەبووە،سەرکردەی دیموکراتی هانی گفتوگۆکردنی گرووپەکەی دەدات و یارمەتیشیان دەدات بۆ وەرگرتنی بۆچوونی ئەوان.

### ب- سەرکردەی دیکتاتۆری

ئەم جۆرە سەرکردەیەش لەسەر بنەمای زوڵم و زۆری دروستدەبێت و هەمیشە شێوازی خۆسەپاندن بەکاردەهێنێ و گوێ بە هیچ بیروراو بۆچوونێکی دیکەو لێکتێگەیشتنێک نادات ،بەڵکو دەیەوێ هەر خۆی ئاراستەی گرووپەکە بکاتب ە دەرکردنی بڕیارو شتی لەمجۆرە.ئەمجۆرە سەرکردانە لەناو گرووپەکەشیاندا تووشی گۆشەگیری و تا ڕادەیەک دابڕان دەبن و، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کەسایەتی تاکەکان دروستدەکات و هەستی دوژمنکارانەو یاخیبوانە لەسەر گرووپەکە جێدێلێت.

### ت- سەرکردەی ئاژاوەگێڕ

ئەمجۆرە سەرکردانە ئازادی تەواو بۆ خەڵکەکە جێدەهێڵن بێ ئەوەی دەست بخەنە ناو کاروباریانەوە،بەردەوامیش زانیاری دەگەیەننە پەیڕەوکارانیان.تا ڕادەیەک بێ لایەنانەیەو کەمتر بڕوای بە هاوکاریکردن

هەیەو ڕێکخستنێکی تۆکمەشی نییە نە زۆر ستایشت دەکات نە زۆر زەم دەکات.ئەو کەسانەی دەستنیشانیشیان دەکەن بۆ هاوڕێ و دۆستایەتی هەموو ئازادییەکی خۆیان دەبێت.ڕەخنەو بۆچوونەکانیشیان تا ڕادەیەکی دیار رووکەشانەیە.

**7- ڕاهێنان لەسەر سەرکردایەتی**

ئەگەر وا سەیرمان کرد کە سەرکردایەتی نیشانەیەکە لە نیشانەی کەسایەتی و زۆربەی نیشانە کەسایەتییەکان بەخۆوە دەگرێت، ئەگەر واش سەیرمان کرد کە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتیانەیە لە چوارچێوەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا کەواتە ئەو گوتەیە ڕاست نییە کە دەڵێت سەرکردەکان لەدایکدەبن نەک دروستکەر. چونکە لە تێڕوانینی نوێدا بۆ سەرکردایەتی دەبینین سەرکردە دروستکارە. بەکورتی ڕاهێنان لەسەر سەرکردایەتی بەم قۆناخانەی خوارەوەدا ڕەتدەبێت.

أ- ڕاهێنانێکی کردەیی لەسەر سەرکردایەتیکردنی گرووپەکە،گرووپەکەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە دیاریکردن و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری تاک و ئاراستەکردنی، ئەمەش بێگومان شارەزایی لە سەرکردایەتی لە لایەک و گرووپەکەش لە لایەکی دیکەوە دەبێت.

ب- بونیادنانی گرووپەکە بۆ ڕاهێنان لەسەر ئەوەی گۆڕانکاری قەبوولبکەن و ئامادەی گەشەکردن بن.

ت- ئاڵوگۆڕی پەیوەندی و بیروبۆچوون و لێکۆڵینەوە لەو گرفتانەی دێنە پێش و چارەسەری نێوان راهێنەران و ئەوانەی راهێنیان پێدەکرێ (المدربين والمتدربين)لە ئازادی و بەرچاورووونیدا.

ث- راهێنان و فێرکردن لەسەر شارەزایی و پەیڕەوکردنی لە کەشوهەوایەکی دیموکراتیانەدا بێت و هەردوو لاش راهێنەرو راهێنەرپێکراوەکان بیروبۆچوون ئاڵوگۆڕبکەن.

ج- راهێنان لەسەر رەخنەگرتنی بونیادنەرانە بکرێ قەبوولی راستکردنەوەی رەفتاریش بکرێ بە باشترین شێوە.

ح- راهێنان لەسەر روونی بیرکردنەوو برِیاروەرگرتن و خێرایی لە بڵاوکردنەوەی بدرێت، بەتایبەت بۆ هەندێ کاروباری زۆر تایبەت.

خ- هەر کەسێک کە ئارەزووی کرد بە پێی خۆی بەرپرسیارێتی بدرێتێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو بەرپرسیارێتییەش لەئەستۆ بگرێت.

د- پێویستە راهێنەر توانای ئەو وانانەی هەبێت کە دەیڵێتەوە واتا راهێنەر زانیاری نوێ و بە شارەزایی باشی هەبێت.

ذ- لێکۆڵینەوەی دەروونزانی و بەتایبەت دەروونزانی کۆمەڵایەتی بکرێت بۆ نەهێشتنی رەفتاری کۆمەڵایەتی و پاڵنەرەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی.

ر- نەرمی نواندنێک لە بەرنامەی راهێنانەکەدا هەبێت بەجۆرێک کە لەگەڵ هەڵوێست و سرووشتی داواکارییەکانی راهێنەرپێکراوەکاندا بگونجێ.

**بەشی حەفتەم: ڕۆڵی کۆمەڵایەتی**

1- چەمکی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی

2- چەمکە بنەڕەتییەکانی تیۆری ڕۆڵ

3- سیستەمی ڕۆڵ لای پارسۆنز

4- سروشتی ڕۆڵ و نواندن (اداء)ی ڕۆڵ و ئەو هۆکارانەی کاریگەریان بەسەرەوە هەیە

5- گرنگی وەدیهێنانی ڕۆڵ

6- ململانێی ڕۆڵەکان

7- جیاوازییەکانی ڕۆڵ

8- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی ڕۆڵەوە

9- ڕۆڵ کە یارمەتیدەرە لەسەر بونیادنانی گرووپ و پاراستنی

10- ڕۆڵی تاکڕەویی گرووپ

## رۆڵی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگا سیستەمێکی تێکەڵاوە لە چەندین گرووپ و سیستەم پێکهاتووە، یەک سیستەمیش لە چەندین رەگەز(کەسەکان)پێکدێ کە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەیەکەوەی گرێداون کە کاریکەریی بە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە هەیە لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا کە لە نێوانیاندا دێتەپێشەوە. هەروەها هەموو رەفتاری تاک لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا رۆڵی یان کۆمەڵێک رۆڵی پێکدەهێنێ کە بە هۆیەوە لە کەسانی دیکە جیادەکرێتەوە.

### 1- چەمکی رۆڵی کۆمەڵایەتی

سینفۆرد (Sinford)وا پێناسەی رۆڵی کۆمەڵایەتی کردووە کە وێنای رەفتاری کەسێکی دیاریکراوەوە دەکات بەو سیفەتەی کە سیفەتێکە لە کەسایەتی کەسەکە ،چونکە گوزارشتە لە پێداویستییەکانی کەسەکە.

رۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک بەهاو پێوەری کۆمەڵایەتییە کە رەفتاری چاوەڕوانکراوی کەسێک دیاریدەکات بە پشتبەستن بە نیشانەکانی کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی ئەو تاکە.

رۆڵی کۆمەڵایەتی بەرهەمی بارودۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، بەو رەچاوکردنەی کە تاکەکان ئەنجامی دەدەن بە شێوەیەک کە لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتیدا بگونجێ.

رۆڵی کۆمەڵایەتی رەفتاری تاکە لەهەڵوێستێکی دیاریکراو کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان دیاریدەکەن.

ڕۆڵی کۆمەڵایەتی شێوازێک یان چەند شێوازێکە کە دەبێتە هۆی ڕەفتارێکی داواکراو لە کەسەکە، یان لە هەڵوێستەکانیدا ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ کە بە پێی ئەو پێوەرانەی کە وێنەی بۆ کێشراوە.

لیمان Lyman وا پێناسەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی کردووە کە ڕێکخستنی ئاراستەکان و داب و نەریتی تاکەکانە کە دۆخێکی دیاریکراو لە سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هێناویەتی.

کۆتریل Cottrellیش وا پێناسەی کردووە کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک وەڵامدانەوەی مەرجدارە کە لەناوەوەی کەسەکان لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیدا بەیەکەوە گرێدراون کە گوزارشت لە شێوازێکی هاندان دەکات لە وروژاردنی کۆمەڵێک نموونەی لەیەکچووی وەڵامە مەرجدارەکان کە هاوکات بەیەکەوە بەستراوو پتەون.

چەمکی لینتۆل بۆ ڕۆڵ ، بریتییە لە کۆمەڵێک کاروکردەوە کە کاسک پێیهەڵدەستێت و جەخت لەسەر داگیرکردنی ناوەندەکە دەکاتەوە، لینتۆن ڕۆڵ ی بە ناوەند گرێداوەو ناوەندیشی بە کەسەکان بەستاوەتەوە.

بەڵام چەمکی ڕۆڵ لای مێرتونMerton بریتییە لە هەموو ناوەندێکی کۆمەڵایەتی کە پابەندە بە گرووپێکەوەوچەندین ڕۆڵیان هەیە نەک یەک ڕۆڵ.

مێرتۆن کۆمەڵێک لە شێوازە کۆمەڵایەتییەکانی دیاریکردووە کە کۆمەڵێک ڕۆڵ بە شێوەیەکی یەکسان دەبەستێتەوەو زۆرترین توانای سیستەمەکانیش دیاریدەکات بۆ سووککردنەوەی گرژی و ململانێی نێوان ڕۆڵەکان.

أ- گرنگیدان بە ڕۆڵەکان زیاتر لە هەر شتێکی دیکە.

ب- دابەشکردنی دەسەڵات   لە نێوان ئەو کەسانەی کۆمەڵێک رۆڵ دەبینن.

ت- رەچاوکردنی کۆمەڵێک رۆڵ لە بەرانبەر داواکارییە دژ بە یەکەکان.

ث- ئاڵوگۆڕکردنی هاوکاری نێوان ئەوکەسانەی   لەکارکردندا یەک ناوەندو پێگەی وەکوو یەکیان هەیە.

ج- کەمکردنەوەی ژمارەی رۆڵەکان کاتێک ناوەندەکە دەیسەپێنێت.

ح- دیاریکردنی چالاکی پەیوەند بە رۆڵەکەوە بۆ ئەوەی لە ململانێکە دووربکەوێتەوەو لە بیری بچێتەوە.

کەچی پارسونز Parsons وا سەیری رۆڵی کۆمەڵایەتی دەکرد کە  رەگەزی هاوبەشی نێوان کەسایەتی و بونیادی کۆمەڵایەتییە.

## 2- چەمکە بنەڕەتییەکانی تیۆری رۆڵی کۆمەڵایەتی

### أ- سیستەمی رۆڵ :

خێزان سیستەمێکی لقی(فرعی) لە سیستەمی کۆمەڵایەتی گشتی پێکدەهێنێ و ئەم سیستەمە خێزانییە بە کۆمەڵێک رۆڵی جیاواز جیا دەبێتەوە، بۆنموونە باوک و دایک  یان براو خوشک هەریەکەیان لەناو سیستەمە خێزانییەکە بە کۆمەڵێک رۆڵی دیاریکراو هەڵدەستن کە بەگوێرەی جیاوازی پیشەییان رۆڵەکانیشیان لەیەکدی جیاوازن. هەروەها بەهۆی پەیوەندی دراوسێیەتی و هاورێیەتی  رۆڵی دیکە دەبینن.رۆڵی هەر یەک لەمانەش تەنانەت رۆڵی هەر خێزانێک لە لەگەڵ خێزانێکی دیکە یان گرووپێک لەگەڵ گرووپێکی دیکە جیاوازەو هەر یەکەیان سیستەمێکی دیاریکراو لە بونیادی کۆمەڵایەتی دەبینێ.

ئەم جیاوازییانە مانای ناکۆکی ناگەیەنێ، بەڵکو مانای تەواوکاریی ناو بونیادی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ،کە کاردەکەن لەسەر بەیەکەوە گرێدانی سیستەمی رۆڵەکان لە ناوەوەی کەسایەتییەکان دوای ئەوەی لەگەڵ پێوەرو بەهاکاندا یەکدەگرنەوە.ئەم جیاوازییە لە رۆڵی کەسایەتیدا مەرجی بوونی سیستەمی رۆڵەکانە.

ب- **سروشتی رۆڵی کۆمەلایەتی:**

مەبەست لە چەمکی (سروشتی رۆڵ) گرنگترین تایبەتمەندییەکانێتی، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- سروشتی رۆڵی کۆمەلایەتی سروشتێکی پێشبینیکردنی هەیە،واتا چاوەڕوان دەکرێ لە شێوەکانی رەفتاردا بۆنموونە لە ئەنجامی هەڵسان بە رەفتارێکی دیاریکراو کەسانی دیکەش بەو رەفتارە دیاریکراوە هەڵسن، نموونەی وەکوو پێکەنین لەکاتی گوێبیستن لە نوکتەیەک،یان سەرسامبوون لەکاتی بینینی کارێکی نامۆ.
- رۆڵی کۆمەلایەتی بە سرووشت چاوەڕوانکراوە، جیاوازی لەو چاوەڕوانیکردنە دەبێتە مایەی توڕەبوون یان بێزاری. وەکوو گۆێبیستی نوکتەیەک بوویت بەلام پێکەنینت پێی نەهات، یان رووداوێکی دڵتەزێنت بینی و هیچ کاری تێنەکردی..هتد.
- رۆڵی کۆمەلایەتی تاک بەستراوەتەوە بە ناوەندی کۆمەلایەتی بۆ ئەو تاکە،بۆنموونە رۆڵی مامۆستا جیاوازە لەگەڵ رۆڵی شوفێرێک، یان رۆڵی دکتۆرێک جیاوازە لەگەڵ رۆڵی ئەندازیارێک...هتد.

**3- سیستەمی ڕۆڵ لای پارسۆنز**

پارسۆنز پێیوابوو، دابەشکردنی کار لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی زۆربوونی ژمارەی ڕۆڵەکان و جیاوازی لە نێوانیاندا.هەر گرووپێکیش لەو ڕۆڵە تایبەتمەندە کە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کە سیستەمێکی دیاریکراو لە بونیادی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن.بۆنموونە سیستەمی خێزان بە کۆمەڵێک ڕۆڵی جیاواز دەناسرێتەوە،کە باوک بە کۆمەڵێک ڕۆڵ هەڵدەستێت، دایک و کوڕ بە کۆمەڵێک ڕۆڵی دیکە هەڵدەستن، بەڵام ڕۆڵەکانیان تەواوکاری یەکدییە. سیستەمی پیشەییش بە هەمانشێوە کۆمەڵێک ڕۆڵی جیاوازی تەواوکار دەگرێتە خۆ کە لەناو یەکدیدا بۆ وەدیهێنانی مەرام و ئامانجەکانی سیستەمی پیشە یەکدی تەواو دەکەن (وەک: پیشەی فێرکردن، بازرگانی، پارێزەری)سیستەمی پیشە جیاوازەکانیش بە داواکردن و بەرپرسیارێتی جیاواز دەبێت.

کاتێک کەسەکان تەمەنیان زیاتر دەبێت، پەیوەندییەکانیشیان زیاد دەکات ، ژمارەی ڕۆڵەکانیشیان زیاتر دەبن،پلەی گونجان لە جێبەجێکردنی ڕۆڵە جیاوازەکانیشدا زیاد دەبێت بە پێگەیشتنی کەسایەتی بۆ قۆناخێکی تەمەندارو پێگەیشتنی دەروونی و جیاکردنەوەو درککردن و یەکبوون لەگەڵ کۆمەڵێک بەهاو پێوەری جیاوازدا، بە تەواوبوونی هەر ڕۆڵێک دەشبێتە تەواوکاری ڕۆڵێکی دیکەو ئاڵوگۆڕیش لەگەڵ ئەو کاریگەرییە ڕوودەدات کە ڕۆڵەکان دەیبینن، بەڵام هەمووشیان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان دەگونجێن کە بەرهەمی چالاکی هاوبەشە.

ناوەڕۆکی ڕۆڵ و ڕەفتار لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، هەروەها لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی دیکەش دەگۆڕێت، لە

ڕۆشنبیرییەکەوە بۆ ڕۆشنبیرییەکی دیکەش دەگۆڕێت،واتا لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە ڕۆشنبیرییەکەشیان جیاوازە لە کۆمەڵگایەکی دیکە، پەیوەندی نێوان سیستەم و نێوان ڕۆڵ بریتییە لە سیستەم کۆمەڵێک ڕۆڵە.

**سیما جیاکەرەوەکانی ڕۆڵەکان وەک سیستەم ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن:**

أ- فرەیی و جۆراوجۆریی ڕۆڵەکان سیستەم پێکدەهێنن.

ب- جیاوازی ڕۆڵەکان ، بەڵام پەیوەندی گرێدراو بەیەکەوەو تەواوکاری یەکترین.

ت- دەبێت ڕۆڵ تایبەتمەند بێت لە سیستەمەکە.

ث- هەموو ڕۆڵێک ئاراستەی خۆی بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو وەردەگرێ.

ج- ناوک و ناوەڕۆکی ڕۆڵ و ڕەفتاری کەسێک بۆ کەسێکی دیکەو لە سیستەمێک بۆ سیستەمێکی دیکەو لە ڕۆشنبیرییەکەوە بۆ ڕۆشنبیرییەکی دیکە جیاوازە.

پارسۆنز ئەو ڕەگەزانەی ریزبەند کردووە کە ڕۆڵ پێکدێنن، کە ئەم سێ ڕەگەزەی خوارەوەیە:

أ- **ڕەگەزەکانی ئەقڵی (مەعریفی):** بریتییە لە پێوەرەکانی ئایدیۆلۆژی و زاڵبوونی ئەقڵ بەسەر سۆزو عاتیفەدا.

ب- **ڕەگەزەکانی ویژدانی (سۆزداری):**بریتییە لە ڕەگەزە دەروونییەکان کە بۆ هاندانی دەروونی مرۆڤ درێژدەبێتەوە.

ت- **ڕەگەزەکانی ڕەوشتی (هەڵسەنگاندن):**بریتییە لە تێبینیکردن لەسەر پەیوەندییەکان و هاوسەنگی لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان.

**4- سروشتی رۆڵ و نواندن(أداء)ی رۆڵ و ئەو هۆکارانەی کاریگەریان بەسەرەوە هەیە:**

نواندن و بەجێهێنانی رۆڵی کۆمەڵایەتی واتا هەڵسان بە رەفتارێک یان چالاکییەکی دیاریکراو کە لە هەڵوێستێکی دیارکراو چاوەڕوانی تاک دەکرێت کە نواندنەکەی جیاواز بێت لە کەسێکی دیکە، ئەمەش بە جیاوازی تواناکانی ئەو تاکەو داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانە،واتا رەفتاری رۆڵی کۆمەڵایەتی بەها و پێوەرەکانی کۆمەڵگا بۆ تاک و تواناکانی خودی کەسەکە جیاوازییەکەی لەگەڵ کەسێکی دیکە دیاریدەکەن.

کۆمەڵێک هۆکاریش هەن کە کاریگەرییان بۆ نواندن و بەجێهێنانی تاکەکانە بۆ رۆڵی کۆمەڵایەتی،لەوانە:

أ- نیشانەی بایۆلۆژی تاک.

ب- بارودۆخی تایبەت کە تاک لە نواندن و بەجێهێنانی رۆڵدا لێوەی فێردەبێت.

ت- ئاراستەکانی دیکە.

ث- هەستکردنی تاک بە خودی خۆی.

بەڵام گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان لەسەر دروسبوون و پێکهێنانی رۆڵ هەیە، ئەمانەن:

أ- هەستکردنی گرووپەکە بۆ ئەو ناوەندەی کە تاک لە بونیادنانی کۆمەڵایەتی کاری تێدادەکات، بەو واتایەی گرووپ هەستدەکات کە بەهێزەکان ناوەندەکانی هێز دەگرنەدەست.

ب- چاوەڕوانبوونی تاکەکانی ناو گرووپ بۆ رەفتاری تاکەکان ئەوانەی لە ناوەندە دیاریکراوەکان لە بونیادنان یان لە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کاردەکەن و ناوەندێکی بەهێز دەگرنە دەست کە بە سانایی کاریگەری بۆ سەر ئەوانی دیکە جێدێلن، سەرکدە پێشنیارەکانی خۆی پێشکەش دەکات کە بونیادنەرو بەسوودن، پێڕەوانی نایەڵن ئەو پێشنیارانە پێشکەش بکرێت بەڵام رێککەوتوون لەسەر پێشنیارەکان کە جێبەجێی بکەن.

ت- بەهای کۆمەڵایەتی و پێوەرە تایبەتییەکانی گرووپەکە، بریتییە لە چاوەڕوانیکردی هاوبەش کە تاکەکانی یەک سیستەمی کۆمەڵایەتی دابەشیان کردووە، ئەو چاوەڕوانکردنە (التوقعات) شێوەی رەفتارێکی گونجاو دیاریدەکات کە سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی پەسندکراوە.

## 5- گرنگی وەدیهێنانی رۆڵ

نواندن و وەدیهێنانی رۆڵ گەورەترین کاریگەری بەسەر بەردەوامبوونی وەزیفی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەوە هەیە.

(نیوکمب) پەیوەندی نێوان پاڵنەر ی رەفتاری رۆڵ و خودی رۆڵەکە بەو مانایەی رۆڵبینینت لە گرووپێکدا کۆمەڵێک ئەرکت دەخاتە ئەستۆ، لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێک مافت پێدەدا، کۆمەڵێک زانیاری روونکردۆتەوە.هەڵبەت ئەرک و مافەکان لەژێر تیشکی پێوەرو بەهای رۆشنبیری تاکەکانی ناو گرووپەکەیە.

(پارسۆنز)یش وایدەبینێ کە رۆڵبینینەکان بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە گرێدراون و لەگەڵ ئاراستەکردنی بەهای گرووپەکە

تەواوکاریی دەکەن.جا گرێدراوەکە (پەیوەندییەکە) لەگەڵ خۆیدا بێت (لە روانگەی تاکەکەسێک دەبێت)ئەگەر کۆمەڵایەتیش بێت ( لە روانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییە باوەکان دەبێت)،بەو مانایە ئەم دیدە بینییە لە سیستەمی کەسایەتییەوە دەبێت،هاوکات بەشێکیشە لە رۆشنبیری گشتی باو لە بونیادنانی کۆمەڵایەتی، بۆیە دەبینین رۆڵێکی بنەڕەتیش لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبینن.

رەفتاری رۆڵ رەفتاری مرۆڤە لە چوارچێوەی ئەو رۆڵە تایبەتییەی کە لەناو توێژێکی کۆمەڵایەتی هەیەتی جا ئەم رەفتارە بۆ رۆڵەکەی هەندێکجار گونجاوەو هەندێکجاریش گونجاو نییە.بۆنموونە مامۆستا بەشێوەیەکی باش یان لاواز وانە پێشکەش دەکات ،لە پۆلدا جگەرە دەکێشێ یان نایکێشێ،جۆری پێشکەشکردنی وانەکە لەگەڵ رۆڵی مامۆستاکە دەگکونجێ یان ناگونجێ، بەڵام جگەرەکێشان وا نییە بڵێی ئایا دەگونجێ لەگەڵ رۆڵ یان نا چونکە روونە کە ناگونجێ. لەم روانگەوە (نیوکمب)رۆڵ و رەفتاری رۆڵی بەم شێوەیەی خوارەوە لەیەکدی جیاکردۆتەوەو دەڵێت:

رۆڵ چەمکێکی کۆمەڵایەتییە ئاماژە بۆ شێوەیەکی کار دەکات کە چاوەڕوانکراوە لە هەر ئەندامێکی گرووپ کە لە ناوەندێکی دیاریکراودا کاردەکەن. بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەسەکان. بەڵام رەفتاری رۆڵ بەلای (نیوکمب)ەوە ئەو مارەکردەوانەیە کە تاک واڵێدەکات بەو رۆڵە هەڵبستێت. رەفتاری رۆڵ رێگایەکە کە تاک لە ناوەوەیدا دەینوێنێ .رۆڵی کۆمەڵایەتی بەهەمان شێوە یەکبوون و یەکخستنی ئەو شتانەیە کە لە گرووپەکە یان کۆمەڵگاکە چاوەڕوان دەکرێ ئەنجامی بدات.

- ڕەفتاری تاک لەیەک کاتدا گشتی و تایبەتییە،بەردەوام ژیانی تایبەتیمان لە ژێر کاریگەری ژیانی گشتیماندایە، هەروەها بە بەردەوامیش ژیانی گشتیمان لەژێر کارگەری ژیانی تایبەتیماندایە.
- ڕەفتاری دیاریکراو لە چوارچێوەی پێوەرە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانە بۆ ڕۆڵبینینی کۆمەڵایەتی کە تا ڕادەیەکی زۆر پابەندە بە تاک ئەو تاکەی کاردەکات بۆ بینینی ئەو ڕۆڵە.
- پێویستە ڕەفتاری تاک لە کاتی زۆری ڕۆڵبینینەکانی هاودژ نەبن،چونکە ئەگەر ئەو هاودژییە لە ڕەفتاری ڕۆڵەکانی ڕوویدا، ئەو تاکە تووشی تێکشکان دەبێ لە کەسایەتییەکەیدا.
- گرووپ ڕەفتاری ڕۆڵ دیاریدەکات کە خەڵکانی دیکە چاوەڕوانی لە تاک دەکەن بەم ڕۆڵە هەلبستێت، لەسەر تاک پێویستیشە لە ڕۆڵێکەوە خۆی بۆ ڕۆڵێکی دیکە بگوازێتەوە بۆئەوەی ڕەفتاری ڕۆڵی نوێ فێر ببێ، بۆنموونە قوتابی دەرچووی کۆلیژ دەبێتە مامۆستا.
- ئەوکەسانەی هەمان ڕۆڵ دەبینن جیاوازی لە ڕەفتاری کردەییاندا تا ڕادەیەک جیاوازییەکە سادەیە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەو دروستبوونی ئەقڵیانەوە یان لە بواری هاندان و وورووژاندنی کۆمەڵایەتیدا بۆ کەسێک لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکەی کەسێکی دیکە جیاوازە.
- ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری تاک دیاریدەکات،کە تاک بەهۆی ئەو ڕۆڵەی پێیهەڵساوە چاوەڕوانی لێدەکات.

بۆنموونە ئەوەی قوتابی لە مامۆستاکەی چاوەڕوان دەکات، یان ئەوەی مامۆستا لە قوتابیەکەی چاوەڕوان دەکات.

6- **ململانێی رۆڵ**

لێرە بە کورتی دەچینە سەر ململانێی رۆڵەکانی کۆمەڵایەتی کە ئەمانەن:

1- **هۆکاری کۆمەڵایەتی:** ئەو کاتانەی گۆڕینی کۆمەڵایەتی لە ژیانی تاکدا روودەدات ململانێش بە شێوەیەکی تایبەت دەردەکەوێت. بۆ نموونە کاتێک تاک بەهۆی دابەزینی باری ئابوورییەکەی لە چینێکی کۆمەڵایەتی بەرزەوە بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی خوارەوە دەگواسترێتەوە یان بە پێچەوانەوە. هەروەها رۆڵی هەرزەکاریش کە لە قۆناخێکی تەمەنییەوە بۆ قۆناخێکی دیکەی تەمەنی دوای هەرزەکاری دەگواسترێتەوە،دەستدەکات بە پلاندانان بۆ پێکهێنانی خێزان.

2- **هۆکاری تاک:** هەستکردنی تاکە بە خۆی،کە بە پێی هەڵوێستە دیارکراوەکان بە چەند رۆڵێک هەڵساوە ،کە لەگەڵ هەڵوێستی دیکە یەکناگرنەوە. بۆنموونە: دادوەر دەیەوێ فەرمانی گرتن بەسەر کەسێکی خزمی خۆی یان هاوڕێیەکی نزیکی خۆی بدات، ئەم هەڵوێستە تووشی نیگەرانی و خەمباری دەکات کە لەگەڵ هەڵوێستەکانی دیکەی یەکناگرنەوە.

7- **جیاوازییەکانی رۆڵ**

بەڵام ئەو جیاوازیانەی لە رۆڵە کۆمەڵیەتییەکاندا هەیە بە کورتی ئەمانەن:

أ- سەپاندن و هەڵبژاردن:هەندێک رۆڵ بەسەر تاک سەپێنراون، هەندێکیشیان هەڵبژاردەیە و سەپێنراو نین،بۆنموونە رۆڵی تەمەن (مندالی یان باڵقبوون..)ئەمانە سەپێنراون، بەڵام رۆڵی لە کارکردندا (ئەندازیار، پارێزەر، مامۆستا، پزیشک...هتد) ئەمانە نەسەپێنراون بەڵکو مرۆڤ خۆی دەتوانێ یەکێکیان هەڵبژێرێ و وەدەستیان بێنێ.

ب- بەرفراوانی (الشمول):رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرفراوانییەکەیاندا جیاوازن، بۆ نموونە گەنجێک لە گرووپەکەی خۆیدا سەرۆکە، بەڵام لە پەیڕەوانی گرووپێکی دیکەیە.

ت- دیاریکردنی رەفتار: رۆڵی سەربازی رۆڵێکی دیاریکراوو سنووردارو چەقبەستووە، بەڵم رۆڵی دیکە هەن کە بواری فراوانتریان هەیە بۆ جیاوازییەکان.

ث- بەردەوامی:رۆڵی پیاو و ئافرەت و پیشەییەکان لەناو کۆمەڵگا بەردەوامە، بەڵام رۆڵی دیکە هەیە بەردەوام نییە تەنیا لە کاتێکی کۆرتدا نەبێت، وەکوو پاڵێوراو یان راسپێردراو بە کارێکی دیاریکراو..هتد.

ج- گرنگی و ناوبانگ: رۆڵی هاوڕێیەتی دەچێتە ناو پەیوەندی کەسی بڕواپێکراوو قووڵە.

ح- سەختی و سانایی: رۆڵی هاووڵاتی ئاسایی ئەو رۆڵە نییە کە زانایەک یان پزیشکێکی نەشتەرگەریی دەیبینێ لە رووی سەختی و ساناییەوە.

هەندێکجار جیاوازی و ململانێ بەهۆی رۆڵبینینەوە دروستدەبێتبە تایبەت لە نێوان ژن و مێرد بۆ نموونە:

أ- پیاو ژنەکەی لە کار یان پیشەکەی دووردەخاتەوە بەو بیانووەی ژن بۆ ماڵەوەیە.
ب- بڕوای وایە کە ژن کارێکی بچووک بکات نەک کارێکی تەواو، ئەمەی دووەمیان لای پیاوەکە قەبوولنەکراوە.
ت- بڕوای وایە تەنیا لە کاتی پێویستی مادی و ئابووری ژن رێگەی کارکردنی پێبدرێ، دەنا نابێ کار بکات.
ث- بڕوای وایە کە نابێت هەرگیز ژن کار بکات، چونکە هەست بەوە دەکات بۆ ژن کارنەکردنی لە دەرەوە باشترە لە کارکردنی.
ج- بڕوای وایە ئەرکەکانی ژن بە پلەی یەکەم زیاتر خێزانداربییە نەک کارکردن.

ئەمە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ململانێی هەردوو لا ،کە راوبۆچوونی ناکۆک مەرجن بۆ بوونی ئەو ململانێیە.

پارسۆنز پێیوایە تاک کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا دەژی بەچەندین رۆڵی کۆمەڵایەتی هەڵدەستێت،کە لە نێوان ئەم رۆڵانە هەندێک جیاوازی و تێکەڵاوی و بەرهەڵستیشی تێدایە. ململانێکان بەهۆی بەرهەڵستیکردنی رۆڵ و جیاوازی و ناکۆکییەکانەوە سەرهەڵدەدات.

**8- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی رۆڵە جیاوازەکانەوە کە تاک لە کاتی کاری بەکۆمەڵدا دەیبینێ**

لەم بەشەماندا هەندێ رۆڵی گرنگ و بەسوود باسدەکەین کە تاک دەتوانێ بیگێرێت لەناو گرووپدا. بە پێی ریزبەندی گفتوگۆکانی هەردوو زانایان (Benne)و (شتیتس Sheats) بۆ ئەو رۆڵانە، هەردوو زانا بۆ سێ توێژ لە رۆڵبینینەکان تەباو رێک نین کە بریتین لە:رۆڵی پەیوەندیکردن بە گرووپ، رۆڵی یارمەتیدەر لەسەر بنەمای گروپ و پاراستنی، هەروەها رۆڵی خودی تاک، هەردوو زانا بۆ هەر یەک لەم توێژانە کۆمەڵێک رۆڵی ریزبەند کردووە کە دەبێتە هۆی ئەندامانی گرووپەکە لە رووی جۆرێتی و شێوەی کاری گرووپییەوە پێشبکەون.

1- رۆڵە پەیوەنددارو بەردەوامەکان بە گرنگی گرووپ

لێرەدا ئەندامی گرووپ بەشێوەیەکی پەسندکراو هەڵدەستێت بە ساناکردن و یەکخستنی هەوڵەکانی گرووپ بۆ بەدیهێنانی گرنگیەکەیان. وەک ئەم رۆڵبینینانەی خوارەوە:

أ- دەستپێشخەری: واتا پێشنیارکردنی بیری نوێ یان شێوازی جیاواز دەربارەی گرنگی گرووپەکەو چۆنێتی نواندن و وەدیهێنانی ئەم شێوازو بیرە نوێیە.

ب- قوتابی زانیاریی(طالب المعلومات): پێشنیارەکان رووندەکاتەوەو داوای هەندێک لە راستی و زانیاری فەرمی دەکات کە پەیوەندیان بە وانەی خوێندنەکەوە هەیە.

ت- قوتابی بیروڕا (الأراء): تێڕوانینی خۆی کە پەیوەندە بە گرفتەکە ڕووندەکاتەوە.

ث- بەخشینی زانیاری: بە هۆی شارەزاییەکەیەوە گرفتەکە ڕووندەکاتەوەو ڕاستییەکە دەخاتە ڕوو.

ج- بەخشینی بیروڕا:بریتییە لە بیروباوەڕ کە پەیوەندە بەو گرنگییەوە بەتایبەت ڕاو بۆچوونەکەی کە گرنگن بۆئەوەی ببێتە بەهای گرووپەکە.

ح- ڕوونکردنەوە: بیروباوەڕەکەی خۆی باسدەکات و نموونەیشی لەسەر دەهێنێتەوەو پێشنیاری ڕاستکردنەوە دەخاتە بەردەم ئەندامانی گرووپەکە، وەک هەوڵدانێک بۆ پێشبینیکردن بە پەچەکردار بۆ پێشنیارەکە یان بۆ چارەسەرکردنی ئەو پێشنیارەی خراوەتە ڕوو.

خ- یەکبوون (المنسق): پەیوەندی نێوان بیروباوەڕەکان (الافکار) ڕووندەکاتەوەو هەوڵدەدات بەیەکەوەیان ببەستێتەوە، یان هەوڵدەدا بۆ یەکبوون و یەکخستنی چالاکییەکان لە تاکڕەوییەوە بۆ هەوڵی کۆمەڵی چالاک.

د- هونەری ڕێکاریی (الاجراءات):کاری گرووپی سانا دەکات بەهۆی دەستکەوتی گرنگ کە دابەشکردنی شتەکان ودووبارە ڕێکخستنەوەی کورسییەکان و شتی دیکەیە.

ذ- تۆمارکردن-ریکۆردەر: ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بۆ (بیرەوەری گرووپ- ذاکرةالجماعة):بە پاراستنی تۆمارکردنی پێشنیارو بڕیارلێدراوەکان و ئەنجامی گفتوگۆکانی گرووپەکە.

**9- ڕۆڵ کە یارمەتیدەرە لەسەر بونیادی گرووپ و پاراستنی**

ئەم ڕۆڵە وەک گرووپ (الجماعة) بە کاری کۆمەڵەیەکەوە (المجموعة) بەستراوە، ئامانجی پتەوکردنی هەڵوێست و پیشەیی بەردەوامبوونێتی بە کاری گرووپی و زەروورەتی پارێزگاریکردنی لەسەر مانەوەو یەکێتیبوونی گرووپەکە.

أ- هاندەر (المشجع): قەبووڵکردنی بەشداریکردنی ئەندامانە بە گوڕو تین و جوامێریانەوە، هەستکردنی گشتی بۆ وەرگرتن و پەسندکردن و تێگەیشتن لە بیروبۆچوونی ئەوانی دیکە.وەک پاراستنی هاندەر لەسەر بەردەوامی بەهۆی هاندانی ئەوانەش کە بەشداریان لە گفتوگۆکردنی گرووپەکە نەکردووە.

ب- سازاندن: واتا نێوانگیری لە کێشەکانی نێوان ئەندامان و جیاوازییەکانی نێوانیان، کە ڕێگە لە زیاتر گرژبوونی نێوانیان و گەورەتر بوونی کێشەکانیان دەگرێت، بەڵکو لەوەش گرنگتر هەڵدەستێت بە پاراستنی ئەوبەیەکەوە بوونەی گرووپەکە کە لەنێوانیاندا هەبووە.

ت- وازهێنان لە هەندێک مافی تایبەتی لەپێناو مافی گشتیدا: ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لە پێناو ئاسانکردنی پێشکەوتنی گرووپەکە بەرو ئامانجێکی گشتی، لە مشتومڕێکی دیاریکراودا واز لە هەندێک هەڵوێستی بچووک بهێنیت.

ث- ئاساییبوونی پێوەرەکان: ئامانجی هەوڵدانی گرووپەکە دیاریدەکات و پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی جۆری دەستکەوتەکانی گرووپەکە دادەنێت.

ج- چاودێریکردنی گرووپەکە: ئەمەش چاودێری پرۆسەکە دەکات کە بە تۆماری لایەنە جیاوازەکان بۆ چالاکی گرووپەکە دەپارێزێت و ئینجا بۆ گرووپەکەشی دەگەڕێنێتەوە، وەک تێبینی و لێکدانەوە بۆ یارمەتیدانی لەسەر هەڵسەنگاندنی دەستکەوتەکانی.

ح- شوێنکەوتە (التابع): بەشێوەیەکی سەرەکی هەڵدەستێت بە رۆڵی گوێگرتن لە کاتی وەرگرتنی بریارێکی گرووپەکە، لەوکاتانەدا رەفتارێکی دوژمنکارانە ناگێڕێت، بەڵکو رۆڵێکی یارمەتیدەرانە لەسەر پاراستنی گرووپەکە دەبینێ.

## 10- رۆڵی تاکڕەویی گرووپ

ئەم رۆڵە پەیوەندە بەو کەسانەی کە ئەندامن لە گرووپێکداو پێداویستییە تایبەتی و تاکایەتی خۆیان تێردەکەن و کۆسپیش لەبەردەم گرووپەکە دروستدەکەن لە وەدیهێنانی ئامانجەکانی گرووپەکەدا.

أ- دوژمنکارانە: ئەندامێکی گرووپەکە بە شێوەیەک رەفتار دەکات کە لە شکۆو بیروباوەڕو بەهاو بۆچوونی ئەوانی دیکە کەمدەکاتەوە ، یان ئاراستەیەکی فێڵبازانە بەسەر هەندێک لە ئەندامانی گرووپەکە دادەهێنێ کە دەبێتە مایەی ئازاردانی گرووپەکە.

ب- پەکخراو(المعطل):بریتییە لەوەی کە ئەندامێک هەڵوێستێکی توند لە گفتوگۆیەکدا وەردەگرێت و بەرهەڵستی بیروبۆچوونی ئەوانی دیکەش دەکاتبەشێوەیەک سنووری ئەقڵمەندی دەبەزێنێت، دواییش هەوڵدەدا بە گفتوگۆکەی یان بە رەتکردنەوەکەی بگەڕێتەوە بۆ پێشنیار یان بابەتی پێشووی گرووپەکە.

ت- توێژەر لە ناوەند و شکۆیی: ئەندامی گرووپ هەوڵدەدا تێڕوانین لەسەر خۆی کەمبکاتەوە بەهۆی ئەو پاڵەوانی و ئەو دەستکەوتە کەسیانەی وەدیهێناون و بەردەوامیش بەرەنگاری لە دانانی هەڵوێستی شوێنکەوتەیی یان پەیڕەوکردن (التابع)ی سەرۆک بکات.

ث- دانپێدانەر (المعترف): بریتییە لەوەی ئەندامێکی گرووپەکە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ گرووپەکەی دەکات و قسەیان بۆدەکات لەسەر بۆچوون و بیروباوەڕو ئاراستە فیکرییە تایبەتییەکانی خۆی کە هیچ پەیوەندی بە ئەرک و گرنگی گرووپەکەوە نییە.

ج- بەنازو فیز (اللعوب): بریتییە لەوەی ئەندامێکی گرووپەکە هیچ گرنگی بە گرووپەکە نادات، بەڵکو گاڵتەو رابواردن بە گرووپەکە دەکات و بەردەوام لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە دەچێ، یان لە هۆڵی تاقیکردنەوە دەردەچێت.

ح- دەسەڵاتخوازیی:ئەندامێکی گرووپەکە هەوڵدەدا جەخت لەسەر دەسەڵاتەکەی خۆی بکاتەوە بۆ ئیستغلالکردنی گرووپەکەی یان هەندێک لە ئەندامانی گرووپەکەی، ئەمەش ئەوکاتە ئەو دەسەڵاتخوازییە وەردەگرێ کە مەدح و ستایشی خۆی دەکات و شکۆیی دەدات بە خۆی و فەرمانیش بەسەر ئەوانی دیکەدا دەدات. ئەمەش نیشانەی غروورییەکی زۆرو زیاد لە پێویست متمانەی بەخۆ بوونیەتی.

خ- لێکۆڵینەوە لە سۆز: لێرە ئەندامی گرووپەکە هەوڵدەدا سۆزو عاتیفەی هەندێک لە ئەندامان ی گرووپەکە یان گرووپەکە بۆ لای خۆی رابکێشێ ئەویش بە رێگای هەستکردنی بە نا ئارامی و

دڵنیانەبوونی خۆی و تەنانەت بەرادەیەکی چاوەڕواننەکراو رق لێبوونەوە لە خۆی.

د- کشانەوە: ئەندامێک کە گرنگی بە گفتوگۆی گرووپەکە ناکات و لە چالاکی گرووپەکەش بەشداری ناکات.

ذ- گوتار بێژ: بریتییە لە کاسک کە بە قسەی گەرم و بە دڵی گەرمەوە قسەی میسالیانە دەکات.

ر- پیاوی راست.. بەڵام: ئەمە رێک ئەوە دەگرێتەوە کە دەڵێی قسەی فلانە کەس زۆر راستە بەڵام لۆژیکی نییە، یان ئەم پیاوە سیفاتی زۆر باش و جوانی هەیە، بەڵام مرۆڤی خۆویست کەسی خۆش ناوێ ئەگەر بەرژەوەندی لەگەڵ نەبێت.

## بەشی هەشتەم: رای گشتی

1- چەمکی رای گشتی
2- جۆرەکانی رای گشتی
3- قۆناخەکانی رای گشتی
4- تایبەتمەندی رای گشتی
5- پێکهاتەی رای گشتی
6- وەزیفەی رای گشتی
7- ئامانجەکانی رای گشتی
8- کاریگەری رای گشتی لەسەر رەفتاری تاک و کۆمەڵ

**رای گشتی**

رای گشتی بەستراوەتەوە بە چەمکی ئاراستەکان، بۆیە رای گشتی بە لای زۆرینەی خەڵکەوە بابەتێکی زۆر گرنگە.

1- **چەمکی رای گشتی:**

رای گشتی دەربڕینی گرووپێک یان کۆمەڵگایەک یان جەماوەری گشتییە گوزارشت لە بۆچوون و هەست و بیرو باوەڕو ئاراستەکانی دەکات لە کاتێکی دیاریکراودا، سەبارەت بەو بابەتەی یان ئەو کێشەیەی کە بەلایەوە گرنگە.

رای گشتی هێزی راستەقینەی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت.(چایلدز) پێیوایە رای گشتی بریتییە لە کۆی رای تاکەکان.(لیۆنارد دۆب)یش دەڵێت رای گشتی بۆچوونی کۆمەڵێک خەڵکە لەبارەی کێشەگەلێکی دیاریکراو یان رووداوگەلێکی دیاریکراو.

بەڵام ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان بەسەر رای گشتییەوە هەیە بە کورتیئەمانەن:رۆشنبیریی و فێرکردن،خێزان،ئایین،رووداوی گەورەو گرنگ، سەرکردایەتی، ئامرازەکانی راگەیاندن، گفتوگۆی کۆمەڵی (الجماعية)، پڕوپاگەندە ،دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی،هەروەها پێداویستییەکانی جەستەیی و ئەقڵی و هەڵچوونیی چەند هۆکارێکی دیکەن کاریگەرییان بەسەر رای گشتییەوە هەیە.

2- **جۆرەکانی رای گشتی**

مەبەست لە جۆرەکانی رای گشتی ئەوە نییە کە هەر یەکەو تەواو جیاوازە لە ئەوی دیکەو هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نییە، بەڵکو لە دابەشکردنی رای گشتیدا بەشەکان بەیەکەوە بەستراون و تا رادەیەکی زۆر هاوپەیوەندن.بە دیوەکەی دی مەبەست لە دابەشکاری رای گشتی رێکخستنە .

أ- **رای گشتی نیشتمانی**: مەبەست لەم رای گشتییە پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە، کە دەسەڵاتی باڵا پشتی پێدەبەستێت و توانای پێشبینیکردنی بۆدەبێت لەبارەی پرسەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی دەخولێنەوە .

ب- **رای گشتی هەرێمی**: ئەمجۆرە رای گشتییە یارمەتی سەرهەڵدانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان و گەلانی دەرودراوسێ دەدات و، هەروەها ئارەزووی بۆ جەختکردنەوە لەسەر نزیکبوونەوەی ئەو وڵاتانە هەیە کە ئینتیمایان بۆ یەک هەرێم هەیە، وێڕای جیابوونەوەی هەیکەلیان ، نموونەی ئەم جۆرە ئینتیما بۆ یەک هەرێمییە وەکوو بڕیارەکانی یەکێتی ئەوروپا یان زانکۆی وڵاتانی عەرەبی یە (جامعة الدول العربية).

ت- **رای گشتی جیهانی** : ئەمجۆرە رای گشتییە تەواوی وڵاتانی دونیا دەربارەی کێشەیەکی گشتی دەگرێتەوە بۆنموونە وەک جیاکردنەوەی (التمييز العن×ري) رەگەزی، زۆربەی گەلانی دونیا سیاسەتی پەیڕەوکردنی رەگەزپەرستی رەتدەکەنەوە، یان رای گشتی جیهانی دژی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژە .

ڤ- **رای گشتی جۆری** :ئەمجۆرە رای گشتییە دەتوانرێ لەسەر ئاستی نیشتمان یان هەرێم یان لەسەر ئاستی جیهان لە رووی هوشیارییەوە گوزارشت لە هەرێمێکی دیاریکراو بۆ کێشەو پرسێکی دیاریکراو دەکات، وەک لەبارەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی، سیستەمی پەروەردەو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.

ج- **رای تایبەت**: ئەو بیرورایەیە کە تاک بۆخۆی دەیپارێزێت و جگە لەوانەی زۆر نزیکی ئەون یان جێگای متمانەی ئەون ، بۆ کەسی دیکەی باس ناکات.

ح- **رای ئیئتیلافی**: لەسەر هەندێک بیرورِا و لە کاتێکی دیاریکراوو لە ژێر بارودۆخێکی دیاریکراوی ئیئتیلافی رێکدەکەون.بۆ نموونە ئیئتیلافی هەندێک لە حزبە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت.

خ- **رای کەسی**: ئەو بیرورایەیە کە تاک بۆخۆی دروستیکردووە دوای بیرکردنەوە لە بابەتێکی دیاریکراو.

د- **درای زۆرینە**: ئەو بیرورایەیە کە لە نیوە زیاتر بێت، واتا لە%50 زیاتر بێت لە کۆی ئەو دەنگانەی چالاکییەکە دەکەن.

ذ- **رای کەمینە**: ئەمەش بە واتای ئەو بیرورایە دێت کە لە نێو ئەندامانی گرووپەکە لە نیوە %50 کەمترن.

ر- **رای گشتی شاراوە**: واتا رایەکی گشتی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو هەیە، بەڵام شاراوەیە و رانەگەیەنراوە.

ز- **رای گشتی کردەیی(واقیعی)**:ئەمجۆرە رای گشتییە دەگوازرێتەوە بۆ کردارو بۆ واقیع ، بۆ نموونە مانگرتن، شۆرِش، خۆپیشاندان.

س- **رای گشتی تارادەیەک نەگۆرِو چەسپاو**: ئەمجۆرە رای گشتیانە داب و نەریت دەگرێتەوە کە تا ماوەیەکی دوورو درێژ دەمێننەوە.

ش- **رای گشتی:** له کۆمەڵەی رای گشتیدا دەرئەنجامی ئەو رایەیە کە لە چەندان را پێکدێت.

ص- **رای گشتی کەسیی:** ئەو رایەیە کە تاک دوای بیرکردنەوەی لە بابەتێکی دیاریکراو لە بەرامبەر خۆیدا بەکاریدەهێنێت.

ض- **رای گشتی تایبەت:** ئەو رایەیە کە تاک دەیپارێزێت و نایدرکێنێت تەنیا بۆ کەسە زۆر نزیکەکان و جێ متمانەپێکراوەکان نەبێت.

ط- **رای گشتی گۆڕاو:** ئەمجۆرە رای گشتییە لەژێر کاریگەری هۆیەکانی راگەیاندن و پڕوپاگەندەوە سەرهەڵدەدەن ، کە بەئاسانی کاریتێدەکات و راکەی دەگۆڕێت.

ظ- **رای گشتی هەمووی(الكلي- الجامع):** بریتییە لە رای گشتی شوێنکەوتەو باو(التقلیدی)کە بەردەوامەو جێگیریشە،یان هۆکارەکانی بۆماوەیی شارستانی و رۆشنبیرییە،وەکوو سیستەمی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئایین و داب و نەریت و ....هتد.

ع- **رای گشتی کاتی:** ئەمجۆرە رای گشتییە لە ئەنجامی رووداوێکەوە دروستدەبێت و لەگەڵ تەواوبوون و کۆتاییهاتنی رووداوەکە رای گشتییەکەش کۆتایی دێت.

3- **قۆناخەکانی رای گشتی**

بۆ پێکهێنان و رۆشنبوونی رای گشتی دەبێت بە چەند قۆناخێکدا رەت ببێ، لەوانە:

أ- **سەرهەڵدانی کێشەکە**:هەندێکجار سەرچاوەی کێشەکان رەوایە، بەتایبەت کە پەیوەندی بە ئازادی و نیشتمانپەروەرییەوە هەبێت، وەکوو: راپەرینی گەلی فەلەستین، یان داواکردنی سەربەخۆیی بۆ هەرێمی کوردستان..هتد.یان هەندێکجار رووداوێکی سرووشتی وەکوو بومەلەرزە روودەدات، یان کورتهێنانێکی ئابووری لە وڵات ...هتد.واتا سەرهەڵدانی کێشەگەلێک و بابەتگەلێک جا ئەگەر مەرگەساتێک بێت یان تاوانێک بێت.

ب- **هەستکردن بە کێشەکە:** ئەمە هەنگاوێکە بۆ ناسین و زانینی گرفتەکەو تێگەیشتن لێی و وردبینی لە کێشەکەو رۆشنییەک لێی،ئەمەش لە ئەنجامی شارەزایی و ئەزموونی پێشووەوەیە.واتا هەستکردن بە رەهەندەکانی کێشەکە.

ت- **حەزکردن بە گفتوگۆکردن**:لەم قۆناخەدا پرسیارکردن دروستدەبێت، لەبارەی ئاستی مەترسی کێشەکەو گرنگیدان پێی و زانینی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرن بەسەریەوەو ئاستی توانای چارەکردنی.

ث- **سەرهەڵدانی پێشنیار**:لێرە گفتوگۆکان رۆڵێکی توند دەبینن بەوەی راو بۆچوونەکان لەناو گرووپەکەدا ئاڵوگۆڕی پێدەکەن و لە ئەنجامدا ئاراستەی جیاواز و پێشنیار سەرهەڵدەدەن، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە.

ج- **ململانێی راکان:** ململانێ لە تێڕوانینە جیاوازەکان و پێشنیارەکانەوە دروستدەبێت و پڕوپاگەندە و هەڵچوون بەسار ئاراستەی ئەقڵیدا زاڵدەبێت و رای گشتی دروستدەکات.

ح- **رۆشنبوونەوەی بیروراکان:** لەم قۆناخەدا جەمسەربەندی سەرهەڵدەدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو ئیتر دەردەکەوێ کە لایەنگرە یان دژە یان بێ لایەنە.

خ- **نزیکبوونەوەی راو بۆچوونەکان:**ئەمەش بەهۆی گوتاربێژی و پڕوپاگەندەو، کە مەیلێکی رایەک دروستدەبێت کە زیاتر هاوبەش بێت واتا مامناوەندی بێت، بۆ پێکهێنانی ئاراستە باوەکان.

د- **رێککەوتنی بە کۆمەڵ:**گرووپێک لەسەر رایەک رێکدەکەون کە نوێنەری رەوتێکی ناو ئەو گرووپە دەکەن و دەبنە رای گشتی ناو ئەو کۆمەڵ یان گرووپە.

ذ- **رەفتاری بە کۆمەڵ:** لەم قۆناخەدا گوزارشتکردنە لەو رای گشتییەی کە بە رێگای کردەیی رۆشن بووەو پێگەییوە، وەکوو خۆپیشاندان و مانگرتن و..هتد.

4- **تایبەتمەندییەکانی رای گشتی**

دەتوانین تایبەتمەندییەکانی رای گشتی لەم خاڵانەی خوارەوە چڕیان بکەینەوە:

أ- رای گشتی بەهۆی ژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کۆمەڵگاوە دروستدەبێت و بەردەوام دەبێت.واتا سەرچاوەکەی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کۆمەڵگاوەیە.

ب- لەگەڵ جەماوەر هاوپەیوەند دەبێت و،لەکاتی تێکەڵبوونیدا مەرج نییە گوزارشت لە ئیرادەو خواستی جەماوەرەکە بکات.واتا مەرج نییە لەگەڵ راو بۆچوونی زۆرینە بگونجێت.

ت- لەلایەن دەسەڵاتێکی دیاریکراوەوە ناسەپێندرێ، وەک سرووشتی دەسەڵات نییە.

ث- پشت بە مەعریفەو زانیاری و داتاو شارەزایی و چەمکەکان دەبەستێت.

ج- ئەقڵ و سۆز پێکەوە فەرمان بەسەریدا دەدەن.

ح- دەتوانرێ تێبینی و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێ.

خ- لە چەندین بوارەوە رای گشتی دروستدەبێت، هەندێکجار ناوەخۆیی و بچووک و تەسکە، هەندێکجار نیشتمانییە، یان نەتەوەیی، یان جیهانیشە.

د- لەکاتی بەرپابوونی توندوتیژی و دۆخی شەڕ، ئەقڵ و رێنماییەکان ون دەبن.

ذ- هەستیاری بەرامبەر بە رووداوە گرنگەکان.

ر- لەوکاتانەی لەناکاو رووداوە گرنگەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، رای گشتیش لەو کاتانەدا بەرەو نەمان دەچێت.

ز- رای گشتی بڕیارەکانی بەهۆی رووداوەکانەوەیە نەک بە قسەی رووت.

5- **پێکهاتەکانی رای گشتی**

رای گشتی بەهۆی کارلێکی کۆمەڵایەتی و وەرگرتن و پێدان لە نێوان هاووڵاتیانەوە دروستدەبێت. رێنماییەکان لە کەشێکی کۆمەڵایەتی دیموکراتی و لە رێگای گفتوگۆی گرووپەکانەوە کە ئامانجی وەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتییە دروستدەبێت.

ئەم هۆکارانەی رۆڵی گرنگیان لە پێکهێنانی رای گشتیدا هەیە بە کورتی ئەمانەی خوارەوەن:

1- رۆشنبیری تاکەکان و ئاستی فێرکردنیان.

2- ئایین و بەهاو بیروباوەڕەکان.

3- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بۆ تاک .

4- ئاستی رووداوە ناوخۆیی و نەتەوەیی و جیهانییەکان.

5- پێشەواو سەرکردە .

6- ناوەندەکانی راگەیاندن و پەیوەندیی جەماوەریی.

7- گفتوگۆی گشتی و ڤیستیڤاڵەکان.

8- پڕوپاگەندە .

9- بارودۆخی گشتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

10- حزبە سیاسییەکان.

بەڵام ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ پێکهێنانی رای گشتی ئەمانەن:

أ- بوونی زمانێکی هاوبەش، یان توانای رێککەوتن لەسەر خاڵ (مانا)ە سەرەکییەکان.

ب- ئامادەیی گرووپەکە بۆ هاوسەنگی و رێککەوتن لەنێوان راوبۆچوونەکان.

ت- کۆتایی پێهانان بە گفتوگۆو مشتومڕی گشتی.

**6- وەزیفەکانی رای گشتی**

گرنگترین ئەرک و وەزیفەکانی رای گشتی ئەمانەن:

أ- دیاریکردن و نوێکردنەوەو گۆڕینی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.

ب- پشتگیریکردنی دەستەو دامودەزگا حکومی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان.

ت- چاودێریکردنی بەها ئاکاری و نموونە باڵاکانی (المثل)کۆمەڵایەتی.

ث- برەودان و زیرەکی گیانی مانەوی گشتی و، هاندانی بۆ کێشە گشتییە گرنگەکان.

## 7- ئامانجەکانی رای گشتی

بە کورتی ئامانجەکانی رای گشتی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕ دەکەینەوە

أ- لێکۆڵینەوەیەک بەرامبەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان ،بۆنموونە: رێکخستنی نەوە.

ب- لێکۆڵینەوەیەک بەرامبەر پرسە سیاسییەکان، وەک: یەکێتی عەرەبی.

ت- لێکۆڵینەوەیەک بەرامبەر پرسە ئابوورییەکان ،وەک: هەژاری و بێکاری.

ث- لێکۆڵینەوەیەک بەرامبەر بەرنامە سەرکەوتووەکان لەبارەی پەیوەندییە گشتییەکان،بۆنموونە:پەیوەندی نێوان حکومەت و میللەت، یان نێوان بەڕێوەبەرانی دازگاکەو جەماوەر.

ج- لێکۆڵینەوەیەک بە ئامانجی دیاریکردنی باشترین رێگاو ئامرازەکانی گەیاندن بە جەماوەر.

## 8- کاریگەری رای گشتی بەسەر رەفتاری تاک و گرووپ

کاریگەری رای گشتی بەسەر تاک و گرووپەکانەوە ئەمانەی خوارەوەن:

أ- رای گشتی چالاکی و رەفتاری تاک و گرووپ بەو رێوشوێنانەی پەیوەندیان بە کاروباری گشتییەوە هەیە دیاریدەکات.کە بەشداریکردنی خەڵکەکە لە نێوان خۆیاندا لەبارەی هەندێک

بیروباوەڕ و بۆچوونەوە کە تەباو رێکن لەسەری لە روانگەی رەفتارە کۆمەڵایەتییەکەوە.

ب- سەرکردە لە کۆمەڵگای دیموکراتیدا کاریگەر دەبێت بە گرووپ و کۆمەڵگاکەوە بە ئاراستەی رای گشتی (ئیرادەی گەل)، بۆیە سەرکردە گرنگی بە زانینی رای گشتی (الاست×لاع الراي العام) بە رێگایەکی زانستی دەدات، بێگومان رەزامەندی رای گشتی لەسەر سەرکردە یان فەرمانڕەواییەکەی بەردی بناخەیە بۆ سیستەمێکی فەرمانڕەوا کە جێگیر بێت و میللەتەکەیشی بۆلای خۆی راکێشابێت.

ت- رای گشتی نەخشە رێگای ئاراستە سیاسییەکان بۆ فەرمانڕەواییکردنی ناو دەوڵەت و نێوان دەوڵەتەکانیش دیاریدەکات، واشدادەنرێ رای گشتی ئازاد بۆ گەلەکەی هەنگاوی یەکەمی دیموکراتییە لە وێنەکێشانی سیاسەتی حوکمڕانی و وەرگرتنی بڕیار کە گوزارشت لە خواستی گەل دەکەن، ئەمەش گونجاوە لەگەڵ پێداویستی و بارودۆخی ئابووری و مەعنەوی و بەرژەوەندییەکانی ئێستاو ئایندەی.

ث- وا دادەنرێ کە رای گشتی هێزی ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگایە بۆ بابەتگەلێکی نەخۆش و مەترسیدار.

ج- گردبوونەوەو چڕی هێزی رای گشتی و جەختکردنەوەی، یارمەتیدەرە بۆ یەکگرتوویی گرووپەکە بۆ ئامانجە گشتییەکە.

ح- رای گشتی کاریگەری بەسەر ژیانی گشتی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ..هتد هەیە.

خ- مەعریفەی رای گشتی یارمەتیدەرە بۆ پرۆسەی پلاندانانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابووری و سیاسی و یارمەتیدەریشە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابووری و سیاسییەکانی گرووپەکە.

د- مەعریفەی رای گشتی یارمەتیدەرە بۆ پێشبینیکردنی رەفتاری تاک و گرووپەکان بەرامبەر کێشەکانی ژیانی رۆژانە.

ذ- رای گشتی سنوورەکانی حەرام و تاوانکردن و هەروەها بەرپرسیارێتی تاک و گرووپیش دیاریدەکات، یاساش بە وەرگرتنی رای گشتی بنچینەی یاساو رێساو رێکخستنی ژیان و شێوازەکانی ئەو گرووپە دادەنرێت، واتا سەبارەت بە هەر یاسایەک کە دێتە دروستبوون رای گشتی چ بە پشتگیریکردنی چ بە بەرهەڵستیکردنی دەردەکەوێ. نوێنەرانی گەل لە ئەنجوومەنی گەل(پەرلەمان) گوزارشت لە رای گشتی دەکەن لە دانانی هەر یاسایەک.

ر- رای گشتی رۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی شارەزایی تاکەکان و گرووپەکان دەبینێ و لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگاو رەگەزە رۆشنبیرییەکانی دەوڵەمەند و رێکو پوختی دەکات و دەیگونجێنێ.

ز- رای گشتی کاریگەری بۆ هاوکاریکردنی رەفتاری باشی گرووپەکە هەیەو هاوکات بەرەنگاری رەفتاری لادەرانەی گرووپ دەبێتەوە.

س- رای گشتی رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پرۆسەی گۆڕانکاری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و یارمەتی و پشتگیری دەستەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بۆ گۆڕینی ئاراستەکانیان.هەندێکجار لەوانەیە رای گشتی تەواو دەرنەکەوتبێ و کەمێک شاراوە بێت،

بەڵام بەهۆی ڕووداوی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییەوە  وا دەخوازرێ کە ڕای گشتییەوە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەربکەوێت.

ش- ڕای گشتی چاوپۆشی لە پێوەرە کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و ئاکارو بەها و نموونە باڵاکانی میللەتەکەی دەکات.

ص-  ڕای گشتی گیانی مەعنەوی گرووپەکە دەپارێزێت و ئەو گیانە مەعنەوییە بەرزیشدەکاتەوە،ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو گرووپەکە بەیەکەوە بەستراو بن و پەیوەندی نێوانیان توندو تۆڵ بێت و ، گوزارشت لە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵی ناو گرووپەکە بکەن.

ض- ڕای گشتی پێگەی کەس یان سیستەم و دەستەکان بەرزدەکاتەوە یان دەیهێنێتە خوارەوە.

## بەشی نۆیەم: بەهاکان

1- چەمکی بەها
2- گرنگی بەها
3- تایبەتمەندییەکانی چەمکی بەها
4- پەیوەندی نێوان بەهاو ئاراستەکان
5- جیاوازییەکانی نێوان بەهاو ئاراستەکان
6- پۆلینکردنی بەها
7- تیۆرەکانی وەرگرتنی بەهاکان

## بەهاكان

بەها بریتییە لەو پێوەرە ویژدانی و فیکرییانەی کە تاک بڕوای پێیەتی، هەر لەسەر بنەمای ئەو بەهایانەشە کە رەتکردنەوەو قەبووڵکردن پەسند دەکات، بۆیە بەهاکان بە یەکێک لە دیاریکراوە هەرە گرنگەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی دادەنرێ،کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی گرنگیپێدانەکان و چالاکییەکانی تاک و کۆمەڵە.

بەها شوێنێکی گرنگی لای زانایانی دەروونزانی گرتووەو وایدەبینن کە پەیوەندییەکی پتەو و زۆر نزیکی بە کەسایەتییەوە هەیەو پێیانوایە بە زانینی بەهای کەسەکە کەسایەتی مرۆڤەکەشت بۆ دەردەکەوێت. بۆنموونە: سمیث پێیوایە بەها هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لای تاک جێگای گرنگیپێدانە لەبەرامبەر شتە مادی و مەعنەوی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئایینی و جوانیدا.

بەڵام بە بڕوای (لبیت) باهاكان پێوەرێكی حوكمدانە كە تیایدا تاک و کۆمەڵ لەنێوان چەندین جێگرەوە (بدائل)بەکاردەهێنن لەو هەڵوێستانەی کە پێویستیان بە بڕیارو رەفتارێکی دیاریکراو هەیە.

بەها کۆمەڵێک بنەماو رێورەسمی پێوەریی هەیەکە پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی واقیعەکەوە هەیە،کە تاک لە رێگای کارلێکی لەگەڵ هەڵوێست و ئەزموون و شارەزاییە جیاوازییەکانییەوە، بە مەرجێکی دادەنێ و ئەو کەرجەش دادەنێت کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەسند بکرێت.

بەهاکان بریتین لە چەند رێکخراوەیەکی ئاڵۆزی بنەماو رەوتە ئەقڵییە هەڵچوونییەکانەوە کە گشتێندراوە بۆ کەسەکان یان بۆ شتەکان یان بۆ

ماناکان، جا ئەگەر هاتوو بە باشتر دانانەکە لەو خەملاندنە جیاوازانەدا راشکاوانە بێت یان شاراوە (ناوەڕۆکی)بێت.

بەهاکان چەند وێنەیەکی دینامیکی راشکاو و پەنهانن(ناوەرۆکین)،کە تاک و کۆمەڵ لەیەکدی جیادەکاتەوەو ئەوەش دیاریدەکات کە چ شتێک لە رووی کۆمەلآیەتییەوە پەسندە، کاریگەریشی لە هەڵبژاردنی رێگاو شێوازو ئامرازو ئامانجە تایبەتییەکاندا دەبێت و رووخسار و دیمەنەکانیشی لە ئاراستەی تاک و کۆمەڵ و شێوەکانی رەفتارو بیروباوەڕو پێوەرە کۆمەلآیەتییەکاندا بەرجەستە دەکات و، پەیوەندیشی لەگەڵ پێکهاتەکانی بونیادەکەش گرێدەدا.

بەلآم بە بڕوای پارسۆنز بەهاکان رەگەزێکی هاوبەشە لە پێکهاتەی هەموو سیستەمێکی کەسایەتی و بونیادنانی کۆمەلآیەتیداو ، هەروەها پێیوایە بەها رەگەزێکە لە سیستەمی یەکبوون(نسق)ی هێماییانەی پەسەندکراوی کۆمەڵگاوئەرکی خۆیشی وەک پێوەرو بنکەی هەڵبژاردنی نێوان شتە دژەکان و ئاراستەکردنی رێکخراوو فەراهەمکردنی تاک لە هەڵوێستدا ئەنجامدەدات.

**تێڕوانینی دۆرکایم لە لێکدانەوەی بەهاکاندا بە لێکدانەوەی خودی:**

دۆرکایم بە تێڕوانینێکی خودیانە دەڕوانێتە بەهاکان کە راو بۆچوون رەتدەکاتەوە بەوەی وایدەبینێ کە بەهاکان حوکمێکی دابڕاونلەو کەسەی کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە،واتا پەیوەندی بە تایبەتمەندیی ئەو شتەوە هەیە کە پێی وەسفدەکرێت، بە واتایەکی دیکە بەهاکان لە ساتی حوکمداندا بە سیفەتێکی سەربەخۆ و دابڕاو لە چۆنێتی هەستپێکردنیدا وەسف دەکرێت. دۆرکایم پاساوی بۆ ئەم رەتکردنەوەیەی بەوە هێناوەتەوە

که پێیوایه هیچ  پەیوەندییەک لە تایبەتمەندییە بابەتیی شتەکان و بەهاکاندا نییە،جەختیشی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بەهاکان خەملاندنێکە لەسەر شتەکان چڕ دەکرێنەوە،بەها لای دۆرکایم لەو پەیوەندییەوە سەرهەڵدەدات کە شتەکان بە رووخسارە جیاوازییەکانییەوە  نموونە باڵاکان گرێدەدات و رووخسارێکی ئەم نموونەیەش ئاشکرا دەکات، دۆرکایم  بڕوای وایە بەهای شتێک تەنیا بە هۆی هەندێ هزری میسالی و نموونەی باڵاو وێناکردنی بە کۆمەڵی راستەقینەو پەسندەوە هەڵدەسەنگێندرێت و بەو شتانەوە دەیبەستێتەوە کە خەڵک دەتوانن بە سانایی درکی پێبکەن و پەیوەندییەکی زۆر پتەویشی بە ژیانی کردارییی خەڵکەوە هەیەو لە ژیان دا نەبڕاوە،بە رای دۆرکایم بەبێ سەرهەڵدانی نموونە باڵاکان کۆمەڵگا ناتوانێ پێکبهێنرێت و بەردەوانیش بێت، بەهاکانیش جۆراوجۆر دەبن و لە گۆڕانیشدا دەبن، چونکە لە سرووشتی خودی شتەکانی جیهانی واقیعی (دەرەوە) سەرهەڵدەدەن و بە شێوەیەکی یەکسان و بەرجەستەش کاریگەری بەسەر کۆمەڵگاوە نابێت.

**دۆرکایم بنەماکان (احکام)ی بەهاکانی بۆ دوو جۆر ریزبەند کردووە:**

أ- بنەماو حوکمەکانی هەڵسەنگاندنی (بابەتیی) کە گوزارشت لە پەیوەندیی نێوان دوو لایەن دەکات و مانای ئەو شتانەیە کە تاک وەک بەهای شتەکان دەیبینێت.

ب- بنەماو حوکمە واقیعییەکان راڤەی شتەکان و بوونەوەرەکان دەکەن و گوزارشت لەو چۆنییەتییە دەکەن کە بە هۆیەوە هەندێ شت و بابەت دەبینن، بەو مانایەی ئێمە حەزمان لە هەندێک شتەو رقمان لە هەندێک شتی دیکە دەبێتەوە، هەردوو جۆرەکەش نموونەی باڵا

وەک پێوەری حوکمدان بەکاردەهێنن، بۆنموونە لە دۆخی یەکەمدا نموونەی باڵا وەک هێمای ئەو شتە بەکاردێت کە وادەکات ئەو شتە پرسێک بێتو ئەقڵ درکی پێبکات، بەڵام دۆخی دووەم ئەو شتە دەبێتە هێماو سومبولی نموونەی باڵا لەسەر ئەو شێوەیەی کە وادەکات وێناکردنی شتەکە ببێتە شتێکی کرداریی بۆ خەڵک.

بە کورتی، پوختەی رای دۆرکایم لەبارەی ماناو ناوەڕۆکی بەهاکانەوە، بریتییە لەوەی : بەهای شتێک لە خودی هەمان بابەتدا بەدیار ناکەوێ، بەڵکو ئەو کاریگەری و شوێنەوارانەیە کە بە پێی خەملاندنی خود لێی هەڵدەقوڵێن، ئەمەش خودێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو خودێکی کۆمەڵییە.

1- **چەمکی بەها**

زانایانی دەروونزانی لە سروشتی بەهاو پێناسەکردنیدا جیاوازن، بەجۆرێک ئەم جیاوازییەی نێوانیان کاریگەریی خستۆتە سەر جیاوازی نێوان فەیلەسووفان و زانایانی ئایینی و زانایانی کۆمەڵناسی، بەڵم گرنگترین پێناسەی بەها لە روانگەی دەروونزانییەوە لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا خۆیان نیشاندەدەن.

- سمیث وا باسی بەهای کردووە کە هەموو ئەو شتانەیە کە شایانی گرنگیپێدانی تاکە لە رووی مادی یان کۆمەڵایەتی یان ئاکاری یان ئایینی یان ستاتیکی.

- لبیت وا پێناسەی بەهای کردووە کە پێوەری حوکمدان و بڕیارلێدانە کە تاک تاک یان گرووپ کە لە نێوان چەند بەدیل (جێگرەوەیەک)لە هەڵوێست وەرگرتندا بەکاریدەهێنێ کە تیایدا داوای بڕیارێک یان رەفتارێکی دیاریکراو دەکات.
- بەها کۆمەڵێک توندکردن (احکام)ی پێوەریی بەردەوامە بە بەرگ و ناوەڕۆکێکی واقیعبینانە، کە تیایدا تاک بە رێگای کارلێکەکانی لەگەڵ هەڵوێست و شارەزاییە جیاوازەکانەوە دەیکاتە مەرج و مەرجێکیشە کە تاک ملکەچی گرووپەێکی کۆمەڵایەتی بێت.
- بەها بریتییە لەو دۆخە پاڵنەرەی کە ئاماژە بۆ پێوەرە کەسایەتی و رۆشنبیرییەکە دەکات، یان ئاراستەیەک بۆ ئەزموونەکەی هەڵدەبژێرێ، کە پابەندبوونێکی قووڵ یان رەتکردنەوەیەک بەخۆوەدەگرێ،کە کاریگەریی لەسەر ئەو سیستەمە هەیە کە لە سەرەتای کارەکانیدا هەڵیبژاردووە.
- بەها بریتییە لە کۆمەڵێک بنەماو پرەنسیب و پێوەر کە کۆمەڵگا لەژێر تیشکی ئەو شارەزایی و ئەزموونە کەڵەکە بووەی خۆی دایناوە،لە ئەنجامی پرۆسەی دیاریکردن و هەڵبژاردنێکی کۆمەڵایەتی بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان خۆیان.
- بەها کۆمەڵێک وێنەی دینامیکیی راشکاوانەی بەخۆوە گرتووە، کە تاک یان گرووپ پێی جیا دەکاتەوەو، ئەوەش دیاریدەکات کە کامەیان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە باش و گونجاوە،کاریگەریشی لە هەڵبژاردنی رێگاو شێوازەکانی هۆیەکان و ئامانجە تایبەتییەکاندا هەیە.ئەمەش لە ئاراستەی تاک و گرووپەکان و شێوەی

رەفتارەکانیان و بیروباوەڕو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانیان و گرێدانی بە کۆی پێکهاتە بونیادییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرجەستە دەبێت.

- (بیر) پێیوایە بەها شتێکی خێرو باشە یانیش خراپە.
- (بری) پێیوایە بەها واتا گرنگیپێدانە، گرنگیپێدان بە شتێک ئەگەر هاتوو شتەکە بابەتی گرنگیپێدان بوو بێگومان بەهایەک بەخۆوەدەگرێ.
- پارسۆنز پێیوایە بەها رەگەزی هاوبەشە لە پێکهێنانی هەموو سیستەمە کەسایەتییەکان و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان.
- بەها بریتییە لە پێوەری ویژدانی و فیکری،کە تاک لەو باوەڕەدایە پێویستبوونی مامەڵەکردنە لەگەڵ شتەکان بە قسەو رەتکردنەوە.

2- **گرنگی بەها**

بەها رۆڵێکی گرنگی لە ئاراستەکردنی تاک و گرووپەکاندا هەیە، کە بەهۆیەوە ئەحکامەکان بۆ پەیڕەوکردنی زانستی پێیهەڵدەستێت. کە بنەمایەکی تەندروستە بۆ بونیادی پەروەردەیەکی جیاواز، هەروەک چۆن بەشداریکردنێکیشە لە پێکهێنانی قەوارەی دەروونی تاک ،چونکە:

أ- تاک ئەو هەست یان ئەو هەستیارییە بۆ خۆی دروستدەکات بۆ هەموو ئەوشتانەی پێیهەڵدەستێت و یارمەتیدەدات لە ئاراستەکردنی بۆ گەیشتن بەو مەبەستە.

ب- ئامادەیی بنەڕەتی بۆ کارکردنی تاک و گرووپ بە یەکگرتوویی دەبێت.

ت- وەک بنچینەیی حوکم لەسەر رەفتاری ئەوانی دیکە وەربگرێ.

ث- توانای ئەوە بە تاک دەبەخشێت کە بزانێت چاوەڕوانی چی لە خەڵکانی دیکە دەکات و کاردانەوەکانیشیان چییە.

ج- توانای هەستکردن بە هەڵەو راستی بە تاک دەبەخشێت.

ح- یارمەتی تاک دەدات لەسەر هەڵگر (بەرگەگرتن)ی بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ژیانیدا کە توانای ئەوەی هەیە تێگەیشتنێکی لەسەر قەوارە کەسێتییەکەی خۆی هەبێت و، مانایەکیش (التمعن) بدات بەو پرسانەی ژیان کە بەلایەوە گرنگەو دەبێتە هۆی هەستی پەسندکردن لەلای.

3- **تایبەتمەندییەکانی چەمکی بەها**

أ- بە بۆیەی کۆمەڵایەتی مۆردەکرێ: ئەمەش لەچوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو سەرچاوە دەگرێ.

ب- وەسفکردنی خودی:هەموو کەسێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆیدا هەست بە بەهاکان دەکات.

ت- وەسفکردنی رێژەییانە: لەبارەی کات و شوێنەوە،واتا ئەو شتەی بۆ ئەو شوێنە گونجاوە بۆ شوێنێکی دیکە نەگونجاوە.

ث- وەسفکردنی لووتکەیی (الهرمية):لای هەموو کەسێک بە شێوەیەکی تەدریجی رێکدەخرێ،کە گرنگن.

ج- وەسفکردنێک قابیلی گۆڕانە: واتا بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی قابیلی گۆڕان بێت.

ح- وەسفکردنی گشتێتی:تابعێکی نەتەوەیی گشتی و هاوبەش لە نێوان هەموو چینەکان پێکدەهێنێت.

خ- بەها جۆرێک لە راو فەرمان لەسەر کەس یان شتێک یان واتایەکی دیاریکراو دەگرێتە خۆ.

د- بەها لە رستەیەکدا دوو جەمسەرە: واتا بوونی ئەو بەهایە یان هەقو رەوایە یان ناهەق و ناڕەوایە، یان ئەرێنییە یان نەرێنییە.

**4- پەیوەندی نێوان بەها و ئاراستەکان**

بەهاو ئاراستەکان چەند حاڵەتێکی وەرگیراو (مکتسب)ە، وێڕای ئەوەی دەتوانین وا لە هەموو بەهاو ئاراستەکان سەیر بکرێ کە دۆخێکە لە دۆخەکانی پاڵنەری (الدافعیة)کە تایبەتمەندییەکی دیاریکراویان هەیە لەوەی کامەیان چاوەڕوانکراوەو کامەشیان هەرمێنی لەسەرە،بە کورتی نزیکی و جیاوازییەکانی نێوان بەهاو ئاراستەکان رەنگدانەوەی هەمە جۆری و جیاوازی تیۆری تۆژەرانە، کە بە کورتی جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان بەهاو ئاراستەکان ، جیاوازی نێوان تایبەت و گشتییە،هەندێک وایدەبینن کە بەها واتا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بابەتەکانە کە وایدەبینێ نرخ و بەهایەکە بۆ ئەو.کەواتا چەمکی بەها قووڵترو بەرفراوانترە لە چەمکی ئاراستە،بەکورتی پەیوەندی نێوان بەهاو ئاراستەکان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕ کراونەتەوە:

أ- هەر تاکێک چەندین ئاراستەی هەیە کە لەگەڵیا ژمارەیەک بەهای هەیە.

ب- بەها لەبارەی پەیوەندی بە رۆشنبیرییەوە لە ئاراستەکان جیا دەکرێتەوە، ئەگەر رۆشنبیرییەک بەهایەکی دیاریکراوی نەبوو ، ئاراستەیەکی دەروونیشی نابێت.

ت- ئەگەر هاتوو ئاراستەکان لە شێوەی گرووپبەندی (تکتلات) کۆکرابووەوە، ئەوا بەها هەوێنێکە کە ئاراستەکان لەبارەیانەوە کۆیکردوونەتەوە بۆ ئاراستەکردنی رەفتار لەسەر ئاستی درێژخایەنی پێگەیشتنی ئامانجەکە.

ث- ئاراستەکان زیاتر لەبارن بۆ گۆڕین، کەچی بەها بنەڕەتییەکان زیاتر جێگیرو نەگۆڕن.

ج- وێڕای ئەوەی رەگەزی هاوبەش لە نێوان بەهاو ئاراستەکاندا هەیە، بەڵام زەرورەتیش نییە ئینسجامی تەواو لە نێوانیاندا هەبێت، بۆنموونە:تاکێک لە تاکەکان پابەندە بە بووژاندنەوەی بەهاکان، کە تەواو جیاوازە لەو بەهایەی کە کەسێکی دیکە پابەندە پێوەی بۆ بووژاندنەوەی، بۆ زیاتر روونکردنەوە: کەسێک بە پێویستی دەزانێ یارمەتی هەژاران بدات وەک ئیلتیزامێکی کۆمەڵایەتی، کەچی کەسێکی دیکە بڕوای وایە ئەو یارمەتیدانە لە هەستکردن بە باڵایی وز بەرزی و گەورەییەوەیە.

ح- بەهاو ئاراستەکان هەردووکیان ئاراستەکراوی رەفتارن.

خ- بەهاو ئاراستەکان هەردووکیان دوو چەمکی وەرگیراون (مکتسب).

د- بەهاو ئاراستەکان هەردووکیان قابیلی راستکردنەوەن.

ذ- هەردووکیان لە سێ رەهەند پێکهاتوون کە مەعریفی و رەفتاری و وجدانییە.

ر- هەردووکیان بیروباوەڕەکان (معتقدات)پێکدەهێنن.

5- **جیاوازییەکانی نێوان بەهاو ئاراستەکان**

بە کورتی رووی جیاوازیی نێوان بەهاو ئاراستەکان ئەمانەی خوارەوەن:

أ- بەها بە بنچینەیەک بۆ ئاراستەکان دادەنرێ.

ب- بەهاکان جێگیرترو بەردەوامی زیاترە،بەڵام ئاراستەکان زیاتر قابیلی گۆڕانن.

ت- بەهاکان تا رادەیەکی زیاتر لە ئاراستەکان داخراوترە.

ث- بەهاکان زیاتر لە ئاراستەکان رووەکانی رەفتار دیاریدەکەن.

ج- بەهاکان زیاتر لە ئاراستەکان لە ژێر پەیڕەوکردنێکی کۆمەڵایەتیدان.

6- **پۆلینکردنی بەهاکان:**

پۆلینکردنی بەهاکان لەسەر بنەمای چەند رەهەندێکی جیاوازە کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم: رەهەندی ناوەڕۆک

دووەم :رەهەندی مەبەست

سێیەم: رەهەندی توندی

چوارەم: رەهەندی گشتی

پێنجەم: رەهەندی روون و شەفاف

شەشەم: رەهەندی هەمیشەیی

بێگومان هەر یەک لەو رەهەندانەی سەرەوە چەندین خاڵی گرنگ و بابەتی بەخۆوە دەگرن بەڵام ئێمە لێرە تەنیا بە وردی لەسەر رەهەندی ناوەڕۆک دەخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە ،کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم: رەهەندی ناوەڕۆک

رەهەندی ناوەڕۆک ئەممجۆرە بەهایانە بەخۆوە دەگرێت:

أ- بەهای تیۆری: مەبەست لە بەهای تیۆری گرنگیدان و مەیلی تاکە بۆ دۆزینەوەی راستیی ، لەپێناوی ئەم ئامانجەشدا ئاراستەیەکی مەعریفی لە جیهانی دەوروبەری خۆی وەردەگرێت بەشێوەیەک هاوسەنگ بێت لەنێوان شتەکان لەسەر بنەمای راستی و ناوەرۆکیاندا.

ب- بەهای ئابووری: مەبەست لەمجۆرە بەهایە گرنگیدانی تاکە بە سوودگەرایی،لەپێناو ئەو ئامانجەشدا لە جیهانی دەوروبەریدا هۆیەکانی وەدەستهێنانی سامان و زیادکردنی لە رێگای بەرهەمهێنان و بە بازاڕکردن و لەناوبردنی کەلوپەلەکان و بەرهەمهێنانی پارەو سامان.

ت- بەهای جوانی:مەبەست لەم بەهایە گرنگیدانی تاکە بە ئەو شتەی لە رووی شێوەوە جوانە، بۆیە وا دەڕوانێتە جیهانی دەوروبەری تێڕوانینێکی رێزگرتن و هاوسەنگی شێوە (الشكل)یە.

ث- بەهای کۆمەڵایەتی :مەبەست لەم بەهایە گرنگیدانی تاکە بە هەموو ئەوانەی کە خۆشیانی دەوێ و ئارەزووی یارمەتیدانیان دەکات.

ج- بەهای سیاسی: مەبەست لەم بەهایە گرنگیدان و ئارەزووی تاکە بۆ وەدەستهێنانی هێز،کەسێک کە ئامانجی زاڵبوون (السيطرة)و فەرمانڕەواییکردنە بەسەر شتەکان و کەسەکان.

ح- بەهای ئایینی: مەبەست گرنگیدانی تاکە بە بیروباوەڕەکان و فێرکردنە ئایینییەکان.

خ- بەهای مەعریفی:

ئەم بەهایەش گرنگیدانی تاکە بۆ دۆزینەوەی راستییەکان و زانیارییەکان و هەوڵدانە بۆ وەرگرتنی زیاتری مەعریفەی زانستیی.

**7- تیۆرەکانی وەرگرتنی بەهاکان**

هەندێک قوتابخانەی فیکری هەوڵیانداوە لێکدانەوەی پڕۆسەی وەرگرتنی زمان بکەن کە لێرەدا پوختەی دیارترین لە تیۆرییەکان دەخەینە روو.

أ- تیۆری شیکردنەوەی دەروونی: قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی وایدەبینێت، پڕۆسەی وەرگرتن (اکتساب)ی ئاکارو بەهاکان هەر لە سەرەتای قۆناخی منداڵییەوە دەستپێدەکات،منداڵ بەهۆی یەکبوونی لەگەڵ دایک و باوکی زوو بیرۆکەی من باڵاترینم وەردەگرێت،ئەگەر دایک و باوک بە نوێنەرایەتی سیستەمەکە هەڵبسن،ئەوا منداڵەکەیان فێری یاساو رێساکانی ئاکارو بەها باوەکان دەکەن. کە چ باشە بیکات و چ خراپە نەیکات، کە ئەمەش کۆمەڵێک یاساو رێسای کۆمەڵایەتی بە پێی هەر کۆمەڵگەیەک هەیە کە لە منداڵییەوە فێردەکرێن.

ب- تیۆری رەفتاریی: خاوەنانی تیۆری رەفتاری وایدەبینن،کە پڕۆسەی وەرگرتنی بەهاکان بەرێگای ئەرێنی یان نەرێنییەوە دێتە دی،هەر بە شێوەی ئەرێنی یان نەرێنی هەڵسوکەوت لەگەڵ بەهاکان

دەکرێت، وەک چۆن لەوە زیاتر نییە کە ڕەفتاری ئاشکرای تاک شتێک بەرهەمدێنێ.

تیۆریستانی ڕەفتار وا سەیری بەهاکان دەکەن کە ڕەفتارکردنە ئەمەش لە ئەنجامی پرۆسەی کارلێکی فێرکراو لەگەڵ وورووژاندنی ژینگەیی و پتەوکردنی وەڵامدانەوە بۆی، بۆیە ئاساییە تاک فێری ڕەفتاری پەسندکراو یان ڕەفتاری پەسند نەکراو بێت.

ت- تیۆری مەعریفی: ئەم قوتابخانەیە وا سەیری وەرگرتنی بەهاکان دەکات کە بە تێڕوانینی ئەوان لاساییکردنەوەی نموونە کۆمەڵایەتییەکە یان گونجانی ڕەفتاری ئاکاری ناگرێتەوە،بەڵکو داهێنان لە ڕێگای هەوڵدانی تاکەوە سەرهەڵدەدات بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە توانای ئەقڵی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

پیاجە کە لە پێشڕەوانی ئەم قوتابخانەیە، گرنگی بە هەندێ تۆژینەوە داوە کە ئاکاری منداڵ تیایدا گەشە دەکات و ڕێگایەکی داهێناوە بۆ بیرکردنەوە دەربارەی ئەو پرسیارەی کە تێگەیشتنی بۆ یاساکانی کۆمەڵایەتی  بە ڕاست یان هەڵە بەستراوەتەوە.

کۆلبرج و قوتابیەکانی هەڵساون بە بەکارهێنانی هەمان شێوازەکەی پیاجە و لە تیۆرییەکەیاندا قۆناخەکانی گەشە کە منداڵ پێیدا تێپەڕ دەبێت و بینای مەعریفی ڕێکخراو لە گەشەی بیرکردنەوەی ئاکارییان کۆڵیوەتەوە.

## بەشی دە :  گۆڕینی رۆشنبیری

1- چەمکی رۆشنبیری
2- رۆشنبیری و شارستانێتی
3- رەگەزەکانی رۆشنبیری
4- تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیری
5- وەزیفەکانی رۆشنبیری
6- گۆڕینی رۆشنبیری
7- هۆکارەکانی گۆڕینی رۆشنبیری
8- تیۆرەکانی رۆشنبیری

## 1- چەمکی رۆشنبیریی

پێناسەکردنی رۆشنبیریی تا رادەیەکی زۆر بەرفراوانەو چەندین پێناسەی بەخۆوە گرتووە،چونکە هەر زانایەک لە گۆشە نیگایەکەوە پێناسەی بۆ کردووە کە خزمەتی پسپۆری و تایبەتمەندییەکەی خۆی کردبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، بۆیە لێرە هەوڵدەدەین بە کورتی چەند پێناسەیەکی بخەینە روو.

رۆشنبیریی ئەو پێکهاتە چنراوە گشتییە ئاڵۆزەیە کە مرۆڤ خۆی هەڵدەستێت بە دروستکردنی کە بیروباوەڕو هزرو داب ونەریت و شێوازەکانی بیرکردنەوەو شێوەکانی رەفتارو و رێگای ژیانی تاکەکان و هۆیەکانی گەیاندن و گوازتنەوەو هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە رەفتارو بیرکردنەوەوە هەیە.

رۆشنبیریی وەک تایلۆر پێناسەی کردووە بریتییە لە داب و نەریت و بیروباوەڕو هونەرو ماف و ئاکارو هەموو ئەو تواناو نەریتانەی کە مرۆڤ وەریدەگرێت بەو پێیەی ئەندامێکی ناو کۆمەڵگایە.

مرۆڤ ناتوانێ بەبێ رۆشنبیری و کۆمەڵگا بژی، رۆشنبیری و کۆمەڵگاش حەقیقەتی خۆی تەنیا لە کەسایەتی تاک و رەفتارەکانیدا وەردەگرێت.

ڕۆشنبیریی کۆمەڵێک زانست و زانیاری و بیروباوەڕو رای ئاکاری و یاساو بڕیارو هەموو ئەو نەریتانەیە کە مرۆڤ وەریگرتووە بەو پێیەی ئەندامێکە لەو کۆمەڵگایە.

ڕۆشنبیریی بەرهەمی وشیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە.بە دیوێکی دیکەشدا رۆشنبیریی واتا فیکری کۆمەڵایەتیی. رۆشنبیریی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بریتییە لە شێوازی ژیانی گشتیی کۆمەڵگاکە،واتا رێگای ژیانی کۆمەڵگایە. بە دیوێکی دیکەی وردتر دەتوانین بڵێین رۆشنبیریی شێوازی ژیانی مرۆڤەکانە.چونکە هەر کۆمەڵگایەک رۆشنبیرییەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە جیاوازە لەگەڵ رۆشنبیریی کۆمەڵگایەکی دیکە.

مالینۆفسکی پێیوایە رۆشنبیریی بە سادەیی واتا هەموو ئاوێتەبوون و نزیکبوونەوەی کەلوپەلە لەناوچووەکان و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و بیرلێکردنەوەو بیروباوەڕو نەریتە مرۆڤایەتییەکان دەگەیەنێت.

ڕۆشنبیریی پێکهاتەیەکە لە رەفتاری وەرگیراو(مکتسب) کە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، ئەمەش دۆخێکی هاوبەشی نێوانیانە. دەشتوانین بڵێین رۆشنبیریی رەفتارە هاوبەشەکانی نێوان گرووپەکانی خەڵک دەگرێتەوە کە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە و لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەیگوازێتەوە.

ڕۆشنبیریی بە گشتی فیکرو بۆچوون و راو باوەڕو هیواو پیشە و ئامێرو کاری هونەری و داب و نەریت و دامەزراوەکان دەگرێتەوە.واتا کۆمەڵێک دونیا بینی و قەناعەت و مەیل و ئارەزوو رەفتارە مادی و مەعنەوییەکان دەگرێتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو پەیڕەوی لێدەکەن و لە

نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکەی دوای خۆی جێیدێلێت. رۆشنبیریی بەرهەمی کۆمەڵایەتییەو لە ئەنجامی پێداویستییەکانی ژیان سەرهەڵدەدات.

بە کورتی چەمکی رۆشنبیریی بە شێوەیەکی گشتی سێ (3) واتای بنەڕەتی هەیە، کە بریتین لە واتای زمانەوانی، واتای فیکری، واتای کۆمەڵایەتی. لێرە بە کورتی باسی هەر یەکێکیان بە جیا دەکەین:

**یەکەم:رۆشنبیریی لە رووی زمانەوە :**

أ- واتای زمانپاراوی و رەوانبێژی و تێگەیشتن و خێرایی لە فێرکردنە.

ب- مانای سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر زمانپاراوییە.

ت- واتای رێکخستن و راستکردنەوەو توانایی بەسەردا شکان.

**دووەم: رۆشنبیریی لە رووی فیکرییەوە (واتای فیکری):**

وەرگرتنی زانیارییەکانە کە لە هەستی رەخنەو حەزو فەرمانڕەواییدا گەشە دەکات، جا لە رێگای رۆشنبیریی تایبەتییەوە بێت، یان لە رێگای رۆشنبیریی گشتییەوە بێت کە لە دەرەوەی پسپۆرییەکەیدایە.

**سێیەم: رۆشنبیریی بە مانای کۆمەڵایەتی بەرفراوان:**

بریتییە لە گرووپێکی تێکەڵاوکە ئەمانە بەخۆوە دەگرێت:بیروباوەڕەکان، زانیارییەکان، هونەر، ماف، ئاکارو داب و نەریت و هەموو ئەو ئامادەیی و نەریتانەی دیکە کە مرۆڤ بەو پێیەی ئەندامێکی ناو کۆمەڵگایە وەریاندەگرێت.

## 2- رۆشنبیریی و شارستانێتی

رۆشنبیریی و شارستانێتی لەو چەمکانەن کە لە هەندێ باردا پەیوەندن بە یەکەوەو لە هەندێ باری دیکەشدا جیاوازن لەگەڵ یەک.

رۆشنبیریی لایەنی رۆحی وەک(بەهاو داب و نەریت) لە ژیانی گرووپەکاندا دەگرێتەوە، بەڵام شارستانێتی لایەنی مادی و زانستی دەگرێتەوە.هەندێکیش وایدەبینن کە رۆشنبیریی و شارستانێتی دوو رووی یەک دراون، چونکە هەردووکیان بریتین لە ژیانی گرووپەکان.

پەیوەندی رۆشنبیریی بە شارستانێتی واتا پەیوەندی شتێکە بە خۆیەوە، شارستانێتی نەتەوە ئاماژەیە بۆ ئاستی بەرزی و باڵایی رۆشنبیریی ئەو نەتەوەیە.

شارستانێتی عەرەبی ئیسلامی ئاماژەیە بۆ بەرزی و پێشکەوتنی رۆشنبیریی عەرەب و موسڵمانان، واتا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان رۆشنبیریی و شارستانێتی نییە تەنها جیاوازی نێوانیان لە چەندێتی ناوەرۆک و لە شێوازی باو.

## 3- رەگەزەکانی رۆشنبیریی

رەگەزەکانی رۆشنبیریی بۆسەر دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێن، کە ئەمانەی خوارەوەن:

أ- رەگەزە مادییەکان: وەک شوێنی حەوانەوە (ماڵ)،ئامێر،جلوبەرگ ، هۆیەکانی بەردەوامبوون..هتد.

ب- رەگەزە مەعنەوییەکان: وەک شێوەکانی رەفتار، زمان، زانست و زانیاری، هونەر، داب و نەریت، ئاراستەکان ...هتد

**بەڵام رۆشنبیریی لە سێ(3)پێکهاتەی سەرەکی پێکدێت، کە ئەمانەن:**

أ- پێکهاتە مادییەکان:

ئەو پێکهاتەیەکە مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا بەکاری دەهێنێت وەک ماڵ ،جل و بەرگ، خواردن،ماف و یاسا،پەیوەندییەکان و..هتد

ب- پێکهاتە فیکرییەکان:

ئەو پێکهاتانەیە کە زمان و هونەرو ئایین و زانست و..هتد دەگرێتەوە.

ت- پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان:

ئەمەش بە واتای بینای کۆمەڵایەتیی دێت.

4- **تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیریی**

وێڕای جیاوازی نێوان رۆشنبیرییەکان، بەڵام هەندێک تایبەتمەندی گشتی هاوبەش هەن کە لە هەموو رۆشنبیرییەکدا بەدیدەکرێت، ئەو تایبەتمەندییانەش بە کورتی ئەمانەن:

أ- ڕوویەکی مرۆڤایەتییە، ئەمەش تەنیا تایبەتە بە مرۆڤ چونکە خۆی لە دروستکراوی مرۆڤە.

ب- تێربووی پێداویستییەکانی مرۆڤە.

ت- وەرگیراوە، مرۆڤ بە رێگای مەبەستدار بێت یان بێ مەبەست بێت فێرکردن و کارلێک(ئاوێتە بوون) لەگەڵ ئەوتاکانەی کە لەدەورو بەری دەژین، هەموو ئەمانە وەردەگرێت.

ث- قابیلی گوازتنەوەو بڵاوکردنەوەیە:لە ڕێگای زمان و فێرکردن و هۆیەکانی پەیوەندیکردنی نوێ (ئینتەرنێت و مۆبایل و تیڤی)لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، لە کۆمەڵگایەکیشدا لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە دەگوازرێنەوە .

ج- پێشکەوتنخوازیی: واتا بەردەوام لە پێشکەوتنێکەوە بۆ پێشکەوتنێکی باشتر.

ح- ڕۆشنبیریی گۆڕاو:ئەمەش لە گەشەی بەردەوام ،گۆڕینی بەردەوام دێتەدی،هەر گۆڕینێکیش لە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیریی دروست ببێ، کاریگەری بۆ سەر هەموو ڕەگەزەکانی دیکە جێدێڵێت.

خ- تەواوکارییە:پێداویستییەکانی مرۆڤ تێر دەکرێن و دەروون ئارام دەبێت، چونکە تەواوکاری هەردوو ڕەگەزە مادی و مەعنەوییەکان دەگرێتەوە.

د- پێشبینیکردن:دیاریکردنی ڕەفتارو شێوازی تاکەکان تا ڕادەیەک توانای پێشبینیکردنی هەیە بەوەی ڕەفتاری هەر تاکێک یان پێشبینی بۆ ئینتیمای ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو دەکات. واتا ڕەفتاری تاکەکان ئینتیما بۆ ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو دیاریدەکەن.

ذ- کەڵەکە بووە: بە درێژایی مێژوو، ڕۆشنبیریی پەیڕەوی لە مێژوویەکی کەڵەکە بوو دەکات، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، بە جۆرێک نەوەی دووەم تەواوی ڕۆشنبیریی نەوەکەی پێشوو وەردەگرێت ، ئەمەش یارمەتی سەرهەڵدانی یەکبوونێکی ڕۆشنبیری نوێ دەدات.

5- **وەزیفەکانی رۆشنبیریی:**

رۆشنبیریی دوو وەزیفەی بنەڕەتی و سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:

1- **وەزیفەی کۆمەڵایەتی :**

أ- بە یەکبوون و یەکگرتوویی خەڵکەکە لە کۆمەڵگایەکی تایبەت بە خۆیان، کە بەهۆی کەڵەکە بوونی زمان و هێما و بیرو باوەڕو جوانییەکانەوە دێتە دی.

ب- ئەمەیان بەهۆی کەڵەکەبوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک(خێزان، قوتابخانە ، پیشە)،چوارچێوەیەک بۆ خەڵکەکە دادەنرێ،هەروەها لەرێگای کەڵەکەبوونی پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان دیاریدەکرێت.

2- **وەزیفەی دەروونی(وەزیفەی دڵ بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا)**:

أ- تاکەکان شێوازەکانی بیرکردنەوەو مەعریفەو شێوازەکانی گوزارشتکردن لە سۆزو هەست و شێوازەکانی تێربوونی پێداویستییە فیسیۆلۆژییەکان (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی) وەردەگرن.

ب- یارمەتی تاکەکان دەدات بۆئەوەی لەگەڵ رۆشنبیرییە وەرگیراوەکە بگونجێ بۆ شوناسی کۆمەڵایەتی رۆشنبیریی.

ت- دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پێداویستی نوێ و بڵاوکردنەوەی هۆیەکانی تێربوونی ئەو پێداویستیانە وەک گرنگیپێدانیان بە رۆشنبیریی و جوانی و ئایین.

**6- گۆڕینی رۆشنبیریی:**

واتا گۆڕین لایەنەکانی رۆشنبیریی مادی یان گۆڕینی بەشێک لەلایەنی رۆشنبیریی مەعنەوی یان هەمووی. گۆڕینی رۆشنبیریی بە مانای گۆڕینی هەموو رۆشنبیرییەکە بنچینەی رۆشنبیرییەکە نایە، بەڵکو مانای بەشێکی ئەو رۆشنبیرییە دێت.

گۆڕینی رۆشنبیریی دیاردەیەکی گشتییە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، جاری وا هەیە پرۆسەی گۆڕینەکە خێرایە، یان لەسەرەخۆیەو کەمێکی (جزئی)دەگرێتەوە یانیش هەمووی دەگرێتەوە.

گۆڕینی رۆشنبیریی بەوە ناسراوە کە گوازتنەوەیەکە کە هەموو گۆڕانکارییەکان لە یەکتری وەردەگرن کە لە لقێک لە لقەکانی رۆشنبیریی روودەدات.

گۆڕینی رۆشنبیریی پرۆسەیەکە بە رێژەو پلەی جیاواز لە خێرایی رێکخستن و بیروباوەڕو داب و نەریت و ئامرازەکانی زانین تیایداو ئامانجە باوەکان بۆ سیستەمی باڵای کۆمەڵگاکە پێویستدەکات.

گۆڕین: واتا جیاوازی نێوان دۆخی کۆن و نوێ، یان جیاوازی شتێک کە لە ماوەیەکی دیاریکراو روویداوە.

گۆڕینی کۆمەڵایەتی گوازتنەوەی بینای کۆمەڵایەتییە،لە رووی بەهاکان و پێوەرەکان و بەرهەمهێنانی رۆشنبیریی مادی و مەعنەوییەوە.

گۆڕینی رۆشنبیریی: ئەو گۆڕانکارییانەیە کە چوارچێوەیەکی بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی و وەزیفەکەی داناوە. پرۆسەی گۆڕینی رۆشنبیریی بە شێوەیەکی روون لە مەعریفەکانماندایە کە پێکهاتەکانی رۆشنبیریی پێکدێنن. گۆڕینی رۆشنبیریی بریتییە لە بەشێک لە گۆڕینی رۆشنبیریی.

## 7- هۆكارەكانی گۆڕینی رۆشنبیریی

گۆڕینی رۆشنبیریی دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە كە هیچ گرووپێكی مرۆڤایەتی ناپارێزێ، لێرە بە كورتی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا هۆكارەكانی روودانی ئەو گۆڕینە رۆشنبیرییە دەستنیشاندەكەین:

1- **گۆڕینی ژینگەیی:**

ئەمەش بەهۆی گۆڕانكارییەكانی سروشتی جوگرافی دەبێت، وەك گۆڕینی كەشوهەوا یان ئەو گۆڕینەی لەلایەن مرۆڤەوە روودەدات وەك لەناوبردنی دارودارستان و دروستكردنی رێگاوبان لە شوێنیدا،ئەمەش كاریگەری بەسەر ژیانی خەڵك و چالاكییەكانی و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی دەبێت.هەندێكجاریش گۆڕینی ژینگەیی لە ئەنجامی كۆچ و نیشتەجێبوونەوە روودەدات.

2- **دینامیكی نەوەكان:**

هەندێك وایدەبینن گۆڕینی رۆشنبیریی لە ئەنجامی كارێكی دینامی گرووپی تەمەنداری جیا جیاوە روودەدات كە بە داهێنانی شێوازەكانی ژیانی نوێوە هەڵدەستێت و رووەو بەردەوامبوونی رووداوە هەمیشەییەكان دەبێت بە رۆشنبیریی كۆمەڵگای زاڵ و باو.

3- **گۆڕینی تەكنۆلۆژی:** درێژبوونەوەی كاریگەری زانستە بۆ جێبەجێكردنی تەكنۆلۆژیا، لەگەڵ زیاد بوونی پێشنیارەكان كاریگەریش بۆسەر ژیانی خەڵك و ئاستی بژێوییان دروستدەبێت.

4- **گۆڕینی ئایدیۆلۆژی:**

گۆڕانکاری زانستی و تەکنۆلۆژی بەسەر خەڵکدا دەسەپێندرێ، وەک رووبەڕووبوونەوەیەک لە واقیعی ژیان و بەهاو بیروباوەڕیان، بیری پێشکەوتوو لای مرۆڤ و مافی لە ئازادی و زانست و ئاسوودەیی هانی خەڵک دەدات بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی وەک شێوازێکی باشی ژیان.

5- **فێرکردن:**

فێرکردن لەو هۆکارانەیە کە رووداوەکانی گۆڕینی رۆشنبیریی خێراتر دەکات.

6- **هۆیەکانی راگەیاندن:**

گۆڕینی رۆشنبیریی بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی هۆیەکانی راگەیاندن.

7- **کرانەوە بەسەر جیهاندا:**

کرانەوە بەسەر جیهاندا لە رێگای هۆیەکانی راگەیاندن، کە تاک لە ماڵ و خانووەکەی خۆیدا پەیوەندیی بەردەوامی دەبێت، بە جۆرێک مرۆڤ دەبێتە دیلی دەستی هۆیەکانی راگەیاندن کە ناتوانێ لە ژێر کاریگەریی رزگاری ببێت. هەروەها لەو وێنانەی کە کۆچ بۆ شارەکانی دەوروبەر یان دوورەکان یان بۆ وڵاتانی دەوروبەر یان وڵاتانی دوور دەکەن، بەم کۆچکردنانە رەگەزی رۆشنبیریی نوێ و شارەزایی نوێ و رێگای ژیانی نوێ دەناسرێ و دەزانرێ کە لە

کۆمەڵگا بنەڕەتییەکاندا دەقی پێوە گرتووەو ئەو گۆڕینە سەخت و دژوارە.

## 8- تیۆرەکانی گۆڕینی رۆشنبیریی

چەندین تیۆر بۆ گۆڕینی رۆشنبیریی هەن کە هەندێکیان لای هەندێک زانایان پەسند کراوەو هەندێک تیۆریش لای هەندێک لە زانایانی دیکە تەحەفوزیان لەسەرە، ئەمانەی خوارەوە گرنگترینی تیۆرییەکانن:

### 1- تیۆری بلیمەتی:

ئەم تیۆرە کۆنترین تیۆرە کە بۆ گۆڕینی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ هزرو کردەوەی بلیمەتە پیاوە بێ هاوتاکان و بەرژەوەندخوازو سەرکردەکان، ئەم تیۆرە جەخت لەسەر چەمکی سەرکردایەتی دەکاتەوە کە بە هزرو بیری سەرووی بارودۆخی واقیعی باڵاتر دەبێت و لە چوارچێوەیەکی رۆشنبیریی نوێدا دەردەکەوێت.

### 2- تیۆری حەتمی هۆکاریی:

ئەم تیۆرە وایدەبینێ کە گۆڕینی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کارێکی حەتمییەو هەر دەبێت ببێت،کە چەند هۆکارێکی نا ئاسایی دەیسەپێنێ، بۆ نموونە:بلیمەتی ، قەزاو قەدەر، هۆکارە مادی و جوگرافییەکان یان بایۆلۆژییەکان،ئاوەدانکردنەوەی شارەکان و

کاڵاکان و بەرهەمهێنانیان، هەموو ئەمانە حەتمییەتی بارودۆخی جوگرافی دروستیدەکات.
بەڵام هۆکارە بایۆلۆژییەکان کە کاریگەری بەسەر زیادبوونی دانیشتوانەوە هەیە،قەیرانی خۆراک و خانوو بەتایبەت کە لەکاتی شەڕو برسێتی و زاڵبوونی قۆرخکردن ڕوودەدەن.

3- **تیۆری حەتمی پێشکەوتن(الحتمية التطورية ):**
ئەم تیۆرە لەوەدا کورتدەکرێتەوە کە گۆڕینی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی بە بەرهەم و ئامانجەکانی کۆتایی دیاریدەکرێت. گۆڕینیش لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و یاساو ڕێسا و توندوتۆڵی کۆمەڵایەتییەکاندا جیاوازە کە لە ئەنجامی هۆکارێکی دیاریکراو ڕوودەدەن و بە وەدیهێنانی ئەو ئامانج و ئەنجامی کۆتاییە کۆتایی دێت، هەندێک لە خاوەنانی ئەم تیۆرە ناویان لێناوە تیۆری حەتمی نموونەیی، نموونەی ئەوکەسانەش (هیگڵ)ە کە وایدەبینێگۆڕین ئامانجی وەدیهێنانی دەوڵەتی تەواو (الكامل)ە، هەندێکی دیکەش ناویان لێناوە مادی نموونەیی، نموونەی ئەمانەی (مارکس)ە کە گۆڕینی لە ژێر تیشکی وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی بێ چین لێکداوەتەوە.
ئەم تیۆرە وایدەبینێ کە کۆمەڵگاو ڕۆشنبیرییەکەی ژیان لە سادەو ساکارییەوە بۆ ئاڵۆزی دەبات، هەندێکیشیان وایان لێکداوەتەوەکە گۆڕینی ڕۆشنبیریی لە سایەی ئەو تیۆرە لە ئەنجامی یاساکانی پێشکەوتن و هەڵکشانیدا ڕوودەدات،کە بە کورتی تێڕوانینەکە ململانێ لە پێناو مانەوەدایە.

4- **حەتمیبوونی ئابووری:**

ئەم تیۆرە تا رادەیەک لە تیۆرەکانی پێشوو دەچێت، لە رووی پشتبەستنی بە یەک رەگەزی هاوبەش،بەڵام رۆشنبیریی مادی یان لایەنێک لە لایەنەکانی ،هۆکارە بۆ بزواندنی هەموو لایەنەکانی دیکە لە گۆڕینی رۆشنبیری.

ئەم تیۆرە بۆ هەموو ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییانە دەگەڕێتەوە لاوازن یان ناتوانن لەگەڵ خێرایی گۆڕانکارییەکانی بوارە ئابوورییەکان بگونجێن.

لە گرنگترین ئەو تیۆریانەی کە جەخت لەسەر حەتمیبوونی ئابووری دەکاتەوە، تیۆری گۆمەڵگای بێ چینە کە رەنگدانەوەی یەکلانەوەو بنەبڕکردنی ململانێی چینایەتییە. دەروازەی ئەم تیۆرە لێکدانەوەی هەموو جۆرەکانی گۆڕینی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییە کە گۆڕینە لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا. چینی باڵادەستی چەوسێنەر لەهەر کات و لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەمیشە رەگەزەکانی هێز و ناوەندی سیاسی و ئابووری خۆی بەهێزدەکات بۆئەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێنانی لەبەردەستدا بێت و ، بە ئاراستەی رێکخستنی پەیوەندییەکانی خەڵکی بەرهەمهێن کاردەکات و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیشیان دەپارێزێت و زۆرترین سوودو قازانجیش بۆ خۆی دەبات.

**5- تیۆری هەڵبژاردنی سروشتی**

ئەم تیۆرە بە پڕۆسەی سروشتی گەشەکردن جیادەکرێتەوە،وا وەسفی دەکرێت کە بەهێزترین و باڵاترین بیرکردنەوەی مرۆییەو لە ئاراستەکردنی کاروباری کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی دووریش لەسەر بینای رۆشنبیری جێدێلێت. هەروەها ئەم تیۆرە لە گرنگی رەفتارو سیما گشتییەکانیدا کە بنەمای رۆشنبیرین دەردەکەوێت. رۆشنبیریی ملکەچی بەرهەمهێنانی یاساو هێزەکانی سروشتە کە مرۆڤ بەکاریدەهێنێ بۆ ئەوەی وشیاری لەسەری هەبێت.

خاوەنانی ئەم تیۆرەیە هەندێکجار جیاوازی لە نێوان سیمای رەفتاری گشتی و ئادابی گشتی دەکەن و وایدەبینن کە رەفتاری گشتی ئەو کاتانەیە کە ماناکانی ئاسوودەیی کۆمەڵگا بۆ ئادابی گشتی دەگوازێتەوە، لە کاتێکدا ئادابی گشتی لە زەبتی دەرەوەی ئەندامانی کۆمەڵگادایەو بە ناوی قەدەخەکراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە ناسراوە.

ئەم تیۆرە لە چوار(4) سەرچاوەوە کە هەمەجۆری و جیاوازی نێوان گروپەکان و رۆشنبیرییەکانیان تێدا دەردەکەوێت، کە ئەمانەن:

أ- گرژی و توندی ناوەخۆ کە لە بەهاکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

ب- داهێنانی نوێ و بۆ ئەو ئەقڵانەی کە داهێنەرانە بیر دەکەنەوە.

ت- بەرژەوەندی دژ بە یەک بۆ گرووپە جیاوازەکان.

ث- گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژیان.

**6- تیۆری رۆڵی ئەفسانە**

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر رۆڵی خەون و خەیاڵ دەکاتەوە لای تاک لە کۆمەڵگایەکدا کە گۆڕینێکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لێ روودەدات. تاک هەوڵدەدا خەیاڵەکانی خۆی بە رێگای دروشمەکانی بێنێتە دی و هەندێکجاریش رێگای توندوتیژی دەگرێتە بەر بۆئەوەی خەونەکانی خۆی جێبەجی بکات، نموونەی ئەو جۆرە تیۆریەیە فاشیزم و نازیزم و...هتد.

**7- تیۆری حەتمی بازنەیی**

ئەم تیۆرە لەسەر ئەو بنەمایەیە سەریهەڵداوە کە گۆڕینی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بە گوێرەی تەمەنێکی تەواو چەسپاو روودەدات وەک چۆن لە سروشتیشدا بەمشێوەیە روودەدات. واتا بە شێوەیەکی بازنەیی شتێک لەدایکدەبێت ئینجا پێشدەکەوێت ئیمجا لەناودەچێت و دووبارە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێتەوە.

ئەم تیۆرە لەسەر شارەکانیش جێبەجێدەکرێت، دەبینین شارێک لە سەرەتادا دروستدەکرێت، ئینجا گەشە دەکات،دوای ئەمە بەرەو لەناوچوون دەچێت. بەناوبانگترینی ئەوانەی ئەم تیۆرییەیان وا لێکداوەتەوە مێژوونووسی هاوچەرخ (توینبی)یە لە کتێبەکەیدا (چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژوو)وای لێکداوەتەوە. توینبی لەو کتێبەیدا وای روانیوە کە نەتەوەکان لە پێشکەوتنیاندا بە پێنج قۆناخدا رەتدەبن کە ئەمانەن: لە قۆناخی یەکەمیدا پاڵەوان یەکەمجار نیگەران و لە دڵەراوکێدایە، ئینجا تووشی رووبەڕووبوونەوەی زۆر دەبێت، دوای ئەمە پاڵەوانێتی دەردەکەوێت،دواتر دەبێتە

نموونەیەکی باڵا بۆ نەتەوەکەی. قۆناخی دووەمی بریتییە یەکێتی و جووڵە دەربارەی کەمینەیەکی چالاک کە نەتەوەکەی بەرەو وەدیهێنانی ئارامی دەبات و دەست بە بونیادنانی شارستانێتییەکی بێ هاوتا دەکات. قۆناخی سێیەمی قۆناخی گوازتنەوەیە کە تیایدا کەمینەیەکی چالاک لەناو دەوڵەتەکە زاڵ دەبن و بینای شارستانی لەو دەوڵەتە بەردەوام دەبێت و ئاوەدانکردنەوە پەرەدەسێنێت، بەڵام وردە وردە نەتەوە زیندوویەتی و چالاکییەکانی لەدەستدەدات و گۆشەگیر دەکرێ لە فەرمانڕەوایی. قۆناخی چوارەم بریتییە لە زاڵبوونی دەوڵەت،ئیتر ئەم دەوڵەتە لە دوو لاوە رووبەڕووی دوژمنکارانە دەبێتەوە یەکێکیان دوژمنایەتی دەرەکییە گەلانی سەرەتایی دەوروبەری رووبەڕووی دەبنەوە، دووەمیشیان دوژمنایەتییەکە لە ناوەخۆی دەوڵەتەکە بەرەیەک لە بەرامبەری دروستدەبێت، ئەو خەڵکەی کە گۆشەگیر کراوەو هیچ متمانەیەکیان بە دەسەڵاتەکە نەماوە. قۆناخی پێنجەمیش بریتییە لە هەرەسهێنان و رووخانی دەوڵەتەکەو بڵاوبوونەوەی ئاژاوەو گرتنە دەستی دەسەڵاتە لە لایەن خەڵکەکە لەسەر زەوی و زاری خۆیان.

8- **تیۆری دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری:**

ئەم تیۆرەیە چارەسەری هەموو لایەنەکانی رۆشنبیریی جا لایەنی مادی بێت یان غەیرە مادیی بێت کردووە، بێ ئەوەی جەخت لەسەر بوونی هۆکاری حەتمی دیاریکراو بکات وەک جیاوازی چینایەتی، یان جەختکردنەوە لەسەر یەک رەگەز لە رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا وەک رەگەزی سەرکردایەتی،هەروەها کەمکردنەوە لە گرنگیدان بە

خەون و خەیاڵ  لە رۆشنبیری کۆمەڵایەتی. بۆیە ئەم تیۆرە نزیکە لە تیۆری حەتمیبوونی ئابووری. جیاکردنەوەی ئەم تیۆرەش بە سادەیی رۆشنبیریی   بۆ دوو بەش دابەشدەکات: یەکەمیان رۆشنبیریی مادییە کە ئامێرو شارەزایی تەکنیکی دەگرێتەوە، دووەمیشیانرۆشنبیری کۆمەڵایەتی گونجاوە کە بەهاو ئاکارو بیروباوەڕەکان دەگرێتەوە.کاریگەری رۆشنبیری مادیی  خێرا گۆڕینی بەسەردا دێت، بەڵام رۆشنبیری کۆمەڵایەتی بەو خێراییە نییە.

## بەشی یازدە:

چەمکی خود

ڕێزگرتن لە خود

ئەو تیۆرانەی باسیان لەڕێزگرتنی خود کردووە

جۆرەکانی چەمکی خود

سروشتی کۆمەڵایەتیانەی خود

کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی چەمکی خود

خود واتا هەستکردن و وشیارییە بە قەوارەی تاک وبەهۆی کارلێککردن لەگەڵ ژینگەدا هەوڵدەدا هاوسەنگ و جێگیر بێت و، لە ئەنجامی پێگەیشتن و فێربوونەوە گەشە بکات .

## چەمکی خود

دەتوانین وا پێناسەی خود بکەین کەپێکهاتەیەکی مەعریفی ڕێکخراوو یەکگرتوو فێرکراوە بۆ درکپێکراوەکانی هەستی و وێناکردن (التxورات)و گشتاندنە تایبەتییەکانی خود کە تاک پێکدەهێنێت و بە پێناسەیەکی دەروونی خودی خۆی دایدەنێت.

چەمکی خود لە هزری تاکی خودەوە کە ڕەهەندەکانی یەکگرتوو سنووردارە لە توخمە جیاوازەکانییەوە بۆ قەوارە ناوەکی و دەرەکییەکانی پێکدێت و ئەو توخمانەش دەگرێتەوە:

- ئەو درکپێکردن و وێنانەی کە تایبەتمەندییەکانی خود دیاریدەکەن،وەک ئەوەی ڕەنگدانەوەی ڕێکارییەکانی وەسفکردنی تاک بێت بۆ خودەکەی،وەک وێناکردنی ئەو بۆ خودی درکپێکراوەکە.
- ئەو درکپێکردن و وێنانەی کە وێناکە دیاریدەکەن و تاک پێیوایە ئەوانی دیکە خەیاڵی بۆ دەکەن یان وێنای کردوون و تاک لە ڕێگای کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ ئەوانی دیکە نمایشی دەکات(خودی کۆمەڵایەتی).
- ئەو درکپێکردن و وێنانەی کە وێنای میسالی ئەوکەسە دیاریدەکات و دەیەوێ ببێتە خودێکی نموونەیی (میسالی).

وەزیفەی چەمکی خودوەزیفەی پاڵنەرو تەواوکردن-تکامل-و هەوێنبوونی جیهانی ئەزموون و شارەزایی گۆڕاوە کە تاک لە نێویدا بوونی هەیە (رەفتار رێکدەخات و دیاریدەکات).

خاوەنی تیۆری خود (کارۆل رۆجەرز)وایدەبینێ کە چەمکی خود لە ژێر بارودۆخی چارەسەرێکی چڕی دەروونی کەسەکانەوە هەموار بکرێتەوە،هەرچەندە چەمکی خود تا رادەیەکی زۆر نەگۆڕو جێگیرە. هەروەها وایدەبینێت کە چەمکی خود کۆی ئەو تایبەتمەندیانەیە کەدەیانخاتە پاڵ خۆی،هەروەها ئەو بەها کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنیانەن کە پەیوەندیان بە تایبەتمەندیانەوە هەیە.

ئەتۆتەر Atwater پێیوایە چەمکی خود وێنایەکی گشتگیرەو، ئەو وشیاریەشە کە لەبارەی خۆمانەوە هەمانە لە بیروباوەڕی خۆڕاگری و هەست و سۆزمان لەبەرامبەرخۆمان و ئەو بەهایانەش کە پەیوەندیان پێیەوە هەیە.

بەڵام هماشک Hammachek وا پێناسەی خودی کردووە کە کۆمەڵێک بیروباوەڕو تایبەتمەندی تاکە لەبارەی خۆمان و ئەو رەفتارانەمان کە پەیوەندیان بە لایەنی خودی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی ئەقڵییەوە هەیە.

هەروەها لابین و گرین Labane & Green پەناسەی خودیان کردووە کە هەڵسەنگاندنی تاکە بە هەمووی لە رووی رووخسارو پشتەوەی و رەچەڵەک و تواناو ئامرازو ئاراستەو هەڵچوونەکانی، ئەمەش رۆڵێکی بنەڕەتی لە ئاراستەکردنی تاک دەگێڕێت.

بەڵام هیدنرک Heidenreich وا پێناسەی خودی کردووە کە وێناکردنێکە بە خودو ئەو مرۆڤە چۆن خۆیدەبینێ و ئەو خودە نموونەییە-میسالیە-ی کە دەیەوێ ببێت وەک ئەو بێت.

کەچی بێرنز Byrns پێیوایە چەمکی خود درکپێکردنی تاکە بە خۆی،واتا خۆی درک بە حۆیدەکات،بە تایبەتیش ئەو ئاراستە و هەست و سۆزو زانیاریانەی لە تواناو کارامەییەیدا هەیەو ئەو روخسارەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەسندە.

**رێزگرتن لە خود**

رێزگرتن لە خود بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی گشتی لای تاک بۆ خودی خۆی و بۆ سەرتاپای خۆی وتایبەتمەندییە ئەقڵی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی و ئاکاری جەستەییەکەی، ئەم هەڵسەنگاندنەش لەسەر متمانە بۆ خۆبوونی و هەست و سۆزی لەبارەی خۆیەوەو فیکری لە بەرامبەر ئاستی گرنگییەکەی و پێشبینییەکانی خۆی رەنگدەداتەوە،هەروەها واپێدەچێ ئەم پرسە رەنگدانەوەی بەسەر تەواوی هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیانیدا هەبێت.

هامچک Hamacheck وایدەبینێ کە رێزگرتنی خود دادوەریکردنی تاکە بەسەر گرنگیی کەسێتییەکەی.

رۆزنبێرگ Rosenburg پێیوایە رێزگرتنی خود چەمکێکە رەنگدانەوەی ئاراستەکانی تاکە لەبارەی خۆیەوە، تاک چەند ئاراستەیەک لەبارەی هەموو بابەتەکان پێکدەهێنێت کە رەفتاریان لەگەڵدا دەکات،خودیش یەکێکە لەو بابەتانە.

کۆپەر سمییث Coper Smith وایدەبینێ کە ڕێزگرتنی خود چەند ئاراستەیەکی هەڵسەنگێنەرانە لە خۆ دەگرێ کە بەرەو خودێک دەتبات کە بە سۆزو عاتیفە دەناسرێتەوە.هەڵبەت وەڵامدانەوەی داکۆکیکارانەش بەخۆیەوە دەگرێت. هەروەها وا پێناسەی ڕێزگرتنی خودی کردووە کە ئەوەی لە تاکەوە بۆ هەڵسەنگاندنی خود دەکرێ، ئەمە لە تواناو گرنگیدانەوەیەتی.

بەڵام دیمۆ Demo وایدەبینێ کە ڕێزگرتنی خود ئاماژەیەکە بۆ بوونی هەست، هەستێکی ئەرێنی لەبارەی خود هەروەها هەستکردنە بە توانایی و سەرکەوتن و هەروەها لەخۆ ڕازیبوون و پەسندکردنی خودە لای خۆی و وایدەبینێ کە پەسند کردنە لای خەڵکانی دیکەش.

گارارد Gurard وایدەبینێ کە ڕێزگرتنی خود ئاماژەیەکە بۆ تیۆری تاک بۆ خودی خۆی،بە مانایەکی دیکە وا دەڕوانێتە تاک بۆ خودی، تێڕوانینێکە کە تا ڕادەیەکی زۆر متمانە بەخۆبوون بەخۆوە دەگرێت،هەروەها هەستکردنی تاک بە تواناکانی و لێهاتوویی و ئامادەباشی بۆ وەرگرتنی هەر شارەزاییەک کە نوێ بێت بەخۆوە دەگرێ.

هەروەها چین Chinn پێیوایە کۆمەڵێک هۆکاری کاریگەر لە پێشخستنی ڕێزگرتنی خود دا هەن کە ئەمانەی خوارەوەن:

- وێنای هزری لای تاک بۆ پێکهاتەی جەستەیی.
- وێنای هزری لای تاک بۆ کێشی (وزن) جەستەیی.
- وێنای هزری لای تاک بۆ ڕەگەزەکەی (نێرینە،مێیینە)و هەروەها بۆ نەژادەکەی و داهاتەکەی (دەرامەتەکەی).

- وێنایەکی میسالیانە کە لەسەر تاک پێویستە لە رووی دەروونی و جەستەییەوە هەیبێت.

**ئەو تیۆرانەی باسیان لە رێزگرتنی خود کردووە**

چەندین تیۆر هەن کە هەوڵیانداوە لێکدانەوەی رێزگرتنی خود بکەن، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1- **تیۆری رۆزنبێرگ**

رۆزنبێرگ هەوڵیداوە لێکۆڵینەوەی گەشەو باڵایی رەفتاری هەڵسەنگاندنی تاک بۆ خودو رەفتاری بکات، لە رێگای پێوەرە باوەکانی نێوەندی کۆمەڵایەتی کە لەدەوروبەری تاکدا هەیە (گەشەی رەفتاری هەڵسەنگاندنی تاکبۆ خودی خۆی لە رێگای ئەو نێوەندە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژی). رۆزنبێرگ بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگی بە هەڵسەنگاندنی هەرزەکاران داوە بۆ خودی خۆیان، گرنگیشی بەو رۆڵە داوە کە خێزان لە هەڵسەنگاندنیخودی تاک پێیهەڵدەستێت،کاریشی لەسەر ئەوە کردووە پێوەندی نێوان رێزگرتنی خود روونتر بکاتک ە لە چوارچێوەی خێزانێکدا هەیە،هەروەها کاریشی لەسەر روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەو رێزگرتنی خودە کردووە کە لە چوارچێوەی خێزانێکدا پێکهاتووەو ئەو شێوازی رەفتاری کۆمەڵایەتییەی کە لە داهاتووشدا بۆ تاک دێتە پێشەوە،رۆزنبێرگ پێیوایە رێزگرتنی خود چەمکێکە رەنگدانەوەی ئاراستەی تاکە لەبارەی خۆیەوە.

2- **تیۆری کۆپەر سمیث**

کۆپەر سمیث  لە لێکۆڵینەوەکانیدا،خۆیان لە ڕێزگرتنی خودیی ئەو منداڵانە دەبینێتەوە کە هێشتا نەچوونەتە قۆناخی دوای ناوەندی (الثانوية)، سمیث دوو جۆرە ڕێزگرتنی خودی جیاکردۆتەوە، ئەویش یەکێکیان ڕێزگرتنی خودە بە شێوەیەکی ڕاستەقینەیی کە ئەویش لە لای ئەو کەسانە هەیەکە بە ڕاستی هەست بە بەها دەکەن، ئەوی ترشیان ئەوکەسانەن ڕێزگرتنی خودیان داکۆکیکارانەیە، هەستدەکەن بەهایەکی ئەوتۆیان نییە،بەڵام ناتوانن دان بە هەستێکی وەها لەمجۆرەدا بنێن،ڕەفتاریشیان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ خەڵکی دیکەش  لەسەر ئەم بنەمایەیە. سمیث زۆر جەختی لەسەر ئەو تایبەتمەندییە کردارییە کردۆتەوە،کە لە میانی ئەوەوە تەواوی دیاردە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان پێوەندییەکی پتەویان بە کردەی ڕێز لەخۆ گرتنەوە هەیە. لەم پێناوەشدا گریمانەی چوار کۆمەڵەی گۆڕاوی کردووە کە بە دیاریکراوی ڕێز لە خود دەگرن،ئەوانیش: سەرکەوتنەکان، بەهاکان،حەزو ئارەزوو ،داکۆکیکارەکانن. سمیث پێیوایە  هەرچەندە توانای ئەوەمان نییە شێوازەکانی خێزانی جیاواز لە نێوان خاوەن پلە باڵاکان و خاوەن پلە نزمەکان بۆ ڕێزگرتنی خود لای منداڵ دیارییبکەین،لەگەڵ ئەوەشدا سێ دۆخی چاودێریکردنی دایک و باوکان هەیە کە پەیوەندە بە گەشەی ئاستە بەرزەکان لەبارەی ڕێزگرتنی خودەوە، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

أ- قەبووڵکردنی منداڵان لەلایەن دایک و باوکیانەوە.

ب- پشتگیریکردنی ڕەفتاری ئەرێیانەی منداڵان.

ت- ڕێزگرتن لە دەستپێشخەرییەکانی منداڵان و ئازادیان بۆ گوزارشتکردن لە بیروباوەڕیان لەبارەی دایک و باوکانیانەوە.

3- **تیۆری زیلەر** Zeller

زیلەر لە گۆشەنیگای بوار لە کەسایەتیدا سەیری ڕێزگرتنی خودی دەکرد،جەختی ئەوەیدەکردەوە کە هەڵسەنگاندنی خود لە زۆربەی کاتەکاندا ڕوونادات تەنها لە چوارچێوەی مەرجەعی کۆمەڵایەتیدا نەبێت، زیلەر ڕێزگرتنی خودی وا پۆلین کردووە کە تاک بۆ خۆی پێیهەڵدەستێت و ڕۆڵێکی گۆڕانکاری نێوەند دەبینێ،یان لە ناوچەی ناوەڕاستی نێوان خودو جیهانی واقیعیدا کاردەکات،کاتێک گۆڕانکاری لە ژینگەی کۆمەڵایەتی کەسەکەدا ڕوودەدات، ئەوا ڕێزگرتنی خود ئەو هۆکارەیە کە جۆری گۆڕانکارییەکە لە هەڵسەنگاندنی تاک بۆ خودی خۆی ڕوودەدات دیاریدەکات.ئەمە ئەو دەرئەنجامە وەدەستدەهێنین کە ئەو تیۆرانەی کە باسیان لە چەمکی ڕێزگرتنی خود کردووە،جەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی خێزان و جۆری چاودێریکردنی دایک و باوک لە گەشەو پێشخستنی ئەو چەمکە لای تاکەکان دەکەنەوە، وەک چەمکێک کە بگونجێ و تا ڕادەیەکی زۆریش کاریگەری بەسەر کاریگەری ژینگەو و ڕێگاکان و شێوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت. بۆیە زانایانی دەروونزانی گرنگیان بە شارەزایی پێشوەختە(منداڵی) داوە کە کمنداڵ لە ساڵانی تەمەنی سەرەتاییدا(پێنج ساڵی یەکەمی ژیانی)ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستبوون و پێکهێنانی کەسایەتی خۆیدا دەبینییێت،پێکهێنانی بونیادی کەسایەتی و پێکهێنانی ڕەفتارەکەی بەرەو سەربەخۆیی و متمانە بەخۆ بوون و پشت بەخۆ بەستن لای ئەو تاکە دروستدەبێت، بە پێچەوانەی ئەمەشەوە،ئەو تاکانەی کە پشت بە خۆیان نابەستن(پشت بە خەڵکی دیکە دەبەستن) کەموکورتی لەوکارە دروستدەبێ کە خۆیان پێیهەڵدەستن،هەروەها ئارەزووی گۆشەگیری و پاشەکشێ و دوورکەوتنەوە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی

لەگەڵ خەڵکانی دیکەو هەستکردن بە کەموکورتی و سووکایەتی و لاوازی لەو کاروبارانەی کە پێویستیان بە بڕیار وەرگرتن هەیە،لەگەڵ لاوازی و بێتوانایی لەسەر ئەو بڕیار وەرگرتنانەی کە تایبەتن بە خۆیان و بەبێ پشتبەستن بە خەڵکانی دیکە بەتایبەت لە بواری کۆمەڵایەتیدا ناتوانن هیچ هەنگاوێکی جیدی بهاوێن، بەتەواوی لەلای جێگیردەبن. بە واتایەکی دیکە ڕێزگرتنی تاک بۆ خودی خۆی، ئەو پاڵنەرانە زیاد دەکات بۆ ئەنجامدانی لەسەر ئەو کارانەی کە داوای کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکانی دیکەی لێدەکات، بەمەش دەتوانێت بە توانایەکی بەرزەوە بەشداری لە کارلێکی کۆمەڵایەتی بکات و دەشتوانێت گفتوگۆو داکۆکی بکات لە تێڕوانینی خۆی لەبارەی ئەو بڕیارانەی کە وەریدەگرێت.

**جۆرەکانی چەمکی خود**

جۆرەکانی چەمکی خود لەنێو خۆیدا پەیوەندییەکی بەهێزی هەیەو کاریگەری لە یەکتری دەکەن و بە یەکتریشەوە کاریگەر دەبن.دەتوانین جۆرەکانی چەمکی خود بەمشێوەیەی خوارەوە دیارییبکەین.

1- چەمکی خودی کۆمەڵایەتی:وێناندنی تاکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوانی دیکە،لەمەشدا پشت بە ڕەفتارو گوفتاریان دەبەستێت و لەو درکپێکراوو وێناندنانەش پێکدێت کە ئەو وێنەیە دیاریدەکات کە لەوبڕوایەدایە ئەوانی دیکە وێنای بۆ کردوون.

2- چەمکی خودی ئەکادیمی:ئاراستەکانی تاک و هەستەکانی بەرەو شارەزایی پەیداکردن لە بابەتە دیاریکراوەکان کە تاک فێری دەبێت.

3- چەمکی خودی درکپێکراو(المدرک): لەو درکپێکراوو وێناندنانە پێکدێت،کە تایبەتمەندییەکانی خودی تاک پێکدەهێنێت،وەک ئەوەی کە رێکارەکانی لە وەسفکردنی خودی تاکدا رەنگدەداتەوە،کە گوزارشتێکە لە درکپێکردنی تاک بۆ خۆی کە لەسەر راستی و واقیعبینی، نەک لەسەر ئارەزووەکانی.
4- چەمکی خودی میسالی:پێیدەڵێن خودی حەزو ئارەزوو،بریتییە لە دۆخێک کە تاک حەزدەکات پێیبگات.
5- چەمکی خودی کاتی:چەمکێکی ناجێگیرەو تاک بۆ ماوەیەکی کورت دەبێتە خاوەنی،دواتر نامێنێت و بەگوێرەی هەڵوێستەکانی کە تاک خۆی تێدا دەبینێتەوە بە هەڕمێن دەبێت.

هەندێکی دیکە پێیانوایە بۆ خود چوار جۆر هەیە کە ئەمانەن:
1- خود یان منی کارا: گوزارشت لە وتنی(من)دەکات لە زمانی عەرەبیدا، من وایدەبینم، من دەمەوێ.
2- خود یان منی پێکراو(منفعلة): بەکارهێنانی وتنی من لە دۆخی روودانی کارێک، هەواڵیان پێگەیاندم، پێیانوتم.
3- حودی میسالی:منێکی بەرزترە لە واقیع وبەهاو ویژدان و پێوەرەکانی تێدایە.
4- خودی هەڵوێستی:من لە هەڵوێستێکی دیاریکراو بە توخمەکانی مادی و کۆمەڵایەتی.

جۆرج مید خودی بۆ کۆمەڵایەتی دابەشکردووە کە تاک بەهۆی پەیوەندیکردنی بە خەڵکانی دیکە لە کۆمەڵگا وەدەستیدەهێنێت. داهێنانەکەیشی ناوەرۆکی تاکانە بۆ خود دەگرێتەوە.

لە کاتێکدا لاند هۆلم Land holm خودی خودبوون (الذات الذاتیة) جیاکردۆتەوەو پێیوایە پێکهاتنی لەگەڵ خودی بابەتی بە پێی چەندین هۆکاری جۆراوجۆرەوەیە کە لە چەند هێمایەک پێکدێت و خەڵکانی دیکە بەهۆیەوە وەسفی کەسەکە دەکەن.

بۆ خود پێنج (5) لایەنی بنچینەیی هەن، کە ئەمانەن:

1- خودی جەستەیی: جەستەو چالاکیە بایۆلۆژیەکانی بەخۆوە دەگرێت.
2- خودی کردەیی: بیروباوەڕو هەست و سۆزو رەفتار بەخۆوە دەگرێت.
3- خودی کۆمەڵایەتی: لە بیروباوەڕو رەفتارەکان پێکدێت کە تاک وەڵامی خەڵکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا دەداتەوە.
4- چەمکی خود: وێنایەکە لای تاک بۆ خودی خۆی هەیەتی.
5- خودی میسالی: ئەو خودەیە کە تاک حەزدەکات پێیبگات.

**سرووشتی کۆمەڵایەتیانەی خود**

ئاراستەکانی خود بەرهەمی کارلێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە:

- تیۆرەکانی گەشەکردنی خود جەخت لەسەر درکپێکردنی تاک بۆ چۆنیەتی بینینی تاکەکانی دیکە دەکاتەوە لە بەرامبەر خۆیدا. (خودی پێچەوانە کەرەوە).
- جەختکردنی گرنگیدان لەسەر پرۆسە یان شێوازی کە بیروباوەڕیەکانی خۆی بەراوردپێدەکات بەو شێوازە کۆمەڵایەتیەی کە هەیە لەگەڵ ئەو پێشبینیەی کە لەو بڕوایەدایە لای خەڵکانی دیکەوە هاتووە.

بە گوێرەی راوبۆچوونی (کولی) درکمان بە چۆنیەتی روانین و بۆچوونی خەڵک لە بەرامبەر ئێمەدا کردووە، کە پێیدەوترێت خودی پێچەوانە کەرەوە،هەروەها (میلەر)زاراوەی (شوناسی گشتی خود)ی بۆ گوزارشتکردن لە درکپێکردنی تاک بۆ دیمەنەکەی خۆی بەکارهێناوە لەبەرامبەر کۆمەڵەیەکی تایبەت. میلەر دەڵێت تاک وەک ئەو خودەی دەبێت بەپێی ئەو ئاستەی کە لەناو کۆمەڵەکەیدا هەیەتی و بڕوای وایە خۆی بەو وێنە جیاوازە دەبینێ کە لە تێڕوانینی تاکدا هەیە، بۆیە تاک خودێکی ناوەکی پێکدەهێنێت کە ناوکێکە بەهێزترین و قووڵترین خودە .ئەم ناوکەش لە دەرەوەی چوارچێوەی پرۆسەکانی فێرکردنی کۆمەڵایەتی گەشەدەکات بە تایبەت فێرکردنی خولی یەکبوون و چوونەوە نێو خولەکە .

**کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی چەمکی خود**

1- وێنەی جەستە: وێنەی جەستە کاریگەری لە چەمکی خود بۆ منداڵ دەکات،چونکە بە تایبەتمەندییە بابەتیەکانی وەک قەبارەو خێرایی جوولەو هەماهەنگی ماسوولکەیی کاریگەر دەبێت.جا ئەگەر ئەم تایبەتمەندیانە پشت بە چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی وەک بۆچوونی خەڵک لە ئاست کەسەکەو هەڵسەنگاندنی بەردەوامی نێوان باش و خراپ ببەستێ، ئەوا دەبێتە چەند تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی.

2- پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان: لێکۆڵینەوەکان گرنگی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانیان لە بەرامبەر چەمکی خود دەرخستووە،ئەوەش روونبۆتەوە کە لە لای پیاوان جەستەو قەبارەی گەورە دەبێتە هۆی رازیبوون لە خود،لای ئافرەتانیش بە پێچەوانەوەیە،رەزامەندی تاک لە بەرامبەر خودی خۆیدا پشت بە چۆنیەتی ئەو پێوانکاریانە دەبەستێت کە لە بەرامبەر دیاردە دۆزراوەکاندا لە دەوروبەریاندا ئەنجامی دەدات.

3- رۆڵی کۆمەڵایەتی: رۆڵی کۆمەڵایەتی کاریگەری لە چەمکی خود دەکات، بەوەی کە وێنەی خود بەهۆی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە گەشە دەکات،ئەمەش لەوکاتانەدا دەبێت کە تاک دەخرێتە نێو کۆمەڵێک رۆڵی کۆمەڵایەتییەوە، لێرەوە فێر دەبێت کە چۆن هاورێیەکانی لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانیدا دەبینن، ئەویش وەها خۆی ببینێت و فێری پێوەرەکانی کۆمەڵایەتی و ئەو

پێشینەی ڕەفتارانە دەبێت کە خەڵکانی دیکە بە ڕۆڵەکەی دەبەستنەوە .

4- کارلێکی کۆمەڵایەتی: لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بۆی کردووە کە کارلێکی ساخ و تەندروست و پەیوەندی سەرکەوتوانەی کۆمەڵایەتی، هزری ساخ و تەندروست و ئەرێنی و باش لە بەرامبەر خود پێکدەهێنێت،چەمکی ئەرێیانەی خودیش سەرکەوتنی کارلێکی کۆمەڵایەتی پتەو دەکات و سەرکەوتنی پتر بە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی دەبەخشێت، ئەم سەرکەوتنەش دەبێتە هۆی پتربوونی ئەگەری سەرکەوتنی کارلێکی کۆمەڵایەتی.

5- تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی خێزانی: ئەو منداڵانەی لە خێزانێکدا بژیت و لە ژێر چاودێریدا بێت و گرنگی پێبدرێت، تواناو گرنگیدان و کارامەییەکانی لەو منداڵانە زیاترە کە لە خێزانەکانیاندا شێوازە هەڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیان پەیڕەو دەکرێ و، ڕەنگە ئەو خێزانانەی پەیڕەوی لە شێوازی هەڵەی پێگەیاندن دەکەن، وال ە منداڵەکانیان بکەن کە درک بەوە بکات کەسێکی دەبەنگ و شەڕفرۆشەو جێی متمانەش نییە .

6- بەراوردکاری: بەراوردکاری ڕۆڵێکی وەهای هەیە کە کاریگەریی لەسەر چەمکی خودی تاک دەکات، ئەگەر هاتوو خۆی بە کۆمەڵێک کەس بەراورد کرد کە لەو کەمتواناتر بوون بەڵام بەهایان لەو زیاترە. ئەگەرڵ خۆیشی بە کەسانێک لە خۆی بەرزتر بەراورد کرد، ئەوا بەهاکەی دادەبەزێت و لەوانەیشە تاکەکە بە شێوەیەکی ناراستەقینە هەست بە کەمتوانایی و هەژاری بکات، ئەگەر

پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک کەس بەرقەرار کرد کە ئاستە ئابوورییەکەیان لە ئاستی خێزانەکەی بەرزتر بووبێ.

دەتوانین هەندێک جێبەجێکاری پەروەردەیی لەو لێکۆڵینەوانانە کورت و چڕ بکەینەوە کە پەیوەندیان بە چەمکی خودەوە هەیە:

- لەسەر مامۆستاو بەخێوکارو دایک و باوک و پیاوانی راگەیاندنکار پێیویستەرۆڵی خۆیان لە گەشەکردنی چەمکی خودی منداڵ و نەوجەوانان هەڵبسەنگێنن، یانیش هەوڵی ئەوە بدەن کە تاک فێری ئەوە بکەن رێز لە خۆی بگرێت و خۆی بە کەسێکی پەسند بزانێت و متمانەی بە خۆی هەبێت و چەمکی خودی ئەرێنی لای منداڵ گەشە پێبدەن، ئەمەش بەوە دەبێت کە شارەزایی و زانیاری گونجاویان پێببەخشن و کەشێکی لەباری دەروونیان بۆ برەخسێنن.

- دەرئەنجامەکان ئاماژە بە گرنگی خود و گرنگیی رێنماییکردن و ئاراستەکردن و چارەسەری دەروونی دەکەن، ئەمەش دەبێت سەرەتا لە خانەوادەکان و دواتریش لە ژینگەیەکی فراوانتری کۆمەڵگادا دەستیپێبکرێت.

- دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکەن کە پێیوایە پەسنکردن و تێگەیشتنی خود بە رەهەندێکی بنچینەیی گونجان و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

- دەرئەنجامەکان روونیانکردۆتەوە کە پەسندکردنی خود پەیوەندییەکی ئەرێیانەی بە پەسندکردنی خەڵکانی دیکەوە هەیە.

- لێکۆڵینەوەکان لە میانی دەرئەنجامەکانەوە ، جەختیان لەسەر ئەو باوەڕە باوە کردۆتەوە کە پێکهاتنی چەمکی خود بە ئاستێکی زۆر بە هۆکارە

کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئاراستەکانی تاک لە ئاست خەڵکانی دیکە و ئاراستەکانی خەڵکی دیکە لە بەرامبەر تاک کاریگەر دەبێت.

**بەشی یازدە: کۆمەڵ**

1- پێشەکی
2- چەمکی کۆمەڵ
3- جۆرەکانی کۆمەڵ
4- هۆکارەکانی پەیوەستبوون بە کۆمەڵ
5- ئامانجەکانی کۆمەڵ
6- پێوەرەکانی پابەندبوون بە کۆمەڵ
7- تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵ
8- شێوەکانی کۆمەڵ
9- جۆرەکانی دینامێتی کۆمەڵ

## 1- پێشەکی

تا رادەیەکی زۆر مرۆڤ لە ژینگەو ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزو پەرت و بڵاو دەژی،کۆی گشتی ئەم ژیانەش چەندین شێوەی جۆراوجۆری پرۆسەی کارلێکی دینامیکی کە بە نەرمونیانی و دەوڵەمەندی دەناسرێ ولە خۆیاندەگرێت. لەسەر ئەم بنەمایە کاتێک قسە لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی دەکەین،قسە لەسەر پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پێگەیشتووەکانیش دەکەین،کە هێشتا داوای گەشەی چەندین شێوەی نوێ ی رەفتار دەکەن.

فارابی دەڵێت: ئەگەر بەختەوەری لەسەر زەوی بوونی هەبێت، ئەوا بەدەستهێنانی و گەیشتن پێی، بە هاوکاری تاکەکان دەبێت. ئەفلاتونیش وایدەبینێت کە دەوڵەت لە میانی پەککەوتنی تاک دروستدەبێت، کاتێک کە تاک بە تەنیا ناتوانێت، پێداویستییەکانی خۆی پڕ بکاتەوە، بۆیە رایەڵی تەندروستی نێوان خەڵکان بریتییە لە دامەزراوەیەک کە هاوکارو دادوەر بێت.

ئیبن مەسکەویە وایدەبینێت:خەڵکی بە تەنیا هیچ رێگایەکی ژیانیان نییە، بۆیە لەسەر تاک پێویستە ئەوپەڕی تواناکانی خۆی لەگەڵ ئەندامانی

دیکەی کۆمەڵەکەی بخاتەگەڕ، بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئامانجێکی هاوبەش کە هەموان بە یەکسانی بگرێتەوە، هاوکات بۆ وەدەستهێنانی ئەم ئامانجە هاوبەشەش دەبێت پشت بە ئاڵوگۆڕ کردن و لایەنی ئەرێنی نێوان تاکەکان ببەسترێ.

## 2- چەمکی کۆمەڵ

هەندێکجار وشەی کۆمەڵ بە ژمارەیەک تاک دەگوترێت کە بەیەکەوە لە ناوچەیەکی جوگرافی وەکو ئەسکیمۆ پێکەوە دەژین، یان هەموویان لە سیفەتێکی بابەتیانەی دیاریکراوی وەکوو رەنگ هاوبەشن،لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دابەشکردنە بۆ تاکەکان لە بنەڕەتدا پشت بە مەدای کارلێکی کۆمەلایەتی نێوان تاکەکان نابەستێ، بەڵکو پشت بە لایەنی یان بارودۆخی مادی دەبەستێت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەم نموونانە دەتوانن بە رێژەیەکی زۆر کاریگەر بن،بۆ پێکهێنانی لایەنی دەروونی دروستکردنی کۆمەڵەکان،کە دواجار هەموویان هەست بە بوونی ئینتیما دەکەن. هەروەها لەسەر مەدای هێزی ئەم ئینتیمایە ئاراستەو رەفتارو جوولەی تاک بەرامبەر کۆمەڵەکەی رەنگدانەوەی دەبێت، دواییش جۆری کارلێکی نێوان تاک و تاکێکی دیکەی کۆمەڵەکە بەدیار دەکەوێت. بۆ نموونە: یەکێتی ژینگەی جوگرافی دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی بە هێزی نێوان تاکەکان، بۆیە کاتێک هەموان هاوبەشن لە بەرژەوەندی و ئارەزوو و هیوای داهاتوو،ئەوا پێویستدەکات، ئەم پەیوەندییە بە ئەنجام بگات، بگرە کاتێکیش هەندێک دژە بەرژەوەندی هەیە، تاکەکان بەسەر کۆمەڵەو گرووپی

بچووک بچووک دابەشدەبن،کە دواتر بە هۆیەوە ململانێ لە نێوانیان روودەدات، بەڵام دیسان هاوکات پەیوەندییەکی بەهێزو بەتین لە نێوان تاکەکانی هەر یەک لەو کۆمەڵەو گرووپە بچووکانە دروستدەبێت بەهۆی دروستبوونی مەترسی کۆمەڵەو گرووپێکی دیکە بۆ سەر ئەویدیکەیان. هەروەها وشەی کۆمەڵ دەدرێتە پاڵ ئەو کەس و تاکانەی کە هەریەکەیان بە شێوەیەک لە شێوەکان رۆڵدەگێرێت، رۆڵگێرانی هەر یەکەشیان پەیوەندی بە چەندین هۆکارەوە هەیە، بۆنموونە: رۆڵی پزیشک لە سەرجەم شوێنە جیا جیاکانی جیهان بۆ خۆی بریتییە لە رۆڵبینین، بەڵام ئەگەر هەموان لە یانەیەکدا کۆ نەبنەوە کە هەست و ئینتیمای هەریەکەیان زیاتر دەکات، ئەوکات ئەم رۆڵە ناتوانێت کاری خۆی بکات و ناوبنرێ کاری کۆمەڵایەتی.

بە کورتی و بە پوختی، بۆ ئەوەی کۆمەڵ دروست ببێت، پێویستە چەندین هۆکار بوونی هەبێت بۆئەوەی یارمەتدەر بێت لە بونیادنان و هێنانە کایەی جۆرە پەیوەندییەک چ مادی بێت یاخود مەعنەوی، یانیش تێکەڵەیەک بێت لە هەردووکیان. بە گشتی ئاستی پەیوەندی و قووڵی و جۆری هەر کۆمەڵەیەک جیاوازە لە کۆمەڵەیەکی دیکە، ئەویش بەهۆی جیاوازی هۆکارەکانی دروستبوونییەوە، بۆیە لە دەرئەنجامدا رەنگە پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی تەواو بێت یان بەشی بێت.

ئەلپۆرت F.L.Allort پێیوایە هەندێک کۆمەڵ بەتەواوی خۆی بەسەر کەسایەتی تاک دەسەپێنێت، بۆ نموونە: کۆمەڵە نهێنییەکان کە خۆیان بەسەر چالاکییەکانی تاک دەسەپێنێ، رێگە بە تاک

نادات بیربکاتەوە، تەنها وەکوو ئەو نەبێت،هەندێک کۆمەڵەی دیکە هەن،بەشێوەیەکی بەشەکیی (جزئی)خۆی بەسەر تاک دەسەپێنێت ، پەیوەندیش لەگەڵیدا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دەبێت، بۆ نموونە: تاکێک کە بەشداری یانەیەکی وەرزشی دەکات، بەشێکی گرنگییەکانی بۆ یانەکەی دەبێت، بەشێکی دیکەی بۆ کارەکەی، بەشێکی دیکەی بۆ هاوڕێکانی و ئاوا.......هتد.

هەڵبەت پەیوەندی تاک بە کۆمەڵەکەیەوە کاریگەریی بەسەر مەودای ئازادی دەربڕین و گوزارشتکردن لە کەسایەتی تاکەکە دەبێت،لە هەندێک کۆمەڵەدا دەبێت رەفتارو کاری ئەندامان بە گوێرەی ئاراستەو رێنمایی و بنەماکانی کۆمەڵەکە بێت،ئەمەش بە گوێرەی رۆڵی هەریەکەیان دەبێت کە لەناو کۆمەڵەکەدا پێیدراوە. بۆنموونە: لە سیستەمی دیکتاتۆریدا بیرکردنەوەی تاک دەبێت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بێت، بەشێوەیەک کە هەموویان گوێڕایەڵ بن، بەڵام لە سیستەمی دیموکراسیدا، هەل و دەرفەت بە تاک دەدرێت تا گوزارشت لە کەسایەتی خۆی بکات لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی.

بە بۆچوونی ئەلپۆرت لەیەکچوونی رەفتاری ناو کۆمەڵەکانی ئایینی و سیاسی و ئابووری، بە رێژەیەکی زۆر بەڵگەیە لەسەر یەکێتی و هەماهەنگی نێوان تاکەکان.

## 3- جۆرەکانی کۆمەڵ

کۆمەڵەکان هەمەجۆرن، بە گوێرەی جۆری کارلێکی نێوان تاکەکان و پلەی هۆکارە کاریگەرەکان و شێوەی پەیوەندی نێوان سەرکردەو تاک، ئایا پەیوەندییەکە دیموکراسیانەیە، یان ستەمکارانەیە، هاوکات رێکخراوەکان لەسەر کۆمەڵێک هاوبەشی وەکوو بنەماو ئامانج پێکدەهێنرێن، بێگومان هەر کۆمەڵەیەک لەناو خۆیدا خاوەنی ناوەندی خۆیەتی بۆیە سەنگ و قورسایی ناوەندی کارلێکی هەر کۆمەڵەیەک لە ئەویدیکەدا جیاوازە، بۆ نموونە، لەناو خێزاندا سەنگی ناوەندی کارلێکەکە ویژدانییە.

هەر کۆمەڵەیەکیش لە رووی پێکهاتەکەیەوە لە یەکدی جیاوازن، بەشێوەیەک هەیانە پێکهاتەکەی ئۆتۆماتیکییە، ئەمەش لە دەرئەنجامی ئاڵوگۆرو رووبەڕووبوونەوەی توندی نێوان ئەندامەکان دەبێت،بۆ نموونە پێکهاتەی خێزان. کۆمەڵە نافەرمییەکان،کە تاکەکانی بەوە جیا دەکرێنەوە کە هەموویان لەناو کۆمەڵەیەکدان و هاوکاری یەکدی دەکەن و هەستیش بە بەرپرسیارێتییەکی قووڵ لەبەرامبەر یەکدی دەکەن، ئەمە وایکردووە ئەندامانی ئەم کۆمەڵانە لەکاتی تەنگانەو قەیراندا کەمتر هەست بە دڵەراوکێ و ترس و نیگەرانی بکەن. بۆیە سڵ لە وەرگرتنی هەر ئەندامێک دەکەن کاتێک دێتە ناویان بۆ ئەوەی وەریبگرن، یان تەحەفوزیان هەیە بەرامبەر وەرگرتنەکەی. لە لایەکی دیکەیشەوە، هەندێک کۆمەڵەی دیکەی بە مەبەست و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دادەمەزرێن،

بۆنموونە، کۆمەڵەی رۆشنبیریی و زانستی کە ئەمانە کۆمەڵەی فەرمین.

بەگشتی کۆمەڵەکان لە رووی درێژەدان بە کارەکانیان و بەردەوامیان هەمەجۆرن، واتا لەماوەی بەردەوامیدان بە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان، خێزان گوزارشت لە کۆمەڵەیەکی جێگیر دەکات، ئەگەر چی لە هەندێک کاتدا کەموکوڕی تێدایە لە رووی رێکخستنەوە بە شێوەیەک لە هەندێک جاردا هەڵچوون تێیدا بەدیدەکرێت و باڵ بەسەر خێزانەکەدا دەکێشێ. بە گشتیش وەکوو نەریت ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لەسەر ئەزموونەکانی پێشووتر هاندەدرێن، بەشێکی زۆری زانایانی دەروونزانی بۆچوونیان وایە کە تا چەندی کۆمەڵەکە ئارامی و جێگیریی بەخۆیەوە ببینێت، ئەوەندە واتای کۆمەڵە دەگەیەنێت. بێگومان بە پێچەوانەشەوە، ئەو کۆمەڵانەی ناجێگیرن، بە زوویی لەناودەچن و مانایەک بۆ کۆمەڵ نامینێتەوە.

(کۆلی) کۆمەڵەکانی بۆسەر دوو بەش دابەشکردووە، بنەڕەتی و لاوەکی، بۆئەم مەبەستەش پشتی بە قووڵایی و هێزی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بەستووە، هاوکات لەگەڵ لایەنی ویژدانی و مەدای پەیوەندییە ویژدانییەکانی نێوان تاکەکان. بە بۆچوونی (کۆلی)کۆمەڵەی بنەڕەتییەکە، لەسەر جۆرێک لە پەیوەندی تێکەڵی نێوان تاکەکان دروستدەبێت، کە بۆ هەر یەکێکیان هاوبەشییەک هەیە بۆ بەدیهێنانی بەشێکی ئامانجەکان. (کۆلی)باسی ئەوەی کردووە کە هەموو ئەندامانی ئەم کۆمەڵە بنەڕەتییە بە (ئێمە)دەئاخاوتن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر

رادەی هاوسۆزی و توانەوەی یەکتری لەناو بۆتەی یەکدیدا. بە بۆچوونی (کۆلی)و بەکارهێنانی زاراوەی (ئێمە) مانایەکی دەروونی گرنگی هەیە کە ئەوپەڕی هێزی هەستکردن بە ئینتیماو قەبووڵکردنی کۆمەڵەکە دەکات، ئەم دوو هێزەش هۆکاری سەرەکین بۆ مانەوەی درێژەدان بە کاری کۆمەڵەکە.

بێگومان کۆمەڵەکانی بنەڕەتی، بناخەی بونیادنانی کۆمەڵگەن، لە ناویشیدا کەسایەتی تاک گەشەدەکات، بۆیە تێگەیشتنی کۆمەڵەکانی بنەڕەتی کاریگەریی خۆی دەبێت بەسەر رەفتاری تاکەکانی کۆمەڵەکانی لاوەکی،کە کۆمەڵەکانی دووەمن.

کۆمەڵە لاوەکییەکان بە بۆچوونی (کۆلی) بە ئامانج یان بە مەبەست و بە شێوەی ئارەزوومەندانە دروستدەبن،بۆیە هەریەکێک لەو کۆمەڵانە ئەرکێکی دیاریکراو بە ئەندامانی دەبەخشێت، بۆیە لە کۆتاییدا بە جیاواز لەگەڵ کۆمەڵەکانی بنەڕەتی ، ئەم کۆمەڵانە زیاتر رێکخراوەیین و هەماهەنگی زیاتریان پێویستە. لەوکاتەی کە کۆمەڵەکانی بنەڕەتی زیاتر دووبارە دەبنەوەو پشت بە ئەزموونەکانی پێشوو و لایەنی ویژدانی و یادگارییەکان دەبەستێت،بەلام کۆمەڵەکانی لاوەکی،زۆر کەمتر ئەم لایەنە فەرمیانەی تێدا دووبارە دەبێتەوە، بە شێوەیەکی دیکە ئەم کۆمەلانە لەسەر ئاستی کەسیدا نین و لەکاتی قەیراندا لایەنی سۆزداریان تێدا بەدیناکرێ، پەیوەندی نێوان تاکەکانیشی پەیوەستە بە ئاستی ئامانجەکان و ئاستی ئارەزوومەندانە.

(کۆلی) وایدەبینێت کە تاک بنەماکانی رەفتاری کۆمەلایەتی لە ئەندامێتی کۆمەڵە بنەڕەتییەکان فێر دەبێت، بەلام پاشان بە

کۆمەڵە لاوەکییەکان کاریگەر دەبیٚ، بەتایبەت لە رووی پێکهاتەی ڕۆشنبیرییەوە. هاوکات هەندێک لە زانایانی دەروونزانی باوەڕیان وایە کە کۆمەڵە لاوەکییەکان، تەنیا بریتین لە درێژەپێدانی سرووشتی تایبەتی کۆمەڵە بنەڕەتییەکان، بەتایبەت خێزان. بەڵام زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا بۆچوونیان وایە کۆمەڵە بنەڕەتییەکان بەشێوەی بەشەکی (جزئی)پەیوەستن بە کۆمەڵە لاوەکییەکان، بە واتایەکی دیکە کارلێکێکی ئاڵوگۆڕپێکراو هەیە لە نێوان هەردوو جۆری کۆمەڵەکاندا.

بە بۆچوونی کۆفکا (Koffka) هەر کۆمەڵگایەک لە چەندین کۆمەڵەی سایکۆلۆژی پێکدێت، هەر یەکێکیش لەم کۆمەڵانە خاوەنی یەکەیەکی دینامیکی سەرەتایین بۆ بونیادنانی ئەم کۆمەڵگایە، بە بۆچوونی کۆفکا هەر یەکێک لەم کۆمەڵانە ناوەندێکن تێیدا تاک بەهاکانی کۆمەڵگاو پێوەرو دابونەریتەکانی لێوەردەگرێت.لەمیانی پەیڕەوکردنیشیاندا تاک بوونی ئەندامێتی خۆی لە کۆمەڵگادا جێگیر دەکات. بەم مانایە پێناسەی کۆلی بۆ کۆمەڵە بنەڕەتییەکان هەمان ئەو کۆمەڵە سایکۆلۆژیانە دەگرێتەوە کە کۆفکا ئاماژەی پێداون، بە شێوەیەک ئەم کۆمەڵە سایکۆلۆژیانە ناوەندی یەکەمینن لە پرۆسەی بە سرووشتیکردنی کۆمەڵگا لای تاک، بە شێوەیەک کە تا ئەوپەڕ کاریگەریی هەیە بەسەر پێکهاتەی کەسێتی تاک. لە لایەکی دیکەیشەوە، کۆمەڵگا لە میانی کۆمەڵەکانی سایکۆلۆژیاییەوە دروست نابێت، بەڵکو لەو کۆمەڵانە دروستدەبێت کە (شەریف و کانتراڵ Sherif &Cantril)ن و ناویان ناوە کۆمەڵەکانی گەڕاوە Reference GROUPS ئەوەش لە میانی

پەیوەندی و کاریگەریی نێوان تاکەکانیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تەواو دەبێت.

ئێستا دەکرێ جیاوازی لەنێوان کۆمەڵەی سایکۆلۆژی Psychological group و ڕێکخستنی کۆمەلایەتی Social Organization بکرێت، بەشێوەیەک کۆمەڵەی سایکۆلۆژی لە دوو کەس یاخود زیاتر پێکدێت، هەر یەکێک لەگەڵ ئەویدیکەدا خاوەنی پەیوەندییەکی روونی سایکۆلۆژییە، هاوکات هەر هەموو ئەندامان لەگەڵ تاکێک مامەڵەیەکی سایکۆلۆژیانە دەکەن،هەمووشیان لەگەڵ یەکدیدا بە شێوەیەکی دینامیکی کارلێکدەکەن.هەندێکیشیان فەرمین، وەک کۆمەڵەکانی زانستی و هەندێکی دیکەیان نافەرمین وەکوو کۆمەڵەیەک کە لە خوانێکی ئێوارە بە یەکەوە کۆدەبنەوە، یان کۆمەڵەیەکی دیکەی وەکوو سەندیکاکان کە ئەمانە بۆماوەی دوورو درێژ کارەکانیان بەردەوامیان دەبێت.

بەلام ڕێکخستنی کۆمەلایەتی کە هەندێکجار بە دامەزراوەکانی کۆمەلایەتی Social Institutions ناو دەبردرێ،بریتییە لە کۆبوونەوەو گردبوونەوەی ژمارەیەک کەس بە شێوەیەکی ڕێکخراو و سیستەماتیکی، بەشێوەیەک تاکەکانی ئەم ڕێکخستنە بەشدارن لە بەرهەم وبەروبوومە رۆشنبیرییانەی کە مادی یان مەعنەویین هاوشێوەی ناوو سیمبول و هێما یان وەکوو شێوەیەکی دانسقەی جیاوازی کارکردن یان سیستەمی بیروباوەڕێکی دیاریکراو .

## 4- هۆکارەکانی پەیوەستبوونی کۆمەڵ

ئاڵۆزی و تێکچڕژاوی ژیانی نوێ و زۆری بەرەنگاربوونەوەکان بۆ گوزەران و زۆربوونی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، هەموو ئەمانە وایانکردووە، مرۆڤ زیاتر پەیوەست بە کۆمەڵەکان ببێت، هەر بۆ ئەوەی بە لانی کەمدەستگرتن بە کۆمەڵەکان و پەیوەستبوون پێیانەوە، ببێتە هۆی کەمبوونەوەی پشێوییەکانی ژیانی ئەم سەردەمە،بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک هۆکار بوونیان هەیە، کە وادەکات مرۆڤ زیاتر پەیوەستی کۆمەڵەکان ببێت.

وا دادەنرێ پێویستی لایەنی دەروونی تاک خاڵی سەرەتای پەیوەستبوون و دەستگرتنیەتی بە کۆمەڵەکان، چونکە کۆمەڵە دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ لە تێرکردنی پێداویستییە دەروونییەکانیدا ببینێت.

پێداویستی تاک و پاڵنەرەکانی پێداویستییەکی ژیانی کۆمەڵایەتین، هەر بۆیە بوونی تاکەکانی دیکە دەبێتە هۆی تێرکردنی ئەم پێداویستیانەی، هەر یەک لەم پێداویستی و پاڵنەرانە بە ئاراستەی جۆرەکانی چالاکی تاک هەنگاو دەنێن لە بەشداریکردنی ئەو تاکە لە کۆمەڵەو دیاریکردنی سرووشتەکەی، لە لای خۆیشییەوە تاک پارێزگاریدەکات لە ئەندامێتی کۆمەڵەو قەبووڵکردنی لە نێوان تاکەکانی دیکەی ناو کۆمەڵەکە بۆئەوەی رووبەڕووی هیچ پاڵنەرێک نەبێتەوە، تا ئەندامێتییەکەی لەبار ببات.

ئینتیما لە گرنگترینی ئەو پاڵنەرانەیە لە جێگیریی کۆمەڵەو دەستپێوەگرتن و پەیوەستبوون پێوەی، چونکە تاک لە ژیانی خۆیدا

هەست بە ئارەزووی ئینتیما دەکات بۆ خێزانەکەی یان کۆمەڵەی هاوڕێیانی یان هەر کۆمەڵەیەکی دیکەی پیشەیی دیاریکراو، چونکە هەریەکە لەم کۆمەڵانە بە تەواوی بەردەوامی بەو تاکە دەدەن. هەروەها تێرکردنی هەستی پێویستی ئینتیما پەیوەستە بە قەبووڵکردنی کۆمەڵە لە لایەن تاک و قەبووڵکردنی تاک لە لایەن کۆمەڵەوە، هەر بۆیە لەم نێوەندەدا هەردەم تاک هەوڵدەدا لە میانی بەردەوامبوونی لەناو کۆمەڵە، گوێڕایەڵی ڕێساو یاساکانی کۆمەڵە ببێت،لەولایشەوە پەیوەستبوونی تاک بە کۆمەڵەکەیەوە وادەکات لە متمانە بوون بە خود هێزو توانای زیاتری پێ ببەخشێ.لەگەڵ ئەوەشدا گەشەی تاکی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری ژیانی دەروونی پێویستی بە تێربوونی پێداویستییەکانی هەست و سۆزو خۆشەویستی هەیە، ئەمانەش بەبێ پەیوەستبوون بە کۆمەڵ نایەنە دی.لەم نێوەندەشدا خێزان وەکوو یەکەمین ژینگەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت هەلی تێربوونی لایەنی سۆزداری لەبەردەممندالْ فەراهەم بکات، هاوکات بە گوێرەی ئەوەی کە کۆمەڵ پێداویستییەکانی تاک تێردەکات، لەلای خۆیەوە تاکیش ئاراستەی ئینتیمای بۆ کۆمەڵەکەی دەبێت. چونکە تێرکردنی هەستی سۆزداری گرنگی خۆی هەیە لە سەقامگیری خود و جیاکردنەوەی لە کەسێکی دیکە.پاشان بەرزبوونەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی ئەم خودە لە رووی رەفتارەوە رەنگدانەوەی خۆی بەسەر ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەکەوە دەبێت.

واتا توانای تاک بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە پلە یەک لە تەمەنی پێنج ساڵی یەکەمیدا،بە تایبەتی دوو ساڵی یەکەمی،پشت بە تێرکردنی پێداویستییە سۆزداری و خۆشەویستی دەبەستێت، بە شێوەیەک لەو ماوەیەدا دایک ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە میانی چاودێریکردن و پەروەردەکردن و سەرپەرشتیکردنی منداڵەکەی، لە رووی

خزمەتکردن و پێدانی سۆزو خۆشەویستی، ئەمەش پێیدەوترێت گوازتنەوەی قۆناخی خودی بۆ قۆناخی بابەتیبوون، واتا دەرچوون لە ناوەندی خودەوە بۆ بازنەیەکی فراوانتری دەرەکی  بە شێوەیەکی دیکە هەر کات ئەو منداڵە لە سۆزو خۆشەویستی لە هەستی تێرکردنی خۆشەویستی بێبەش کرا، منداڵەکە پەنا دەباتە بەر خۆشویستنی خودی خۆی، بەمەش دەرئەنجام دەبێتە کەسێکی خود پەرست.ئەمەش دوایی لە لایەن کەسانی دیکەی ناو کۆمەڵگاوە ئەم رەفتارەی پەسند ناکرێ و پەسند نەکردنی رەفتارەکەیشی لە لایەن کۆمەڵگاوە، کۆسپ دەخاتە بەردەمی لە تێرکردنی پێداویستییەکانی.

بەڵام ئەو پێداویستیانەی پەیوەندیان بە خۆدەرخستن و خۆ سەپاندن و پێداویستی لایەنی ئاسایش، هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەبێتە هۆی بەرفراوانکردنی مەودای نێوان کۆمەڵگاو تاک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێرکردن رووناداد، تەنیا لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی نەبێت، بۆنموونە پێویستی لایەنی ئاسایشی دەبێتە هۆی ئازادی و دوورکەوتنەوە لە ترس و ئەو دوو دڵی و نیگەرانییەی کە هەڕەشەن بۆسەر خودو هەستکردن بە بێ هیوایی و تێرنەبوونی لایەنی دەروونی، ئەمەش وادەکات، خود بەرامبەر کۆمەڵگا رووبەرووی هەڵوێست ببێتەوەو بە شێوازێکی تایبەت پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا دروستبکات، بگرە وا هەستدەکات بە دوورکەوتنەوەی لە تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەتوانێت پێداویستییەکانی لایەنی دەروونی پڕ بکاتەوە، جگە لەمەش هەوڵدەدا پەرە بە میکانیزمەکانی بەرگری بدات بۆ دژایەتیکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی ، لە دەرئەنجامیشدا پێکدادان و بەریەککەوتن روو دەدات. ئیتر ژیان بەمشێوەیەش بەڕێوە ناچێت، چونکە کاتێک تاک بەرامبەر مەترسی کۆمەڵەیەک دەبێتەوە،

بەهۆی هەندێک پاڵنەرەوە هەوڵدەدا رەفتاری بگۆڕێت بۆ ئەوەی یەکسانییەک و هاوسەنگییەک  لە نێوان تێرکردنی پێداویستییەکانی و ئینتیماو پەسندکردن و سۆزداری دروستبکات، لە لایەکی دیکەیشەوە لەگەڵ پێداویستی کەسەکە بە ئازادی و دوورکەوتنەوە لە دڵە راوکێ کە هەڕەشە لە چەند پاڵنەرێکی دیکە دەکات، بەڵام ئەگەر هەڕەشەکان بە هۆی چەند هۆکارێکی دەرەکی بێت، واتا لە دەرەوەی چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێت، وەکوو ئەوەی هەڕەشەکە لە لایەن کۆمەڵەیەکی دیکەوە بێت، یان نەیتوانی پێداویستییە بایۆلۆژییەکانی تێر بکات، لە دۆخێکی وەهادا پەنا دەباتە بەر ئەندامبوون لە کۆمەڵەیەک کە لایەنی ئاسایش و تێرکردنی خواستەکانی بۆ دابین بکات، ئەمەش وادەکات، ئەم تاکە زیاتر پەیوەست بێت لەگەڵ ئەم کۆمەڵەو پارێزگاریکردن لێی.

ئاساییە کە ژیانی کۆمەڵایەتی تەنیا لە لایەنی پەیوەندی دەروونی کورت نەبۆتەوە، بەڵکو لایەنی مادیش دەگرێتەوە،کە لەسەر بنەمای تێرکردنی پێداویستییە بایۆلۆژییەکان دامەزراوە، لەم قۆناخ و لایەنەدا تاک ناتوانێت بە رێگای سەرەتایی پێداویستییەکانی تێربکات، بەڵکو کارتێکراوە بە خۆتێرکردنی بەکۆمەڵ.

سیستەمی کۆمەڵایەتی بەهۆی پێشکەوتنییەوە زیاتر ئاڵۆز دەبێت و، بەهۆی هەڵبژاردنی ئامرازو میکانیزمەکانیشی کە دەبنە هۆی تێرکردنی پێداویستییەکانی، ئەوەش وادەکات تاک زیاتر پێویستی بەوەبێت کە پەیوەستی کۆمەڵەکەی بێت. لەمیانی هەموو ئەمانەدا، روونده‌بێتەوە، کە پێداویستییە بایۆلۆژییەکان بنەمای سەرەتایین بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی زۆر ئاسان. هەر بۆیە ئامانجەکانی کۆمەڵە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی پەیوەستبوون، بەشداریکردنی تاک لەگەڵ تاکێکی دیکە بۆ

بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان تاکەکاندا، بە دیوەکەی دی، یەکێتی ئامانج لە نێوان تاکەکان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵە.

بە گشتی جۆری ئامانجەکە دەتوانێت بەردەوامی بە کۆمەڵە بدات، یان لەبارییەکی هەڵبوەشێنێتەوە، بۆنموونە: ئەگەر ئامانجەکە زەحمەت و سەخت بوو، ئەوا دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە، بەڵام ئەگەر ئاسان بوو، ئەوا هەمووان پەیوەستدەبن بە کۆمەڵەکەو بەردەوامی پێدەدەن.

بە بۆچوونی کانترال ئامانج چەند لایەنێکی دینامیکی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە:

1- هەستکردنی کۆمەڵە بەوەی لەپێناوی ئامانجێک کاردەکەن، دواییش دەبێتە ئەرکی کۆمەڵەکە کە زانیاری لەسەریان هەبێت و کاری لەسەر بکات.

2- پلەی پەیوەستبوون بەو ئامانجەو پەسندکردنی لە لایەن تاکەکانەوە دوور لە زۆرلێکردن و ناچارکردن.

3- پلەو ئاستی قەناعەتی کۆمەڵە کە ئامانجەکە قابیلی بەدەستهێنانە.

4- سووربوونی کۆمەڵە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو بەهەر نرخێک بێت، بەشێوەیەک تاکەکانی ئەم کۆمەڵەیە ئامادەن قوربانی بدەن لە پێناوی ئەوەی باوەڕیان پێیەتی و دەست بە ئامانجەکانیانەوە بگرن.

5- دەبێت تاک هەست بەوە بکات بەشداریکردنی ئەو لە چالاکییەکانی کۆمەڵ، هەنگاوەکانی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو نزیکتر دەبنەوە، هەروەها دەبێ کۆمەڵ باوەڕ بە نرخ و بەهای

ئامانجە دیاریکراوەکە هەبێت، لە ئێستاو داهاتوودا کاری لەسەر دەکرێ.

لە راستیدا بوونی پێوەرێکی هاوبەش کە تایبەتە بە رەفتاری نێوان تاکەکان، هۆکارێکی دیکەی بەهێزە بۆ دەست پێوەگرتن و پابەند بوون بە کۆمەڵ. لە هەر کۆمەڵەیەکیشدا پێوەری تایبەت هەیە بۆ ئەداکردنی رەفتار، ئەمەش بە گوێرەی ژینگەی خودی کۆمەڵەو کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت، بێگومان بەشداریکردنی تاک لە پێوەرەکان و پابەند بوون پێیانەوە،لە رووی دەروونییەوە کاریگەری ئەرێنی هەیە، بەو پێیەی وال ە تاک دەکات پێشبینی بکات، هەروەها وەڵامی تاک بۆ هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان پشت بەو پێوەرانە دەبەستێت، دەرئەنجامیش بەهۆی وەڵامدانەوەی تاک بۆ هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان گونجان و تێکەڵاوی دروستدەبێت و رایەڵەی پەیوەندییەکانی نێوانیان بەهێز دەکات.هاوکات هەل دەخاتە پێش تاک، بۆ ئەوەی رەفتارەکانیان هەمە چەشنە بن، بەجۆرێکتاک بە شێوەیەکی ئیرادی وەڵامی هەموو کارێکی بەرامبەرەکەی دەداتەوە.پێوەرەکانی کۆمەڵ هێزێکی زیندووە بۆ دیاریکردنی رەفتاری پەسندکراو لە لایەن کۆمەڵگاوە،هەروەها سزای ئەو کەسەش دیاردەکات کە لە رێڕەوی گشتی پێوەرەکان دەردەچێ.

پابەندبوون بە پێوەرەکانی کۆمەڵ، وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆیکردووە،نوێنەرایەتی لایەنی دەروونی تاک دەکات، بەشێوەیەک کاریگەریی بەهێزی دەبێت بۆ تێکەڵاوبوون و هاوسۆزی و لەیەکگەیشتنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ. بوونی هەموو ئەو هاوسۆزی

و لەیەکگەیشتنەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ توانایەکی بە گورپو بەهێز دەبەخشێتە چالاکییەکانی کۆمەڵ،کە بە شێوەی دەستە چالاکییەکانی ئەنجامدەدات، لە بنەڕەتیشدا بنەما گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵ بریتییە لە توانای تاک لە بەشداریکردنی هەست و نەستی ئەوانیدیکە، ئەمەش وا دەکات هەردوولا ئاڵوگۆڕی سۆزو لەیەکگەیشتنی نێوانیان بکەن.

پابەندبوونی کۆمەڵایەتیپێویستی بە رادەیەکی زۆری بەشداریکردنی تاکەکانەوە هەیە، بەشێوەیەک تاک هەست بەوە بکات، پێویستی بە تاکێکی دیکە هەیە لە بەدیهێنانی دەستکەوتەکان. بە واتایەکی دیکە هەر تاکێک لە چوارچێوە گشتییەکەدا ئاڵوگۆڕی رۆڵ لەگەڵ تاکێکی دیکەدا دەکات. بە گشتیش بەشداریکردن لە کاردا بۆ ئەوەی پابەندبوون بە کۆمەڵ بەدیبهێنرێت و پارێزراویش بێت لە هەر ئەگەرێکی هەڵوەشانەوە، ئەوا پێویستی بە کۆمەڵێک بڕیارو یاسا هەیە، بە مەبەستی دیاریکردنی ئەرک و مافی تاکەکان و رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوانیان. ئەرکی رێکخستنیش بریتییە لە دیاریکردنی رۆڵی هەر تاکێک لە سەرەتاوە، تا ئەگەرەکانی بەریەککەوتن لە نێوان تاکەکان کەمبکاتەوە، هەروەها بۆئەوەی تاک بتوانێت پێداویستییەکانی خۆی پڕ بکاتەوە، بێئەوەی بەریەککەوتن و بێئومێدی و نیگەرانی دروست ببێت. بە پێچەوانەوە نەبوونی سیستەمی رێکخسات یارمەتیدەر نابێت بۆ پێشبینییەکانی تاک، دواتریش کۆسپ دەخاتە بەردەمی تاک لە بەشداریکردنی ئەرێنیانە لە چالاکییەکانی کۆمەڵ، جگە لەوەش هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی

شێوەکانی ململانێی نێوان تاکەکان، دەرئەنجامیش هەموو ئەم خاڵانە دەبنە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵ.

سیستەمی رێکخستن جگە لەوەی کۆمەڵێک بڕیارو یاسا دادەنێت کە ئەرکی بریتییە لە دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی تاک، هاوکات کارەکان بەگوێرەی توانای هەر تاکێکیش دابەشدەکات،بەمشێوەیە تاک بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دەتوانێت کار لە سنووری دیاریکراوی خۆیدا ئەنجامبدات.هاوکات وال ە تاکیش دەکات کە هەست بە گیانی هاریکاری بکات و بەردەوامیش بێت لە خۆ راهێنان لەسەر بەکارهێنانی میکانیزمەکانی لەیەکگەیشتنی نێوان تاکەکان و رێکخستنی کارو بەجێهێنانی ئەرک بە شێوەیەکی باشترین کە وا دەکات گۆڕانی کۆمەڵایەتی رووبدات، دەرئەنجامیش ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییە وەک یەکێک لە پێداویستییەکان و خواست و پاڵنەرەکانی تاک پڕ دەکاتەوەو بەردەوامی پێدەدات، لە مانەوەی لە ئەندامێتی کۆمەڵ و گرنگیپێدانی و زیاتر هەستکردن بە ئەرکی بەرپرسیارێتی، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی جێگیربوونی کۆمەڵ.

بە دیوەکەی دیکە، پابەندبوونی کۆمەڵ واتا پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەندامان و تاکەکانی کۆمەڵ. زمان رۆڵی بنەڕەتی دەبینێت لە پەیوەندی نێوان تاکەکان، هەروەها ئامرازی دەربڕین و بیروبۆچوونی تاکەکانە لە هەر پرسێکی تایبەت و ناتایبەتدا، زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەشەپێدانی ئاراستەکان، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ زیادبوونی پەیوەندی و گونجانی تاکێک لەگەڵ تاکێکی دیکە، چونکە بێئاگابوونی تاک لە بیروبۆچوون و رای

یەکدی، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی شپرزەیی و لاوازبوونی پابەندبوونی کۆمەڵە.

دوو جۆرە پەیوەندی هەیە، کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆن. پەیوەندی راستەوخۆ بریتییە لە پەیوەندی کەسیی، واتا پەیوەندییەکی رووبەڕووە بە شێوەیەک نەرمونیانی تێدایە و یارمەتیدەرە بۆ لەیەکگەیشتنی نێوان ئەندامان، هەروەها جۆرێک لە سزاو پاداشتی تێدایە کە هەردووکیان یارمەتیدەرن بۆ پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی. پەیوەندی کەسیی زۆرجار بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دەرکەوتنی گرنگیپێدانی هاوبەشی نێوان تاک، دەرئەنجامیش کامڵبوون و بەردەوامی کۆمەڵ بەدیدێت.

بەڵام پەیوەندی ناڕاستەوخۆ چەندین میکانیزمی جیا جیا لەخۆیدەگرێ،لەوانە نامەگۆڕینەوەو بڵاوکراوەو دەزگاکانی راگەیاندن وەکوو رادیۆو رۆژنامەو ئەوانیدیکە،ئەم پەیوەندییەش کەمتر کاریگەری بەسەر پابەندبوونی کۆمەڵ هەیە، بۆیە نابێتە هۆی زیادبوونی پەیوەندی پاڵنەرەکان و لەیەک نزیکبوونەی کۆمەڵایەتی.

بەگشتی دەتوانین هەموو ئەم هۆکارانەی دەبنە هۆی زیادبوونی پابەندبوون بە کۆمەڵ لەم چەند خاڵەی خوارەوە چڕ بکەینەوە:

1- تێرکردنی پێداویستی تاک: هەر کاتێک تاک بزانێت بەهۆی کۆمەڵەکەیەوە پێداویستیی پڕ دەکاتەوە، زیاتر بە کۆمەڵەکەی پابەند دەبێت.
2- پێگە: هەر کاتێک پێگەی تاک لەناو کۆمەڵەیەک گەورەتر بێت، کارلێکی لەگەڵ کۆمەڵەکە زیاتر دەبێت.
3- تایبەتمەندییەکانی خۆشەویستانەی کۆمەڵ:هەرچەندی کۆمەڵ ئامانجەکانی بنەمای پتەوو گەورە بێت و پێوەرەکانی تەندروست بێت و چالاکییەکانی جۆراوجۆر و خۆشویستراو بن، ئەوەندە پابەندبوونی تاک زیاتر دەبێت.
4- هاریکاری: پەیوەندی هاریکاری پابەندبوون بە کۆمەڵە زیاتر دەکات.
5- کارلێکی زیاتری نێوان تاک و کۆمەڵ .
6- کەشی دیموکراسیانەی ناو کۆمەڵەکە.
7- رازیبوون بە پێوەرو یاساکانی کۆمەڵ.
8- ئاسانکاری لە پەیوەندیکردندا.
9- ئەزموونی دڵخۆشکەر:وەکوو بەدەستهێنانی کاری سەرکەوتوو لە لایەن کۆمەڵەوە.
10-رووداوەکانی دەرەوەی کۆمەڵ:وەکوو باشبوون و زێدە بوونی ناوبانگی کۆمەڵ.

## 5- ئامانجەکانی کۆمەڵە

1- پێویستە هەموو کۆمەڵەیەک خاوەنی ئامانجی خۆی بێت بۆ بەگەڕخستن و جوولە پێکردنی توانای تاکەکانی.

2- رەنگە ئامانجەکانی تاک و ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵ بەریەکبکەون و، لە رووکەشیشدا ئامانجەکانی هەردوولا لەوانەیە تا رادەیەک لەیەکبچن،گرنگ ئەوەیە دەبێت تاک هەست بە ئامانجەکانی کۆمەڵ بکات.

3- هەندێک ئامانجی کۆمەڵە هەیە، کە ئامانجی (هەست)ین وەکوو (خشتەی کارە دیارەکان)و ئامانجی (نەست)ن، وەکوو (خشتەی کارە نادیارەکان و شاراوەکان).

4- پێویستە گرنگی بە پاڵنەرەکانی تاک بدرێت،وەک چۆن گرنگی بە ئامانجە دیارەکانی رووی دەرەوە دەدرێن.

5- پێویستە تۆژینەوەی تایبەت سەبارەت بە چۆنییەتی وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵ ئەنجامبدرێ،هەروەها پێویستە ئەم رێگایانەش نیشانبرێن کە تایبەتن بە رێگاو شێوازی هاریکاری و کێبرکێ.

6- پێوەرەکانی پابەندبوون بە کۆمەڵ

1- قسەی ئەندام:لە میانی تێبینیکردنی قسەی ئەندامان دەتوانی تێبینی بکەیت کە ئایا زۆربەیان وشەی (ئێمە)بەکار دەهێنن، یان وشەی (من).

2- پێوەرەکانی هاوڕێیەتی: ئەم پێوەرە لە میانی ناسینی پابەندبوونی سۆسیۆمەتری بەئەنجامدەگات (چەندەی ئەندامانی کۆمەڵ هاوڕێبن، ئەوەندە پابەندبوونیان زیاتر دەبێت).

3- پشتگیری ئەندامانی کۆمەڵە لە پێوەرەکانی کۆمەڵە: چەندی ئەندامانی کۆمەڵ پشتگیری لە پێوەرە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵ بکەن و پێوەی پابەند بن، ئەوە پابەندبوونەکە زیاتر دەبێت.

4- پابەندبوون لە چالاکییەکانی کۆمەڵ: چەندی ئەندامانی کۆمەڵ پابەند بن بە چالاکییەکانی کۆمەڵ،پابەندبوون بە کۆمەڵەکەیان زیاتر دەبێت.

5- دۆخی پاڵنەری تاکەکانی کۆمەڵ: چەندی ئەندامانی کۆمەڵ یەکتریان خۆش بوێ و سۆزیان بۆ یەکدی هەبێت، پابەندبوونەکەشیان ئەوەندە بۆ کۆمەڵەکەیان زیاتر دەبێت.

6- پابەندبوونی ئەندامان لە کاتی قەیرانەکان: لە راستیدا لە کاتی ئەوەی کۆمەڵ دووچاری تاقیکردنەوەی سەخت و تەنگژەو شکست دێت، پابەندبوونی ئەندامانی کۆمەڵ بەدیاردەکەوێت، ئەگەر هاتوو هەموو ئەندامان توانیان بەسەر قەیرانەکەدا زاڵ بن و بە سەرکەوتوویی تێیپەڕێنن، ئەوا بەڵگە لەسەر بەهێزی کۆمەڵ دەگەیەنێت.

### 7- چەمکی دینامییەتی کۆمەڵ

ئەم وشەیەی (دینامێتی) لە بنەڕەتدا یۆنانییە، ئاماژەیە بۆ هێز، یان بزووتنەوەیەک بەرەو وەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو. بێگومان وشەی دینامیتی چەندین مانایشی هەیە،کە هەوڵدەدەین لە خوارەوە زۆر بە کورتی باسیان بکەین.

- (بۆنەر)وای پێناسەکردووەکە دینامیت لقێکە لە لقەکانی زانستی دەروونزانی کۆمەڵایەتی،بەدوای پێکهێنان و بونیادنانی کۆمەڵەدا دەگەڕێت، لە میانی هەوڵی ئەندامانیشییەوە بۆ تێرکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان گۆڕانی بەسەردا دێت.
- دینامێتی بریتییە لە کۆمەڵێک ورووژێنەر و وەڵامدانەوە لە کاتی جیاوازدا، لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵ روودەدات.
- دینامێتی کۆمەڵ بریتییە لە کارلێکێک کە توخمی گۆڕانکاری زیادەیەک دەخاتە سەری.
- (کیرت لیڤین) یەکەمین کەسە کە تۆژینەوەی لە بواری دینامێتی کۆمەڵە کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش یەکەمین زانکۆی تۆژینەوەی لە زانکۆی (ماچۆستس) لە ئەمریکا دامەزراند.
- دینامیتی بریتییە لەو هێزەی کە لە میانی کارلێکی نێوان تاکەکان بەرهەمدێ و پاشانیش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری.
- وا دادەنرێ کە دینامێتی بریتییە لە کارێک کە دۆخێک لەناو کۆمەڵەیەک روویدا، راستەوخۆ کاریگەری بەسەر ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەکە دەبێت،بۆنموونە، ئەگەر کەسێک لە خێزانێکدا

بمرێ،مردنی ئەو کەسە دەبێتە خاڵی بەهێزی کۆکردنەوەی ئەندامانی دیکە لە دەوری یەکدی.

- دینامێتی کۆمەڵ بریتییە لە کارلێک و لەمیانی ئەو کارلێکەشدا گۆڕان دروستدەبێت،ئەگەر کارلێک روونەدات، ئەستەمە گۆڕانکاری رووبدات.
- دینامێتی بریتییە لەو بزاوتەی کە لەناو کۆمەڵ روودەدات، دواییش دەبێتە هۆی روودانی کۆمەڵێک لە گۆڕانکاری.
- هەندێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی هەیە، کاریگەرییان بەسەر بزاوتی کۆمەڵەوە هەیە.

## 8- تایبەتمەندییەکانی دینامێتی کۆمەڵ

- تایبەتمەندە بە کۆمەڵە بچووکەکان.
- گرنگی بەو کۆمەڵانەش دەدات کە کارلێکی رووبەڕووی تێدایە، واتا لەسەر ئاستی تاکەکان کارلێکی راستەوخۆ هەیە.
- لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵ وەک گشتێکی دینامیکییە ، نەک وەکوو گردبوونەوەیەکی مرۆیی.
- بە تایبەتمەندی زانستی جیادەکرێتەوە، واتا پشت بە رەگەزی زانستی دەبەستێت لە تۆژینەوەدا (تێبینی، گریمانە،ئەزموونکردن).
- توێژینەوەکان کە تایبەتن بە کۆمەڵ، تایبەتمەندن بە پێکهاتەو گۆڕانکارییەکانی.

## 9- شێوەکانی دینامیێتی کۆمەڵ

### أ- کارلێکی کۆمەڵایەتی:

کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەیەک کە تیایدا تاک لەگەڵ ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەک لە رووی ئەقڵی و پاڵنەرەکانی پێداویستی و ئارەزوو میکانیزمەکان و مەبەستەکان بەیەکدی دەبەستێتەوە. یەکێک لە شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە گیانی هاریکاری و کێبڕکێ و گونجان و ململانێ، هەر یەکێکیش لەم شێوانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەهۆی زمان و هێماو ئاماژە بە ئەنجام دەگەن.

### ب- پەیوەندییە مرۆییەکان:

توخمی رۆحیی دەروونیی بریتییە لە بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکان، بوونی لایەنی پایۆلۆژی بە مانای بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی رەها نایە (کولی Cooley).

کولی پەیوەندییە مرۆییەکانی بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە:

أ- **پەیوەندییە سەرەتاییە راستەوخۆکان** Primary ،ئەمەش چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:

- دەبێ رووبەڕوو بێت
- هەمیشەییەو بەشێوەیەکی رێژەییجێگیرەو راستەوخۆشە.
- ژمارەیەکی دیاریکراو لە تاکەکان دەگرێتەوە.

- پەیوەندی نێوان تاکەکان لەسەر بنەمای پیشەیی و لایەنی بەرژەوەندییەوە نییە.

بە گشتی ئەم شێوەی پەیوەندییە لە خێزان و دراوسێ و کۆمەڵەی برادەران بەدیدەکرێ و دێتە دی.

**ب- پەیوەندییە ناراستەوخۆکان:**

ئەمجۆرە پەیوەندییە لەنێوان تاکەکانی ڕێکخراوێک یان دامەزراوەیەک و یانیش دەستەیەک دروستدەبێت و کۆدەبنەوەو پێیدەوترێت کۆمەڵگا لاوەکییەکان (مجتمعات ثانوية Secondary )چونکە کاریگەریی نێوان تاکەکانی ئەم ڕێکخراوو دامەزراوەو دەستانە ناڕاستەوخۆن،بەڵکو چەند بنەمایەکی بابەتیانەو سیستەماتیک پەیوەندی نێوان تاک دیاریدەکات.

– - بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (بونیادی سۆسیۆمەتری)

پەیوەندی کۆمەڵایەتی بونیادنراو لەسەر بنەمای سەرپشککردن و پەسندکردن(الاختيار والتجاذب)، یان ڕەتکردنەوەو دوورکەوتنەوە، بەگشتیش جیاوازی لە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کۆمەڵەیەک و کۆمەڵەیەکی دیکەدا هەیە.

دەکرێ لێکۆڵینەوەی بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکرێ، بە بەکارهێنانی پێوەرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یان ئەزموونکردنی سۆسیۆمەتری کە یەعقوب مورتیۆ لە ساڵی 1934 خستییە ناو زانستی دەروونزانی کۆمەڵایەتییەوە. ئەم پێوەرە ئامرازێکە بۆ دیاریکردن و پێوانەکردنی (Choice) یان ڕەتکردنەوە (Rejection) لەناو کۆمەڵەدا. هەروەها دەکرێ لە میانی ئەو نەخشەیەی کە پێیدەوترێت سۆسیۆگرام

زانیارییەکان لەسەر تێستکردنی تاکەکانی کۆمەڵە بخرێتە روو. هاوکات ئەم تێستکردنە زانیاری گرنگ دەخاتە روو، لەبارەی بونیادی کۆمەڵە، گرنگترینیشیان بریتییە لە:ناسینی ئەستێرەکان،کە بریتین لە سەرکردەکان، هەروەها ناسینی رەتکراوەکان و دوورخراوەکان.

### ت- گۆڕانی کۆمەلایەتی

وەک زانراوە زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەی بە شێوەیەکی رێژەیی جێگیرن، جیاوازیان تێدا نییە، بەتایبەت لەبارەی بەرپرسیارێتی تاک بەرامبەر بە منداڵەکانی، چونکە بە شێوەیەکی گشتی بنەماکانی پەروەردە لەم کۆمەڵگایانە پشت ئەستوورە یان دەرهاویشتەی ناو دابونەریتی کۆمەڵگاکەیە،کە بە شێوەیەکی هێواش و لەسەرەخۆش بەناو پرۆسەی فێربووندا تێدەپەڕێت و درەنگ لەناو بنەما داب و نەریتییەکان تێپەڕدەبێت. بەلام ئەوەی تایبەتە بە کۆمەڵگا نوێ و پێشکەوتووەکان، کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە گۆڕانکاریدان، ئێستا پەیوەندی نێوان باوک و کوڕ بووەتە کێشەی جیاوازی رۆشنبیریی.

بەرپرسیارێتی پەروەردەی تاک لە ئەستۆی خێزاندایە، تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن، بەلام بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە راستەوخۆیەی کە بەسەر خێزاندا دێت لە بواری چوونە دەرەوەی ئافرەت لە ماڵەوەو کارکردنی لە شوێنێک و کارلێکی خێزانەکە لەگەڵ دامەزراوەی دیکەی دەرەوەی ماڵ، لەوانە (قوتابخانە، کۆمەڵەی هاوڕێیان، رۆڵی پەرستن، دەزگاکانی راگەیاندن) ئەمانە وادەکەن کاریگەریی بەسەر پەروەردەی تاک بەجێبهێلن.

- **چەند هۆکارێکی دیکەی دینامێتی کۆمەڵە:**

أ- **کەسایەتی تاک:** کەسایەتی تاک و توانای تێگەیشتنی خودو تێگەیشتن لەوانیدیکە، هەروەها توانای تایبەت و پاڵنەرو ویست و لێهاتوویی و ئاراستەو بەهای تاک کاریگەریی خۆیدەبێت بەسەر دینامێتی کۆمەڵە بە شێوەیەک هەر کات کە تاک یان ئەندامانی کۆمەڵەیەک کەسایەتییەکی ئەرێنی هەیەو هاوکارو هاوبیری ئەندامانی دیکەیە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ رەنگدانەوەی ئەرێنی بەسەر کۆمەڵەکەدا دەبێت.

ب- **رۆشنبیری تاک و بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابووریی:**
رۆشنبیری گشتی و بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری تاکەکانی کۆمەڵە کاریگەریی خۆی بەسەر دینامێتی و پەیوەندی نێوان کەسایەتی تاك دەبێت.

ت- **بارودۆخی خێزان:** بارودۆخی خێزان کاریگەریی زۆری بەسەر دیاریکردنی پەیوەندی تاك بە کەسانی دیکەوە هەیە،بەجۆرێک ئەگەر خێزانەکە روانگەیەکی ئەرێنی هەبێ لەگەڵ دەوروبەرو رووداوەکاندا، ئەوا ئەم تێڕوانینە بەسەر تاکی خێزان رەنگدەداتەوە، بەلام بە پێچەوانەوە ئەگەر تێڕوانینی خێزان نەرێنی بێت بەهەمانشێوە کاریگەری خۆی بەسەر کەسایەتی تاکدا دەبێت.

ث- **تاقیکردنەوەی کۆمەلایەتی و ئەزموونی پێشوو:**

بەشێزوەیەکی گشتی ئەزموونی پێشووی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی سرووشتی باشی بەسەر رەفتاری تاک و ئاراستەکانیاندەبێت،لەکاتی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا، بەشێوەیەک ئەوکەسانەی پێشتر ئەزموون و تاقیکردنەوەی سەرکەوتوویان هەبووبێ، دەبێتە پاشخانێکی باش بۆ ئەوانەی دیکەی دوای خۆیان.

ج- **کێبرکێکردن لەسەر سەرکردایەتی و دروستبوونی بۆشایی**

هەڵبەت هەموو کۆمەڵەیەک کێبرکێی وەرگرتنی ناوەندێکی سەرکردایەتیکردنی نێوان تاکەکانی تێدایە، ئەگەر کێبرکێکان بەشێوەیەک مامناوەندی بن سوودی خۆی دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتوو کێبرکێکان بەشێوەیەکی توند بەڕێوە بچن، ململانێ دروستدەکات و لەم دۆخەشدا بۆشایی دابەشبوون دروستدەبێت و لە ئەنجامیشدا قەوارەی کۆمەڵەکە دەرووخێت.

- **چەند هۆکارێکی دیکە کە هێزی پێوەرەکانی کۆمەڵ دیاریدەکات**

چەند هۆکارێک هەن تاک دەخەنە ژێر باری ملکەچبوون و پابەندبوون بە پێوەرەکانی کۆمەڵ و کاردەکات لەپێناو یەکخستنی رەفتاری ئەندامانی کۆمەڵەو بیروبۆچوونیان.

أ- **راکێشانی کۆمەڵ:** رەنگە سەرچاوەی راکێشانی کۆمەڵ بریتی بێت لە ئامانجەکانی یان چالاکییەکانی یان خودی ئەندامانی کۆمەڵ، یان ئەو رۆڵەی لەناو کۆمەڵەکەدا دەگێڕدرێت.

به بۆچوونی (فستنجر) هەرکاتێک پابەندبوون بە کۆمەڵ زیادی کرد، ئەوەندەش کۆمەڵ دەتوانێت پەوەرەکانی خۆی بەسەر ئەندامانذا بسەپێنێت.

ب- **رای گشتی**

پەیوەندی گونجاوی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ، هەل و دەرفەت لەبەردەم بەگەڕکەوتنی پێوەرەکانی کۆمەڵ دەڕەخسێنێت و وادەکات ئەم پێوەرانە زیاتر بناسرێت.

کۆمەڵە بچووکەکان ، هەلی گەورەتریان لە کۆمەڵە گەورەکان بۆ دەڕەخسێ بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان رێزگرتن لە بۆچوونەکانیان.

ت- **کاریگەری زۆرینەی کۆمەڵ:**

هەمیشە زۆرینە کاریگەری زۆری دەبێت، بەتایبەت کاتێک کارلێکەکە رووبەڕوو دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات کاریگەری بەسەر ئاراستەی کەمینەی ئەندامانەوە هەبێت،توژینەوەکانیش دەریانخستووە کە مەیلی ئەندامان بۆ گۆڕینی بۆچوونەکانیان پەیوەستە بە بۆچوونی زۆرینە:

ث- **مامەڵەی ئەوانەی لە رێڕەوی پێوەرەکانی کۆمەڵ دەردەچن:**

کاتێک ئەندامێکی کۆمەڵ لە رێڕەوی پێوەرەکانی کۆمەڵ لادەدات، کۆمەڵ هەموو فشارێکی دەخاتە سەر بۆ ئەوەی

راستی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر راست نەبۆوە، ئەوکات کۆمەڵەکە کەسەکە دەردەکات.

ج- **بابەتە گرنگەکان:**

بابەتە گرنگەکانی تایبەت بە ئامانجەکانی کۆمەڵ بەهۆی فشارەوە تاکەکان و ئەندامانی ناچاردەکات هەوڵی بۆبدەن لە بری هەوڵدان بۆ ئەو بابەتانەی کە زۆر گرنگن.

10- **جۆرەکانی دینامێتی**

أ- **بە گوێرەی سەرچاوەی کاریگەرییەوە**

- **دینامێتی ناوخۆیی:** بریتییە لەو هۆکارانەی لەناو خودی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت.
- **دینامێتی دەرەکی:** بریتییە لە جۆراوجۆری هۆکارەکانی ناوخۆیی و ئەو رەگەزانەی کە لە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵەوە هەڵدەقووڵێت.

ب- **بە گوێرەی قۆناخی گەشەکردن**

دینامێتی کۆمەڵەی منداڵان جیاوازە لە دینامێتی کۆمەڵەی هەرزەکاران و گەورەو بەتەمەنەکان، منداڵان جوولەی خێرادەکەن و هەڵچوون و رەفتاری راستەوخۆ دەکەن.

**ت- دینامێتی هەڵوێست:**

ئەم دینامیتە لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دیکە جیاوازە، بەو پێیەی دینامیتی بریتییە لە وەڵامدانەوەی کاریگەرییەکان. بە گشتیش دینامیتی کۆمەڵ بەسەر دوو جۆردا دابەشدەبێت:

1- **دینامێتی ناوخۆیی کۆمەڵ**
2- **دینامیتی دەرەکی کۆمەڵ**

**أ- دینامێتی ناوەخۆی کۆمەڵە:**

ئەو هێزانە چین کە کاریگەری بەسەر دینامێتی ناوەخۆی کۆمەڵەوە دروست دەکەن؟

**1- کەش یاخود دۆخی کۆمەڵە:**

کەش یان دۆخی ناوەخۆی کۆمەڵە هەر یەک لەهەوەس و جۆرە هەستێک لە خۆی دەگرێ کە لە ئەنجامدا درز دەخاتە ناو کۆمەڵەوە،ئەو کۆمەڵانەی کە هەستی خۆشەویستی و دۆستایەتی تێدا بەرقەرارە و رووپۆشی دۆخەکەی کردووە، بێگومان پاڵنەری بەهێزتری تێدایە بۆ کارکردن، لە ئەنجامی ئەوەی هەمووان هەست بە رازیبوون دەکەن، دەبینی ئەنجام و بەرهەمی دڵسۆزانەتر دێتە بوون ,بەم دۆخەش دەگوترێ دۆخی دیموکراسی کە هەل لەبەردەمی تاکەکان دەرەخسێنێ بۆ بەشداریکردن لە چالاکیەکانی کۆمەڵە.

بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر هاتوو دۆخەکە پربوو لە ترسی و گومان و رووبەرووبوونەوەی تاک بە بێڕێزیکردن و سووکایەتیپێکردنی ,هەروەها نەبوونی متمانە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵە لەپێناو ئەنجامدانی کاری دڵسۆزانە،لەم دۆخەشدا خێراتر درز دەکەوێتە ناو کۆمەڵە،چەنکە هەر تاکێکی کۆمەڵەکە بێ گرینگیدان بە ئەرکەکەی کارەکەی ئەنجام دەدات.

2- **بەشداریکردن:**

- بەشداریکردن بریتیە لە کارلێکی عەقڵی و پاڵنەری لە هەڵوێستێکی کۆمەڵەکەی بە شێوەیەک ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵ، یارمەتیدەر دەبێت لەپێناو بەشداریکردنی تاکی کۆمەڵ بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان.
- بەشداری کردنی تاک بە هەردوو شێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەبێت.
- فراوانکردنی بازنەی بەشداریکردنی تاکەکان بڕیارەکان دەوڵەمەندتر دەکات بەشێوەیەک وا دەبێت کە هەر بەشداربوویەک گرینگی زیاتر بە هەڵوێستی کۆمەڵەکەی بدات.
- بەشداریکردن پاڵ بەخەڵکەوە دەنێ بۆ گۆڕانکاری،هاوکات گۆرانکاری پرۆسەیەکی مرۆییەو بنەماکەشی بریتیە لە کارلێکی تاک لەگەڵ ژینگەکەی،بەشدارییپێکردنی دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسی بەشداربوو زیاتر هەست بەخۆی و دەورووبەرەکەی بکات و گەشە بەگیانی بەرپرسارێتی نێوان خۆی و تاکەکانی کۆمەڵەکەی بدات، بە گشتی بەشدارییپێکردن بریتیە لەو بنەما تۆکمەیەی کە لە

پشتەوەی خۆیدا ژیانی دیمەکراسیانە لە دایکدەبێ،بەوهۆیەوەش وەڵامی تاک بۆ کۆمەڵەکەی زیاتر دەبێ.

3- **ڕێوشوێنی کۆنترۆڵکردن(یاساکانی کۆمەڵە)**:

- مەبەست لە ڕێوشوێنیەکانی کۆنترۆڵکردن بریتیە لەو میکانیزمانەی کە کۆمەڵەیەک دەگرێتە بەر بەمەبەستی پاڵنان و هاندانی تاکەکانی لە پێناو پاپەندبوون بە پێوەرەکانی و بنەماکانی.
- هەندێک لە کۆمەڵەکان پشت بە هاندان و پاداشت دەبەستن،لەو کاتەی هەندێکی دیکە لەو کۆمەڵانە پشت بە سزا دەبەستن، بۆیە ناسینی ڕێوشوێنەکانی کۆنترۆڵکردن پێویستەو دەبێ هەبێ.
- پێویستە ڕێوشوێنیەکانی کۆنترۆڵکردن بێ جیاوازیکردن بەسەر تەواوی ئەندامانی کۆمەڵەکە وەکو یەک جێبەجێ بکرێ.
- دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکرێ لەهیچ کۆمەڵەیەکدا تەواوی پێوەرەکان وەکو خۆی حێبەجێ ناکرێت.
- هەموو کۆمەڵەیەک دوو جۆر سزای فەرمی و نافەرمی تێدایە کە بەسەر ئەندامانی کۆمەڵەکەیدا دەیسەپێنێ.
- پلەی کۆنترۆڵکردنی تاک و ئەندامانی کۆمەڵە پەیوەستە بە زانیاری ئەندام و تاکەکانی کۆمەڵە لەسەر کۆمەڵەکەیان و مەودای قەبوڵکردنی (بە شێوەیەک هەر چەندی کۆمەڵەکە گرنگبێ، بۆ ئەو ئەوکات ڕێوشوێنەکان بۆ ئەو ئەوەندە گەورەن).
- ڕەنگە هۆکاری سەرپێچی و لادانی تاکێک لە پێوەرەکان کۆمەڵەکەی بۆ ئەوە بگەرێتەوە کە ئەو تاکە سەر بە کۆمەڵەیەکی

دیکە بێ پێوەرەکان سەرنج راکێشترن لەم کۆمەڵەیە، بۆیە پێوەرەکانی ئەم کۆمەڵەیە  جێبەجێدەکات.

4- **یەکگرتوویی** (**یەکێتی**):

- تاک وا هەست دەکات کە ئەو کۆمەڵەکەیەو کۆمەڵەکەش ئەوە، دەستەکەوتەکانی کۆمەڵ هی ئەوەو شکستەکانیشی شکستی ئەو، یەکێک لەو دروشمانەی کەدەبنە مایەی دروستبوونی یەکگرتوویی و یەکێتی ناو کۆمەڵ بریتیە لە وتنەوەی  وشەی(ئێمە)لە بری وشەی(من).
- پەیوەندیەکی پتەو هەیە لە نێوان یەکێتی و پاپەندبوون لەگەڵ یەکێتی و بەشداریکردن،بەشداریکردن لە چالاکیەکانی کۆمەڵ وا دادەنرێ سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ یەکێتی،زۆربەی جارەکانیش یەکێتی کارلێکی بەهێز دروستدەکات بەهۆی پاڵنەرێکی بەهێزی نێوان تاکەکان.
- هەرچەندی یەکێتی نێوان ئەندامانی کۆمەڵە زیاتربێ،دینامێتی کۆمەڵەکە بەرزتر دەبێتەوە، خێراییەکەشی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکان و بەدیهێنانی گۆڕانکاری گەورەتر دەبێ

5- **رۆڵی ئەندامانی کۆمەڵە**:

- هەموو ئەندامێک لە ناو کۆمەڵە بە گوێرەی توانا و کەسایەتی رۆڵی خۆی پێدەدرێ ,هەندێک رۆڵی سەرکردایەتی وەردەگرن هەندێکی دیکە رۆڵی پشتیوانی و لایەنگری، هەروەها بۆ ئەوەی ئاشنابین بە

ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵ پێویستە ئەو ڕۆڵە بناسین کە ئەندامەکە دەیگێڕێت.

- لە ڕاستیدا تێگەیشتنی ئەندامی کۆمەڵ لەو ڕۆڵەی دەگێڕێ و مەودای هەسپێکردنی بە گرنگی ڕۆلەکەی، پلەو ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەندامەکە دیاریدەکات.
- توێژەران بۆچوونیان وایە دیاریکردنی ڕۆڵی ئەندامان لە میانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی بەرهەم و دەسکەوتی زیاتری کۆمەڵ.

6- **-قەبارەی کۆمەڵ:**

- هەرچەندی قەبارەی کۆمەڵە گەورەتر بێ هەلی بەشداریکردن کەمتر دەبێتەوە، بۆیە زیاد بوونی قەبارەی کۆمەڵ ئەم کەموکووڕیانەی لای خوارەوەی لێ دروستدەبێ:

أ- ڕێکنەکەوتن زیاد دەبێ.

ب- دیاردەی دوژمنکاری و بەربەرەکانی بەرامبەر ئەوانیدیکەی ناو خودی کۆمەڵەکە بە دیاردەکەوێ.

ت--گومان و نیگەرانی لەنێو ئەندامانی کۆمەڵە زیاد دەبێ و هەروەها هەست دەکرێ بە هەڕەشەو بێئومێدبوون.

ث--بەشداری کردن کە دەبێتەوە.

- هەروەها قەبارەی کۆمەڵ چەندایەتی و چۆنایەتی پەیوەندییەکان دیاریدەکات، هەرچەندی قەبارەکەزیاتربێ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئاڵۆزتر دەبن.

- زیاد بوونی قەبارەی کۆمەڵ وا لە کۆمەڵەکە دەکات ڕێوشوێنی نافەرمی ئەنجام بدات.

7- **هەماهەنگی و نا هەماهەنگی:**

- بوونی هەماهەنگی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵ دەبێتە هۆی زیادبوونی چالاکیەکان، هاوکات یارمەتیدەر دەبێ بۆ بەدیهێنانی ڕێککەوتن و گەیشتن بە ڕێککەوتن.
- هەماهەنگی تەواوەتی بە ئەنجام ناگات، ئەگەر هاتوو ئەندامانی کۆمەڵ لەلایەک هەماهەنگ بوون و لەلایەکی دیکە جیاوازیان هەبێ.
- دەبێت ئەو راستیە بزانین کەلە ناو کۆمەڵەیەکدا نا هەماهەنگی هەیە کە ئەمەش کەم و کووڕی نییە.

بەڵام ئەوەی گرینگە تێگەیشتنە لەم جیاوازیانە و چۆنیەتی دەوردانیان بە مەبەستی بەدیهێنانیان ئەو پەری بەرهەمی کۆمەڵە.

- دەرکەوتووە ئەو ئەندامانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر بە یەکەوە کاردەکەن لەگەڵ یەکدی زیاتر هەماهەنگن.

8- **هەڵسەنگاندنی کۆمەڵە:**

- هەڵسەنگاندن هێزێکی ناوخۆی کاریگەرە،کاریگەری ئەرێنی هەیە بۆ ئامانجەکانی کۆمەڵە و پێگە بەردەوامەکەی.
- هەڵسەنگاندن دەبێت پرۆسەیەکی بەردەوامبێت بە هەردوو شێوەی هەستی و نەستی (شعوری و لاشعوری).

- ئەندامانی کۆمەڵە لە کورترین ماوەدا بەشداری دەکەن کاتێک دەبینن کۆمەڵەکەیان کاری هەڵسەنگادن ئەنجام دەدات و گۆرانکاری لەسەر رێرەوی خۆی دەکات.
- باشتروایە کۆمەڵە سیستمێکی فەرمی هەبێ بۆ هەڵسەنگاندن چونکە بەهۆیەوە دەتوانی هەنگاو بە هەنگاو رێرەوی خۆی راست بکاتەوە.
- هەڵسەنگاندنی بەردەوام و رەچاوکردنی ئەنجامەکان وادەکات ئەندامانی کۆمەلە بەردەوام رازی ببن.

**2-دینامێتی دەرەکی کۆمەڵ:**

کۆمەڵ ناتوانێت لە بۆشای کۆمەڵایەتی بژی ، بەڵکو کۆمەڵێک کاریگەری دەرەکی هەیە رەنگدانەوەی بەسەر کارلێک و جوولەی ناوخۆی کۆمەڵدەبێ،ئەم کارگەرییانەش بریتین لە:

1- **کۆمەڵگای لۆکاڵی-المحلی-:**

- هەموو کۆمەڵەیەک خاوەنی پێگەی خۆیەتی لەناو کۆمەڵگەی لۆکاڵی(مەحەلی) کە پێگەی هەر کۆمەڵەیەکیش جیاوازە لە هی ئەویدیکە، بێگومان پێگەی هەر کۆمەڵەیەکیش لەناو کۆمەڵگادا پەیوەستە بە جۆرو چۆنیەتی ئامانجەکانی تێروانینەکانی بۆ بەهاکانی ئەم کۆمەڵگەیە و پێداویستیەکانی.
- رۆڵی کۆمەڵە پەیوەندی بەو پێگەیەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیەتی، یاخود ئەو تێروانینە پێشبینیبەکراوەی کە بۆ کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵە هەیەتی، بۆ نموونە دەبینین دوو کۆمەڵە یاخود زیاتر ململانێی

یەکدی دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن پێگەیەکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵگەدا وەربگرن.

**2- دامەزراوەکانی کۆمەڵگە:**

- کاتێک دامەزراوەکانی کۆمەڵگە سیاسەتێکی گشتی دیاریکراو دادەنێن بە ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندی نیشتمانی لە بەرانبەریشدا کۆمەڵەیەک دێ ئەم سیاسەتە بە تەواوی رەتدەکاتەوە،لەم دۆخەدا ئەم کۆمەڵەیە رووبەرووی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە وپێگەکەشی دووچاری مەترسی دەبێتەوە لەناو کۆمەڵگەدا ,بۆ یە پێویستە گونجان هەبێ لە نێوان بەهاکانی کۆمەلە لەلایەک و دامەزراوە سەرەکیەکان لەلایەکی دیکە.
- بەو پێیەی وا دادەنرێ کۆمەڵە بەشێکی تەواوە لە کۆمەلگەی ناوخۆییدا بەردەوامیش کارلەسەر جوولەو رەفتاری کۆمەڵگە دەکات، بۆیە هەمیشە دەبێ کۆمەڵە لە بەهاو ئاراستەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوە سەرەکیەکان تێبگات.

**3- پەیوەندی ئەندامان بە ئەندامانی کۆمەڵەکانی دیکە:**

- مرۆڤ هەمیشە لەگەل ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەکانی (خێزان ,برادەر ,سەندیکاکان ,یانەو یەکێتییەکان) بەشداریدەکات.
- بەشداریکردنی تاک لەگەڵ هەریەک لەم کۆمەڵانەی پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنی ئەم تاکە بۆ ئەم کۆمەڵانە لەرووی گرنگیان و شیاویی ئامانجەکانیان و مەودای یەکانگیربوونیان لەگەڵ خواست و ئامانجەکانی ئەو.

- هەموو تاکێک ئارەزوو دەکات بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و ڕێز و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی نوێ، بۆیە کاتێک کۆمەڵەیەک دەبینی کە بەشێوەیەکی گەورە ئەم پێداویستیانەی بۆ پردەکاتەوە ئەم تاکە بە شێوێیەکی گەورە ئینتیمای بۆ دەبێ.

## سەرچاوەکان:


1- د.سميح أبو مغلي و د. عبدالحافظ سلامة، علم النفس الاجتماعي،دار اليازوري،عمان، ط1 ، 2002

2- نبيل صالح سفيان، مدخل الى علم النفس الاجتماعي المعاصر،المكتب الجامعي الحديث، الأسكندرية، 2010.

3- د. خليل عبدالرحمن المعايطة،علم النفس الاجتماعي،دار الفكر، عمان، ط2 ، 2007

4- د.محمد الصافي عبدالكريم،علم النفس الاجتماعي،دار الوفاء، الأسكندرية.ط1 ، 2012

5- أ.د. سويم العزي،علم النفس السياسي –قراءة تحليلية نقدية،دار اثراء للنشر والتوزيع،ط1 ، 2010.

6- د.سامي محسن الختانة والدكتورة فاطمة عبدالرحيم النوايسة،علم النفس الاجتماعي،دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع،عمان،ط1 ، 2011.

7- د. فؤاد البهي السيد و الدكتور سعد عبدالرحمن، علم النفس السياسي رؤية معاصرة،القاهرة،دار الفكر العربي،ط1 ، 2006.
8- د.شفيق رضوان، علم النفس الاجتماعي،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع،بيروت،ط2 ، 2008.
9- أ.د. محمد شحاته ربيع،علم النفس الاجتماعي،عمان،دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة،ط1 ، 2011.
10-د. محمود السيد أبو النيل، علم النفس الاجتماعي:عربيا وعالميا، القاهرة، الناشر:مكتبة الأنجلو المصرية، ط1 ، 2009.
11- كامل محمد محمد عويضة،مراجعة:أ.د. محمد رجب البيومي، بيروت،دار الكتب العلمية،ط1 ،1996.
12-روجيه باستيد، السوسيولوجيا والتحليل النفسي،ت: وجيه البعيني، بيروت،دار الحداثة،ط1 ،1988.
13-د. عبدالحميد محمد الهاشمي، المرشد في علم النفس الاجتماعي،دار ومكتبة الهلال، بيروت،2008
14-د.علي عبدالرزاق جبلي، قضايا علم الاجتماع المعاصر، دار النهضة العربية، بيروت، 1984.